# دیـــالـــۆگ

هەڤپەیڤینی

نەریمان عەبدوڵلا خۆشناو

* ناوی کتێب: دیالۆگ

* هەڤپەیڤینی: نەریمان عەبدوڵڵا خۆشناو

* نەخشەسازی : عەبدوڵڵا ڕەحمان

* چاپ: یەکەم

* چاپخانە: چاپخانەی

* تیراژ: دانە

**د.كەمال مەزهەر :**

قبـولێ ناكـەم نـە جـەلال تاڵـەبانی و نـە مەسـعود بـارزانی و نـەهیچ كەسێكی دیكە لە من كوردتر بێ

**عەبدولڕەزاق بیمار:**

شیعری نوێخوازی كوردی لە زمان و كەشوهەوای ڕەسەنی خۆی دوور نەكەوتووەتەوە

**پرۆفیسۆر ئەوڕەحمانی حاجی مارف:**

بە هیممەتی كاك كۆسرەت كوردانە و گوردانە بەشی خوێندنی باڵا لە زانكۆی سلێمانی كرایەوە

**محەمەدی مەلا كەریم:**


لە تاریخی تازەی كورددا شەخسیەتێكی وەكو ( مەلا مستەفا) نییە، بەلامەوە شەخسیەتی یەكەمە بۆكورد

# ناوەرۆك


د. کەمال مەزهەر ........................................٥
د. کەمال مەزهەر ........................................١٦
عەبدولڕەزاق بیمار ........................................٢٦
عەبدولڕەزاق بیمار ........................................٥٤
د.ئەوڕەحمانی حاجیمارف........................................٦٥
د.عادل گەرمیانی ........................................٨٣
د.عادل گەرمیانی ........................................٩٢
محەمەد مەلا کەریم ........................................٩٧
شاهۆ گۆران ........................................١٠٥
ئەحمەد زەردەشت ........................................١١٩

**د.کەمال مەزهەر :**

# قبوڵ ناکەم نە جـەلال تاڵەبانی و نە مەسـعود بـــارزانی و نـــەهیچ کەسێکی دیکـە لـە مـن کوردتر بێت



**پرۆفیسۆر د . کەمال مەزهەر خاوەنی چەندین لێکۆڵینەوەو پەرتووکە لە بواری مێژوودا ، لەدوو دانیشتندا لە بەغدا ئەو چەند پرسیارەمان ئاراستە کرد .**

***چۆن دەڕوانیتە گرنگی بوونی مێژووی کورد لە پرۆگرامەکانی وانەی مێژوو لە قۆناغەکانی خوێندن لە عێراق ؟**

– ئەوە کارێکی پێویستە ، گەلێك جار وتوومەو دەیلێمەوە کە قوتابی عێراقی پێویستی بەوە هەیە کە ئاگاداری مێژووی وڵاتانی عەرەبی و ئەوروپایی و ، گەلێك زیاتر ئاگاداری مێژووی کورد بێ ، چونکە پێوەندی بە چارەنووسی وڵاتەکەوە هەیە و پەیوەندی بە هاوخەباتی کوردو عەرەبەوە هەیە، لەبەرئەوە کارێکی زۆر زۆر پێویستە.

***بەبڕوای تۆ نەگەڕانەوەی کەرکوك بۆسەر سنووری ئیدارەی حکومەتی کوردستان مانای چی دەگەیەنێ ؟**

– گەڕانەوە نا ، شێوازی پرسیارەکەت دروست نییە، ڕاسترە بلێین دان بەوە دابنرێ کە کەرکوك شارێکی کوردستانییە، چونکە تا ئێستا دان بەوە نەنراوە کە کەرکوك بەشێکە لە کوردستان ، کێشەکە لەوە دایە. شەڕی ساڵی ١٩٧٥ ی شۆرشی ئەیلول کە دەستی پێکرد، دوای ڕێککەوتننامەی یازدەی ئاداری ( ١٩٧٠ ـ ١٩٧٤ ) شەڕ وەستا، لەسەر کەرکوك دیسان شەڕەکە هەڵگیرساوە، کاتی خۆی ( سەددام حوسێن ) بەوە قایل بوو کە بەشی ڕۆژهەلاتی کەرکوك بەشی

ئەوبەری روباری خاسە لەگەل ناوچەی قەرەهەنجیر و چەمچەمال و ئەوانی دیکە بدرێ بەکوردستان، بەشەکەی دیکە بخرێتە سەر دەسەلآتی ناوەندی ، کەچی ئێستا عەرەبەکان زۆریان هەیە تەنانەت بەوەش رازی نین ،بەلّکو کەمتر لەسەددام حوسێن ئامادەن لەداننان ، لەکاتێکدا چارەسەرکردنی کورد بەندە بەدەست نیشانکردنی چارەنووسی کەرکوك و دەوروبەری هەتا نەتەوەی گەورە کراوەبێ ئەوا دەبی بە هۆکاری بەهێزکردنی یەکێتی نیشتمانی و نزیك خستنەوەی نەتەوە بچوکەکانی یان بلێن نەتەوەی دووەم کە نەتەوەی کوردەلە نەتەوەی عەرەب،بەلاّم هەتا ئەوان توندڕەو بن لەو بوارەدا هەلبەت هەستی جیابونەوە خوازی لەناو کوردا بەهێز دەبی ، بەداخەوە ئەوان قەت بیر لەوە ناکەنەوە .

*** لەکاتێکدا شەقامی کوردی خوازیاری سەربەخۆییە، کەچی سەرکردایەتی کورد لەوە بێدەنگە ، بەڕای جەنابت لەئایندەدا مێژوو چۆن سەیری ئەم هەلوێستەی سەرکردایەتی دەکات ؟**

– بەلای منەوە سەرکردایەتی کورد بەراستی سەرکردایەتییەکی دەستکردی مێژووە، لەکۆری خەباتدا دروست بووە، زۆر ئاسانە پیاو دوور بێ لە کێشەکان وروشمی گەورە گەورە هەلبژێری و هاوار بکات ، تۆ لەکۆڕی خەباتدابی ، ئەو وەختە هەست دەکەی کە ئەو ئەرکە چەند گرانە، سەرکردە نابێت کارێکی ئەوتۆ بکات کە کۆمەلآنی خەلّك دووچاری کێشەی گەورەی بکات، کە دوایی نەگبەتی و نەهامەتیان بۆ بێنی هیچ باوەڕ ناکەم کە هەردوو سەرکردە گەورەکە تالّەبانی و بارزانی بەقەد جەنابت حەودالی سەربەخۆیی کوردستان نەبن ، هیچ کوردێکی دلّسۆز و شەریف نییە بیر لە سەربەخۆیی کوردستان نەکاتەوە، بەلاّم چەند دەتوانێ جێ بەجێکەی ، دوژمنانی کورد

هێــــشتا زۆر بـــــە دەســــەڵاتن ، زۆر بــــەهێزن ، دەتـــــوانن ئـــــەو تاقیکردنەوانەی کەوا هەتاکو ئێستا جێبـەجێ بـووە لـەناوی بـەرن ، هەتاکو ئێستا دووچاری کێشەی گەورەین ئیمە شـتی گـەوورەمان بـۆ جێبەجێ بووە، ئێمە هاتبووینە سەر نەمان ئێستا ئیمـە ژمارەیـەکین لـە ڕۆژهـەلاتی نزیـك و ناوەڕاسـت و هـەموو لایـەك حـسێب بـۆ کـورد دەکـات یـەکێکی وەکـو (مەسـعود بـارزانی ) زۆر بەڕاشـکاوی دەلێـت کـەرکووك شـارێکی کوردسـتانییە، ئەمـە ڕۆژگارێکـە خـەونمان پێـوە دەبینی ، مەلا مستەفا بارزانی لە هیچ ڕابەرێکی تر کەمتر نییە، بەڵام لە ڕۆژگاری خۆیدا بواری ئـەوتۆی نـەبووە، کـە بـەو ڕادەی قـسەی وا بکات، ناچار بوو گەلێ لەوانیدیکـە زیـاتر دبلۆماسـیانە باسـی دەکـرد، حــەزەری دەکرد،بــەڵام مەســعود بــارزانی گۆشــکراوی قوتابخانــەی مەلامستەفا بارزانییە نالێم مەلا مستەفا بارزانی کەموکوڕی نییە، مام جـەلال و کـاك مەسـعود یـان لیـنین کـەموکوڕی نییـە کـەس نییـە، کەموکوڕی نەبێ ، بەڵام ئەرکی ڕابەرانی کـورد یـەکجار سـەختە، مـن دڵنیام لەوەی کە یارییەکە دەزانـن و هـەر هـۆی دەرەکـی نییـە کـەوا ئێمە گەیشتووینەتە ئـەم ڕۆژەی ئێـستامان، هۆیـنـاوەکی زۆر دەوری باڵـای بینیـوە کـە فۆتبـۆلێن دەکرێـت کـابرا کـە خـۆی لـەدەرەوە دانیشتووە و لە ناو ساحەی یاریەکـە نییـە و تەقـسیم هـەزاری یـاری کەرەکان نـازانی، لـەوێ هـاوار دەکـات و تـەعلیق داوێ ، بـەڵام وەرە کارەکە بدەرە دەست ئەو کابرایە چیمان بۆ دەکات .

*** بەڵام دوای ساڵی ١٩٩١ تا ڕادەیەك کورد سەربەخۆ و ئازاد بوو؟**

ـ کاکە ئەوە سـەربەخۆیی پـێ نـاوترێ ، سـەربەخۆیی تـەواو نـەبوو، داخی گرانم جوگرافیای کوردستان کارێکی ئەوتۆی کردووە، کـەوا لـە هەموو لایەکـەوە گـەمارۆ دراوە ، دەزانـی سـوریا ، ئێـران ، تورکیـا ،

ئەوسا چیان دەکرد ،هەروات ئەکرد کۆدەبوونەوە بۆ ئەوەی ئەوتاقیکردنەوە لەناو بەرن ، بەلاّم سەرکردایەتی کورد بە نەرم و نیانی کاری دەکردو کارێکی وەهای کرد کەئەم تاقیکردنەوەمان نەدۆڕێ ، جگە لەوە هۆکاری دەرەکی و هەڵەکانی سەددام یەك جار گەورەبوون ، ئەوانە یارمەتیان داین، کە تا ڕادەیەك سەربەخۆ بووین ، کورد لە هیچ نەتەوەیەك کەمتر نییە لە دونیا ، کورد هەقی خۆیەتی دەوڵەتی هەبێت و من گەشبینم بۆ دوارۆژ.

*** کورد لە سەردەمی دوو جەمسەری هیچی بەدەست نەهێنا، بەڕای تۆ ئێستا لەسەردەمی جیهانگەرایی و تاك جەمسەری مافەکانی زامن دەکات ؟**

– کورد لەسەردەمی دووجەمسەریدا کە با بلێین سۆسیالیستیەکان بەسەرۆکایەتی یەکێتی سۆڤیەت و وڵاتە سەرمایەدارەکان بەسەرۆکایەتی ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا ، لەوکاتە باری کورد ئێجگار سەخت بوو، چونکە جوگرافیای کوردستان کارێکی وایکردبوو کە هەردوو جەمسەرەکە حیسابێك بۆ سێ نەتەوەی گەورەی ناوچەکە بکەن ( عەرەب ، فارس ،تورك ) ، چونکە کوردەکە دەوڵەتی نەبوو، ئەمان هەرسێکیان دەولەتیان هەبووە هەردوو جەمسەرەکە شتیان بۆ ئەم دەوڵەتانە دەکرد و زۆر بە دەگمەن ئەگەر لەسەر کورد هەولیشیان بدایە بۆ ئەوە بوو کە لەبواری خەباتی خۆیاندا دژی جەمسەرەکەی دیکە کەلکێك لەو هەلوێستە وەرگرن ، بابلێن لەدوای کودەتای ١٩٦٣ سۆڤیتەکان کارێکی وایان کرد بەشێوازێك لەشێوازەکان مەسەلەی کورد بگەیێنن بە کۆمەلەی نەتەوە یەکگرتوەکان ، بەلاّم هەر ئەوەندەت زانی مەسەلەکە کپ بووەوە ، ئێستا یەك جەمسەرەکە بۆ کورد زۆر زۆر باشترە . لە

بـەختی کـورد ، نـەئێران نـە وڵاتـە عەرەبیـەکان ، نەتورکـەکان ئـەو بایەخە ستراتیجیەیان نەما بەنسبەت ولآتە رۆژئاواییەکان ، بۆیـە لـەو بڕوایــەدام ئەگــەر یــەکێتی ســۆڤیەت بمابوایــە هــەرگیز ویلایەتــە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا نەیدەتوانی ئەو حیمایە دابنێت بۆ کورد .

*** تۆ هەمیشە ئاماژە بۆ دووپات بوونەوەی مێژوو دەکـەیت ، باشـە ئاخۆ پێشبینی دووبارەبوونەوەی ئـەو شـەڕە ناوخۆییـەی کـە کـورد دوای هەلبژاردنی ١٩٩٢ بەسەری هات ، دەکەی .**

– هـەموو زانـستێك خـۆی دووپـات دەکاتـەوە ، مێـژووش زانـستە ، ئــەوەی کەمێــژووش دروســت دەکــات بریتییــە لــە مــرۆڤ ، مــرۆڤیش هەستی هەیە ، بۆیە مومکین نییە مێژوو بەشێوازێکی ئالی وەك زانست خۆی دووپات بکاتەوە ، بەو جـۆرە خـۆی دووپـات ناکاتـەوە ، بـەڵام ئەگەر لە یەکەم هەلومەرجدا بیهێنیـە پێـشەوە ، ئـەوا خـۆی دووپـات دەکاتەوە ، لە هەموو شوێنێ ئەوە بۆ قوتابیـەکانم ورد دەکەمـەوە و دەڵێم فشار لەهەرشوێنێك هەبێ ، ئەوا دەبێ بتەقێنەوە ، فشار کـات و شوێن نازانی ، ئەو فشارەی کە خرایـە سـەر میللـەتی میـسری بـوو بەهۆی ئەوەی کە شۆڕشی ١٩٥٢ بەرپابێ و ، کاتی فشار کەوتە سەر میللــەتی عــیراق ، دەبیــنین لــە ١٩٥٨شۆڕشــێکی وەکــو ئــەوەی ســاڵی١٩٥٢ی میـسر دووپـات بـووەوە ،مەبەسـتم لـە دووپاتبوونـەوە ئەوەیە . مێژوو هەرگیز لەوانەخۆش نابـێ کـەبێن بـەهۆی شـەڕی بـرا کوژی ، لە کوردستان ئێجگار ناوێکی لـەباریان بـۆ شـەڕی بـرا کـوژی دۆزییەوە(شەڕی خۆکوژی) ، ئەوە شـەڕی خـۆ کوژییـەو مێـژوو قـەت لەوانـە خـۆش نابـێ ، چـونکە هـەموو میللـەتان ئـەوەیان دەوێ کـە جارێکی دی شەڕی خۆکوژی دووپات بێتەوە، تەنانەت ئەوانەی پـێش رووخانی رژێمی (سەددام حوسـێن) دۆسـتی کوردبـوون ، بـڕوا بکـەن

ڕەنگ بێئێستا ئەوانە بە قەدەر (سەددام حوسێن ) حەز بکەن شەڕی خۆ کوژی لە کوردستاندا دووپات بێتەوە .

*** هەندێ کەس وای بۆدەچن کە وتارەکانت بیروڕای عێراقچیانەی بەسەردا زاڵە ، لەوەی کە کوردستانیانە بێت ؟**

– یەکەم وەلاّم و لە هەموو جێیەك دەیلێمەوە کە قەت (کەمال مەزهەر) قبولّ ناکات هیچ کەسێ لەو کوردتربێت ، قەت کەمال مەزهەر قبولّ ناکات نە(جەلال تالّەبانی) و نە (مەسعود بارزانی) نەتۆ و نە ئەو کەسانەی وابیردەکەنەوە ، نەگشت کەسێ لەو دنیایە لە کەمال مەزهەر کوردتر بێت ، کەمال مەزهەر بۆ کورد و کوردایەتی دەچی و بۆ کورد خەریکە ، گەلێ جار بۆ کورد خەریك بوو گیانم لەدەست بدەم ، بۆیە دووپاتی دەکەمەوە کەس نییە بەقەد کەمال مەزهەر خەون بەسەربەخۆیی کوردستانەوە ببینێ ، بەلاّم من بەشێوەیەکی زانستی و زانستیانە سەیری مێژووی کورد دەکەم ، بۆیە ڕۆلێکی ئەوتۆم بینیوە کەگەلێ کەس بەخەبەر بێنم بەرامبەر بەکورد و مێژووی نەتەوەی کورد . زۆر پێمخۆشە کە عەرەبی وا هەیە خۆی پێم دەلێ یان نامەم بۆ دەنێرێ یان بەنووسین دەڵێ کە کارێکی ئەوتۆت کردووە کەمن بەخەبەر بێم و بەشێوازێکی دیکەسەیری کێشەی کورد بکەم ، ئێمەش کاکە پێویستیمان نییە بەلووت بەرزییەوەسەیری ئەو شتانە بکەین ،ئێمە پێویستیمان بەهەموو تنۆکەئاوێکە بۆدامرکاندنەوەی ئەو ئاگرەی کە هەڕەشە لە بوون و دوا ڕۆژمان دەکات ... بۆیە ئێمە نابێ بەشێوەیەکی نا دروست ڕەنجی خەڵکی دیکە هەڵسەنگێنین ، بەڵام ئەوەی کەمن بووم بەهۆی سەرنجی بگۆڕێ بەرامبەر بە نەتەوەی کورد، گەلێ زانای ئەرمەن و رووسەکان نامەیانم هەیە یان لە کۆبونەوەی گشتیدا وتویانە یان لە

ڕێگەی بـرادەرێکم بـەناوی (هەمبـەر سـۆم) کـە ئەرمەنییـە و کـوردی خۆش دەوێ و دەزانن کەپەیوەندی لەگەڵ من زۆر بەهێزە ، نامەی بۆ دەنێـرن و باسـی ئـەوە دەکـەن کـە ئەوانـە ئێـستا بەشـێوازێکی زۆر دڵسۆزانە لەسەر کورد دەنووسن و داوای زانیاری و ڕۆژنامە و کتێب و ئەو شتانەم لێدەکەن ، بۆ ئەوەی هەوڵبدەن زیـاتر کێـشەی کـورد لـە لوبنان و وڵاتانی ڕۆژئاوا بێتە ئاراوە .

*** دەلـێن گوایـە کـاتی خـۆی دەرسـت بـە پەیمانگـەی پێگەیانـدنی ئیستخبارەتەکانی رژێم وتۆتەوە ، لەبەرچی ؟**

– زۆر زۆر پـێم خۆشـە کـە ئـەو پرسـیارەم لێدەکـەی و دەڵـێم ئـەو کەسەی ئەو قسەیەی فەرمووە بۆ خۆی وتویەتی ، وێڕای ئەوە دەڵێم خۆزگە داوای ئەوەم لێ بکرابایە وانەم بـۆ وتوبانایـە لـە ئیـستخباراتی عێراقی ، چونکە من یەك شێواز دەرس دەزانم ، دەرسەکەم هـەمووی بریتییـە لـە دەرسـێکی زانـستی پـڕ لـە نیـشتمانپەروەریەتی قـووڵ و هـەرگیز لـەوە لام نـەداوەوە و ئـەوان زۆر بـاش زانیویانـە کـە دەرس وتنەوەی من بۆ ئەوان دەست نـادات ، بۆیـە ڕێگـەیان نـەداوم ، بـەڵێ چەند جارێك لە (زانکۆی بەکر) کە دەزگایەکی زۆر ڕێـك و پێـك بـوو ، ئەو دەزگایە چەند جارێك داوای موحازەرەیان لێکردم لەسەر مێژووی ئێـران ، تورکیـا ، لەسـەر چـەند لایـەنێکی مێـژوویی عێـراق ، لەسـەر مێژووی وڵاتی شـورەوی و ئـەوروپا ، مـن چـووم لـەوێ بەدڵنیاییـەوە موحازەرەیخۆم وتۆتەوە، شتی وام وتۆتەوە ئەگەر (کەمال مەزهـەر) نەبوایە و خـەڵکی دیکـە بوایـە، ڕەنـگ بـێ لێیـان قبـوڵ نەکردبابـە . (جامیعەی بەکر) بریتـی بـوو لەشـوێنی ئـەو ئەفـسەرە گەورانـەی کـە ڕژێمی سەددام لێیان ڕازی نەبوو یان لێیان دوو دڵ بـوو و ، بەشـێکی زۆریان لە شیعەکان بوون ، دەیاننـاردنـە (زانکـۆی بـەکر) واتـە جـۆرە

دوورخستنەوەیەك بوو ، چونکە دەیانویست لە قەتەعاتی فەعال دووریان بخەنەوە ، دەیاننارد نە ئەوێ و دوو سێ ساڵ خەریکیان دەکردن ،پاشان بەشێکی زۆریان تەقاویت دەکردن یان دووریان دەخستنەوە . هەندێك لەوانەی لەو زانکۆیە بوون ئێستا ڕۆلیان هەیە لەوانە (عەلی حوسێن ئەحمەد) کە عەمید بوو لەوێ و ئێستا یەکێکە لە ڕابەرەکانی لەشکری حکومەتی نوێ ، تەنانەت ماوەیەك لەمەو بەر هەوڵی تیرۆرکردنی درا ، ئەو دەزانێ کە چۆن من لەوێ موحازەرەم وتۆتەوەو موعجەب بوونە ، چۆن کەلکیان لەو موحازەراتانە وەرگرتووە ، لەماوەی (١٥) ساڵ کەموحازەرەم

ئەوتەوە بەرامبەر بەو موحازەرەتانە پارەیان بۆ دەناردم ، بێزم نەدەهات فلوسێك وەرگرم لەو پارانە و کەڕەتێ بەو (عەلی حوسێن)م وت من ئامادەم کە پارەیان بدەمێ کەڕێم دەدەن موحازەرەی وا بلێمەوە و ئێوە تەحەمولی ئەو قسانەی من دەکەن .... ئەو( عەلی حوسێن )ە زۆر خۆی بەقەرزباری میللەتی کورد دەزانێ ، چونکە دووجار لە فڕۆکە کەوتووتە خوارەوە ، دوو کورد یاریدەیان داوە ، بۆیە حەز دەکەم تۆ دیدەنی لەگەڵ (عەلی حوسێن) بکەیت ،بۆئەوەیخوێنەواران و ئەوانەی (میدیا) دەخوێننەوە ئاگادارییان لەبیرو بۆچوونی هەبێ

*** بەڕای تۆ گەڕانەوەی بەعسیەکان بۆ نێو دامودەزگای دەوڵەت نابێتە هۆی تێکدانی باری وڵات ؟**

– دەبێ پیاو بە دووربینی و بە وردی سەیری حزبی بەعس بکات ، من نالێم حیزبی بەعس حیزبێکی باش بوو ، چونکە لەگەڵ کورددا زۆر زۆر خراپ بوو ، نەتەوە پەرستانی توندڕەوی عەرەب لەدەوری حیزبی بەعس کۆببوونەوە ، بەڵام لەهەمان کاتدا هەر لەناو بەعسدا

هی وا هەبوو زۆر کەس بە ناچاری چوو بووە نێو ڕێزی ئـەو حزبـەوەو زۆریان هەبوو ئەگەر بڕوای بەیەکی بوایـە هێنـدە داخ لـەدڵ بـوون لـە ڕژێمی رابردوو ، داخی خۆیان هەڵدەڕشـت ، بـەڵام هیـچیان نـەدەکرد ئەو ( عەلی حوسێن)ە ئەگەر پێی بکرابایە ئینقلابی دەکرد ، کابرایێك بوو کۆمەڵێ نەجمەی بەشانەوە بوو ، بەڵام هیچی بەدەستەوە نەبوو ، نەیدەتوانی دوو عەسکەر بجولێنێ، یان ( د . تاهر بكاء ) مـن دەزانم کە چەند دڵسۆزەو چەند کوردی خۆش دەوێت ، هـەر لەسـالی یەکـەم کە وەزیری تەعلیم عالی بوو ئەوەندە قوتابیەی بۆ ماجـستێرو دکتـۆرا وەرگرت بەبێ پەروا ، خۆشەویستەکەی بـۆ کـورد بەڕاسـتی سـنوری نییە. قسەیەکت بۆ بگێڕمەوە ، ڕۆژێکیان پێش ئەوەی ڕژێـم بڕووخـێ لـە (دەزگـای ڕۆشـنبیری کـوردی) بەبۆنـەی یـادی ڕۆژنامەنووسـی کوردییەوە کۆڕێکیان بـۆ مامۆسـتا(محەممـەدی مـەلا کـەریم)بەسـت ، کۆڕێك بێت بـە یـادی ڕۆژنامەنووسـی کـوردی بـی و مـن بـانگ بکـرێم ،دەچم بەتایبەتی کەیەکێکی وەکو مامۆستا (محەممەدی مەلا کەریم) قـسەبکات ، لـەوێ دوای ئـەوەی وتـارێکی ڕێـك و پێکـی لەسـەر ڕۆژنامەگـەری کـوردی خوێنـدەوە ، یـەکێك لـە تونـدڕەوە کوردەکـان دەستی هەڵبڕی و دەستی کرد بەقسە کـردن ، وتـی ئـەو کـۆڕەی تـۆ هـیچ مانایـەکی تیانـەبوو، لەبـەر ئـەوەی نـاوی (سـەددام حوسـێن)ت نەهێنا و بەشێوازێکی ئەوتۆ وتـی ، تاڕادەیـەك مامۆسـتا محەممـەدی مەلا کەریم شلەژا .. من داوای قـسەکردنم کـرد کـە هەسـتام ، زۆر بـە شـان و بـاڵی مامۆسـتا (محەممـەدی مـەلا کـەریم)م هەڵـدا و وتم بـەو نەخۆشی و بەگۆچانەوەو بەو تەمەنەوە دێت کۆڕ ببەستێ ، ئەو قـسە ڕێکوپێکانـە بکـات ، ئێمـە دەبـێ بەئەوپـەڕی شـانازییەوە هـەڵی سەنگێنین ، لـەو بـاوەڕەدام ئەگـەر (سـەددام حوسـێن) لێـرە بووایـە

چـــەپلەی بـــۆ لێـــدەدا ، چـــونکە بـــۆ دەبـــێ لـــەم کاتـــەیا نـــاوی (سەددام)بهێنرێ ، وەڵلاهـی بیرمـە یـەکێ لـەو برادەرانـە نـاوم لـەبیر چووە لەهۆلەکەدا بوو ، وتی ئافـەرم وەڵلاهـی (گـووت دەرخـواردا). ئەو دەلێن ئەو کابرایە ئێستا پەشیمان بۆتەوە و چۆتەوە کوردسـتان و لەوێ داڵدەیان داوە و تەنانەت مووچەشیان بـۆ بڕیوەتـەوە ئـەوەی ڕێزلێنانی نووسەران و مانگێ (٣٠٠,٠٠٠)هەزار دیناری دەدەنێ.

* ئەم دیدارە لە ڕۆژنامەی (میدیا ) ، ژمارە(١٨٤)ی ڕۆژی سێ شەممە ٢٠٠٥/٣/٢٩ ،ل ٧ بڵاوکراوەتەوە .

**د. کەمال مەزهەر :**

## بۆ ئەندامێتی ئەنجوومەنی حوکم و لیستی کوردستانی داوایانلێکردم بەڵام داوای لێبوردنم لێکردن

* ڕۆژهەلاتناسەکان تاچەند خزمەتی مێژووی کوردیان کردووە ؟

– زۆر کەس بەتایبەتی برایانی عەرەب زۆر دژی ڕۆژهەلاتناسەکان وەستاون، بەوەی کە ئەوان (ڕۆژهەلاتناسەکان ) زەرەریان هەیە بۆ مێژوی عەرەب و مێژووی ئیسلام ، لە کاتێکدا ئەوە وانییە ، ڕاستە لە سەرەتای سەرەتا دوای ئەوەی لەشەڕی خاچپەرستان جیهانی گاوران کەوتن و حەرەکەی خاچپەرستیان سەری نەگرت ، دوای ئەوە ویستیان لەریچکەی عیلمیەوە لەرێگەی دراساتی ڕۆژهەلاتییەوە زەفەر بەعالەمی ئیسلامی بگەیێنن ، لەسەرەتادا دامەزراندنەکە ئاوها بوو ، بەلام لەدواییدا ڕۆژهەلاتناسی بوو بەزانستێکی سەربەخۆیی و ڕێك و پێك و ، ئەوانەی کە بوون بە ڕۆهەلاتناس هەموویان پیاوی تێگەیشتوو پیاوی شارەزا بوون ، ئەوان ئەو کەسانە بوون کە لەڕێزی پێشەوە دەستە بژێر (نوخبەی)ی ولاتانی خۆیان بوون ، ئەوانە مومکین نییە وەك زانا تەعامووڵ لەگەڵ ڕووداوەکان نەکەن ، بۆیە خزمەتی ئێجگار گەورەیان کرد ، هی وایان هەیە ، ئەسڵەن زۆر شت هەیە مێژووی عەرەب و ئیسلام خۆیان نەیاندەزانی گەر ڕۆژهەلاتناسەکان نەیان نوسیبوویایە ، یان بابلێین پیتی هیرۆغلۆفی و بزماری و مێخی ، هەمووی ڕۆژهەلاتناسەکان بۆیان حەڵ کردن و توانیان بزانن شارستانی ئەو ولآتانە چین.......... بەلای منەوە ڕۆژهەلاتناسەکان خزمەتێکی باشی کورد ناسی و مێژووی کوردیان

کردووه ، هەرچەندە وەکو مێژووی عەرەب و ئیسلام پێوەی خەریك نەبوونە ، بەڵام ئەوانەی کە خەریك بوون (لێرخ و مینۆرسکی) بەڕاستی خزمەتێکی باشی زمانی کوردی و مێژووی کوردیان کردووە.

*** هەندێ کەس پێیانوایە کە کورد هێشتا لە دەرەوەی مێژوو بێ ، تۆ ڕات چییە ؟**

– هیچ گرنگ نییە لە دەرەوەی مێژوو بێ ، ئەمە قسەیەکی میسالییە ، هەموو گەلێك لەناو جەرگەی مێژوو دایە و ، هیچ گەلێك ناتوانێ دوور بێ لە مێژوو ، کوردیش ئەگەر ئەو هەموو بارو دۆخەی بۆ هەڵکەوتبایە کە بۆ زۆر لە میللەتی دراوسێ هەڵکەوتووە، هەڵبەت دەیتوانی ڕۆلی گەورەتر ببینێ لە مێژوو ، ئینجا لەگەڵ ئەوەشدا ڕۆلی کورد لەمێژوودا ڕۆلێکی کەم نییە ، مێژووی شارستانی تا ڕادەیەکی باش قەرزاری شارەزایانی کوردە ، دراوسێکانمان هەموو بەچاوێکی برسیەوە سەیری میللەتی کورد دەکەن ، بەڵام کورد لەکەس کەمتر نییە ، نموونەیەکت بۆ دەهێنم ، دکتۆرێکی بەناوبانگ هەیە وابزانم برازای یان ئامۆزای (نوری تالەبانی)یە ، لێرە لە بەغدا لە کۆلیجی نۆژداری دەیخوێند ، دوایی ڕۆیی بۆ ئینگلتەرا ، ئێستا زانایەکی ئێجگار گەورەیە لەبواری نۆژداری ، ئەگەر لێرە بوایە ، ڕەنگە نەگەیشتبووایە ئەم پلەو قۆناغە، بۆیە کورد لەکەس کەمتر نییە ، کورد درێغی نەکردووە لە خەباتدا ، ئەمەش ناو جەرگەی مێژووە ، کام میللەت هەیە بەقەدەر میللەتی کورد کۆششی کردبێ ، بۆ ئەوەی ئیسپاتی و جودی خۆی بکات ، ئەگەر لە خاریجی مێژوو بووایە ، هەڵبەت ڕۆژمان نەدەگەیشتە ئەو ڕۆژە ، ئەگەر ئەمڕۆمان بەراورد بکەین ، لەچاو (١٠)ساڵ گەلێك باشترە ، بۆیە زولمە ئەگەر بوترێ کورد لەدەرەوەی مێژووە .

*** دوای نەمانی سەددام خەریکە دژایەتی عەرەب بۆ کورد زەقتر دەبێتەوە ، بەتایبەتی لەنێو خەڵکی عەرەبی عێراقدا ، هۆی ئەمە لەچیدا دەبینی ؟**

– حەزناکەم دارشتنی پرسیارەکەت بەم شێوەیە بێ ، کاکە عەرەب دژایەتی نییە لەگەڵ کورد ، دژایەتی هیچ نەتەوەیەك لەگەڵ نەتەوەیەکی تر بەو جۆرە لەئارادا نییە ، بەڵام نەتەوە پەرستانی عەرەب ، کورت بینانی عەرەب ، ئەوانە دژایەتیان هەیە ، ئەوانە زیانیان بۆ نەتەوەکەی خۆیان کەمتر نییە لەزیانیان بۆ نەتەوەی دیکە ، بەعسیەکان و ڕژێمی رابردوو ، زۆر نەتەوەپەرستی توندڕەو بوون و بەهیچ ڕازی نەدەبوون ، بزانە ئەوانە چییان بەسەر عێراق و نەتەوەی عەرەب هێنا ، ئەو نەتەوە پەرستانە دژی کورد و خواستەکانی کورد بوون و ، هەشە هەڵخەلەتاون خەڵکی سادەو ساکارن ، ئێمە دەبێ ڕۆڵی گەورە ببینین ، ئەوانە بهێنینەوە هۆش خۆیان ، ، جگە لەوە ئێستا تۆ بڕۆ ناو بازاڕ کوردەکە ڕێزێکی تایبەتی هەیە، ئێستاش ئەوەی لەموسڵ دەکرێ ، ئەوە دوورە لە مێژوو ، وکاری ئاسایی و پەیوەندی نێوان میللەتان ، هەر لەو موسڵە کەم کەس هەبوو لەناو بازاڕی موسڵ زمانی کوردی نەزانێ ، چونکە پەیوەندییەکی ئەوەندە باش هەبووە من گەشبینم کە ئەو شتانە بەرەو نەمان دەچن ، ئەو عەرەبانەی دەیانبینم زۆر بەپەرۆشەوەن کە پەیوەندی و برایەتییان لەگەڵ کوردا تێك نەچی و ، زۆر بەگەرمی دژایەتی ئەو ئیتجاهە توندڕەوانە دەکەن ، پاش ئەوە زۆریان هەن تێنەگەیشتوون و نازانن کە فیدرالیەت چییە ؟ ئەگەر ئەمە بەرێکو پێکی ڕەچاوبکرێ ، یەکێتی نیشتمانی عێراق بەهێز دەکات ، نەك دووبەرەکی و پارچە بوون ، پاشان ڕابەرانی کورد هەمیشە دەیلێنەوە هەمیشە کە ئەوان

جیاواز بوونەوەخواز نین و راستیشە لەماوەی (١٠) ساڵی ڕابردوو کوردستان نیمچە سەربەخۆ بوو ، خۆیان هاتونەتە کۆڕی خەبات و ئێستا ئەو کاربەدەستە کوردانەی لەڕژێمی تازە کار دەکەن ، دڵسۆزییان بۆ عێراق لەهیچ کەسێ کەمتر نییە . (د.بەرهەم سالح) کێ وەکو ئەوان خزمەتی وڵاتەکە دەکەن ،لەماوەیەکدا کە پڕە لە تەنگوچەڵەمە .

*** دیارە ئەمە دەمانباتەوە نێو پرسیارێکی دیکە کە ئەویش حیواری کوردی و عەرەبییە ، دیارە کورد زۆر بە پەرۆشەوە بۆی دەچێ ، بەڵام عەرەب وانییە ، بۆچی .**

– عەرەب خۆیان بەخاوەنی ئاینی ئیسلام دەزانن ، ئەمە جۆرە غرورێکی دروست کردووە لەلایان ، هەمیشە خۆیان بەحەق دادەنێن ، بەڵام ئێستا زۆر نووسەری عەرەب بەوردی خەریکی ئەوەن ئەمە چارەسەر بکەن ، چونکە دەزانن زەرەری هەیە بۆ خۆیان، رابەرانی عەرەب زۆر جار پەنا دەبەنە بەر کورد و ، ئێستاکە پەنا دەبەنە بەر مام جەلال و کاك مەسعود . کۆلیژی یاسایی ئەهلی ئێستا لەنەجەف کراوەتەوە ، عەمیدەکەی ناوی (د.حیکمەت)ە نامەیەکی زۆر نازداری بۆ مام جەلال ڕەوانە کردووە ، داوا دەکات کە پشتگیری لەکولیەکەی بکات ، جوانترین شیعری رازاوە دەربارەی کوشتاریهەلەبجە و ئەنفال ئەم (د . حیکمەت)ە نووسیویەتی ، هەروەها من بەشدارم لە ڕۆژنامەی (التاخی)و(الاتحاد) زۆربەی زۆری نووسەرەکانیان عەرەبن و شتی باش و رێك و پێك دەنووسن ، زۆربەیان بەئاشکرا دەلێن کوردەکە حەقی ئەوەی هەیە دەولەتی خۆی هەبێ، کە ئەوان مەمنون بن لەگەڵ ئێمەبژین ، ئێمە دەبێخۆمان بەقەرزاری میللەتەکەمان بزانین ، ئەوەی (حسب الله یحیی) لە ڕۆژنامەی (التاخی) دەیکا ،

بڕوابكه پیاو وادەزانێ كـه كـوردە ، كورەكـەی نـاوی ( ئەزەلـە) هـەر خەریكی ئەوەیـە كـە خزمـەتی كـورد بكـات و هـەر كتێبێكـی كـوردی دەربچێ وادەكات كه خوێنەری عەرەبی پێ ئاشنا دەكات ....

*** پێت وانییه ئاراستەی ڕووداوەكان زیاتر بەرەو ئەوەیـە كـە كـورد بەرەو سەربەخۆیی بچێ ؟**

– ڕەنگە دەیان جار ئـەوەم وتبێتـەوە ، ئـەو كەسـە كـورد نییـە كـە خـۆی بەسـەربەخۆیی نەبەسـتێتەوە، بـەلای منـەوە ئـەوە خـەوێكی یەكجار شیرینە ، بـەڵام تائێـستا دوژمنـی بـەكجار گـەورەمان هەیـە ، بۆیـە دەبـێ ئێمـە زۆر بـەوردی كـار بكـەین ، هیـوادارم ئێمـە مانـان فریابكـەوین ببیـنن ئـالآی شـەكاوەی كوردسـتان بـشەكێتەوە، ئێمـە ئێـستا كێـشەی گـەورەی كـەركوك و گـەرمیانمان هەیـە، زۆری بەدەمەوەیە، بەلاَم ڕەوڕەوەی مێژوو هەمیشه لەساڵحی كـورد بـەرەو پێشەوە دەچێ ، ئەوەی ئەمڕۆ لە كوردستانی توركیا مومكینە پـێش پەنجا ساڵ خەونمان پێـوە نـەدەبینی ، وەختـی خـۆی ئێمـە جـەژنی نـەورۆزمان بـەنهێنی دەكـرد ، لـە كوردسـتانی توركیـا نـاوی جـەژنی نـەورۆز نـەبوو ، لەدواییـدا وایلێهـات بـەهۆی خـەباتی گـەلی كـوردو ڕێككەوتنامەی ١١ی ئاداری ١٩٧٠ دان بەجەژنی نـەورۆز نـرا ، ئێـستا جەژنی نەورۆز شتێكی زۆر زۆر ئاساییە ، كـەم كـەس هەیـە بـرادەری عـەرەبی هـەبێ لەجـەژنی نـەورۆزدا جەژنـە پـیرۆزەی لـێ نـەكات ، لەتوركیا گەییە ئەوە كە (تانسۆ چیللەر) بێتە دیار بەكر لەهەڵپەڕكێی كوردی بەسەر ئاگری نەورۆزدا باز بدات ، بۆیە من وای بۆ دەبینم كـە ڕەوڕەوەی مێژوو لەسالحی كوردە و باش دەڕوات ، هیوادارم ئـەوەی كۆمەلانی خەلكی كوردستان خەونی پێوە دەبینێ هـەمووی بێتـە دی و ، خەونی پیاوی زۆرلێكراو خەونێكی پیرۆزە .

*** ئاستی ئێستای خوێندکارانی کورد لە خوێندنی باڵای زانکۆی بەغدا چۆن دەبینیٚ ؟**

– بەڕاستی ئەوە لەهەموو شوێنێك دەیلێم قوتابی ئێمە نموونەی ئەدەبن . نموونەیەکت بۆ دەهێنمەوە، وەختی خۆی هەر مامۆستایەك کە دەچێت بۆ بەشێك دەرس بلێتەوە وەکو (نەفی) وابوو ، بەڵام کە دەچووە بەشی کوردی کە ئەو کات لەکۆلیجی ئاداب بوو . هەموو مامۆستاکان حەزیان دەکرد بچن لەویٚ دەرس بلێنەوە ، چونکە دەیان وت قوتابیە کوردەکان زۆر زۆر ڕەوشتیان بەرزەو زۆر زۆر گویٚ ڕایەڵەن ، زۆ بایەخ بەخوێندن دەدەن ، تاقیکردنەوەی خۆم دڵخۆشکەرە ، بەڵام قوتابی کورد زۆر زوڵمی لێکراوە و زۆرمان دۆڕاندووە ، کەم بواری ئەوە دەدرێن کە بخوێنن ، لەبەر ئەوە پێویستە هەرقوتابیەکی کوردی خوێندنی باڵا زۆر لەهاوەڵەکانی دیکەی دڵسۆزتر بیٚ ، واتە چەند ئەوان ماندووتر بن ، ئەوا دەبیٚ قوتابیانی کورد باشتر و ماندووترو دڵسۆزترین ، بۆیە پێویستە خوێندکارانی کورد زمانی بیانی فێربن و سڵ لەزمانی عەرەبی و فارسی و تورکی نەکەنەوەو ، هەوڵبدەن خۆیان فێر بکەن دڵنیان لەوەی کە هیچ زمانێك ناتوانیٚ زمانی کوردی بتوێنێتەوە ، لەوە تێپەڕیوە، بەڵام زانینی زمانێکی بیانی بەکارێکی زۆر پێویست دەزانم بەنسبەت خوێندکارانی خوێندنی باڵا .

*** وەکو دەزانین ماوەی (١٥) ساڵە وازت لەدەرس وتنەوەی بەکالۆریۆس هێناوە، بەڵام ئێستا دەبینین دەرس بە بەکالۆریۆس دەلێیتەوە لە خانەقین ، هۆی چییە ؟**

– وەللاهی کاکە گیان نەك ١٥ ساڵ بەڵکو ٢٠ ساڵ لێرە لەبەشی مێژوو هەر خوێندنی باڵایان دەدامیٚ و خوێندنی بەکالۆریۆسم

نەدەوتەوە، بەلاّم بۆ خانەقین پێیـان وتم و مـن بـە ئـەرکێکی پـیرۆزم زانـــی و دەرســـیان پێـــدەلێم ، لـــەوێ دوو پـــۆلن ، پۆلێکیـــان هـــی دانیشتوانی کەلارن، کە کوردیەکی زۆر باش دەزانن ، پۆلەکەی تریان هی دانیشتوانی خانەقینن، ئەم خوێندکارانە ٩٠٪ ناوی کـوردی ناسـك و جوانیـان هەیـە زۆر بەپەرۆشـن بـۆ خوێنـدن ، جگـە لـەوە کـەرەتێ مامۆسـتا (مـەلا بـەختیار) دوای لێکـردم کـە موحازەرەیـەك لـەوێ بلێمەوە، بەڕاستی لە موحـازەرەی یەکەمـدا لەگـەلّ ( ئـەو رەحمـانی حـاجی مـارف) چـووم ، مـن چـەند گەشـبین بـووم ئەوەنـدەی تـر گەشبینبووم کە خەلکی خانەقینم بینـی ، بـەلای کەمـەوە ١٠ تـیرەو هۆزی تیایـە، شـیعە و سـونەی تیایـە لەسـەر رۆخـە و نزیـك ناوچـەی غەیرە کوردەکانە کە دەچی بەلای ئەوانەوە بەڕاستی کوردایەتیەکەت لەسەر ڕووی هەموو شتێکەوە دەبێ ، خۆزگـە هـەموو کوردێـك وەکـو کوردەکـانی خانـەقین دەبـوون ، ئەمـە وای لێکـردووم کـە لەهـەموو شـوێنێك باسـی ( خانـەقین) بکـەم ، تەنانـەت کـەرەتێك مامۆسـتا (بەکر پشدەری ) کە وەختی خۆی وەزیر بـوو زۆر برادەرمـە، کاتـێ ئەگەر بمانویستبایە شتێك بکەین سوێندمان دەخوارد ( تو خانەقین ) ئەو شتە بکە ، چونکە ئەوەندە ناوی خانەقینم دەهێنا، من ئەوەنـدە خانەقینم خۆش دەوێ بۆیە سوێندی دەدەم بە خانەقین هەر چـەندە باوەڕم پیێ بکە بۆ من ئاسایی نییـە ، مـن ٦٧ سـالّم و پێدەنێمـە ٦٨ سـالّەو بـاری تەندروسـتیم بـاش نییـە ، لێـشت ناشـارمەوە مالّـەوەم خێــزان و خوشــکانم زۆر دژی ئــەوەن و زۆر دەترســن لەبــەر بــاری نائاسایی ئەمنی و رێگاو بان .

*** چـۆن دەڕوانیتـە هەلبژاردنـەکانی عێـراق ، بـەڕای تـۆ هەلبـژاردن کێشەکانی ئەمڕۆی کورد چارەسەر دەکات ؟**

– مـن لەگـەڵ هەلبژاردنـدام ، لەگـەل دامەزرانـدنی ئەنجوومـەنی نیشتمانی ، هەرچەندە داوام لێکرا کە بەشداری بکەم لە ئەنجوومـەنی حـوکم ، بـەلاّم مـن کاروبـاری زانـستیەکەم لەسـەر ڕووی هـەموو شـتێکەوەیە ، داوام لێکـرا شـانازی پێـوە دەکـەم و داوام لێکـرا کـە بەشداری لە لیستی کوردی بکـەم لـە هەلبژاردنـەکان و ئیعتیـزارم لـیّ خواستن و، پێم وتن ئەگەر بەخۆشم داوام کرد ئێوە ڕەفزم بکەنەوە ، زیاتر هانم بدەن بۆ کاروباری زانستی، مـن هـەر خـەریکی کتێبەکـەی کەرکوك بم باشترە و هەر خەریکی ئەو کتێبە بم کە لەسەر (خانەقین) دەری دەکەم وابزانم باشترە .

*** پـرۆژەی ئاینـدەی نووسـینت چـییە؟ ئایـا کـاتی ئـەوە نـەهاتوو یاداشتەکانت بنووسیەوە ؟**

– خوێنـدنی باڵـا و ئیـشرافی نامـەکانی ماسـتەر و دکتـۆرا یـەکجار یەکجار ماندوویان کردم ،بڕوابکە لەهەفتەی ڕابردوو من ئیـشرافی دوو نامەی دکتۆرای زۆرر بایەخ دارم کرد ، ئەمەش کـارێکی ئاسـان نییـە، ئێـستا بـەرگی دووەمـی کتێبەکـەم (کـەرکوك) حـازرەو بـەهیوام ماوەیەکی تر بچێتە بەرچاپ و بـەرگی یەکـەمی مامۆسـتا ( ئـەنوەر قەرەداغی ) کردوویەتی بە ئینگلیزی و ئینگلیزیەکی زۆر جوان و ڕێك و پێکـە و ، ئـەو کتێبـە بـە ئینگلیـزی زۆر پێویـستە بـۆ ئـەوەی ڕای جیهـان و ئەوانـەی کـە دیـاری کردنـی چارەنووسـی ئـەو ولاتـەیان بەدەستە لەنزیکەوە ئاگایان لەمەسـەلەی کـەرکوك هـەبێ و بەڕاسـتی بزانن کـە کـەرکووك شـارێکی کـوردەوارییی و شـارێکی کوردسـتانییە، لەبەر ئەوەی بە پێی توانا درێغی ناکـەم ڕاسـتە مـن سـەعات (١٠) یـا دەو نیو ئەنووم ،بەڵام سەعات (٣،٣٠) یا چوار لەسەر مێزی خوێندنم و دەخـوێنم و دەنووسـم پـرۆژەی یاداشـتەکانم دەسـت پێکـردووە ،

چونکه خێزانم زۆر فشاری خستۆته سەرم، چونکه دەزانێ تەمەن ڕۆلی خۆی هەیە، بۆیە هەموو شەوێ سەعاتێ یان سەعاتو نیوێك ، ئەگەر تەندروستیم ڕێگا بدە دەست دەکەم بە نووسینەوەی یاداشتەکانم ، حەزیش دەکەم یاداشتەکانم شێوازێکی تایبەتی هەبێ و لە ئێستاشەوە ناوم بۆ هەڵبژاردووە (لە پەراوێزی کوردایەتیدا ) هەتا یاداشتەکان تەرخان دەکەم بۆ مەبەستی خزمەتی کوردایەتی .

*** وەکو دەزانین کۆڕی زانیاری کورد کاتی خۆی هەبوو لە بەغدا، چی تازە لەو بارەوە هەیە ؟**


– کۆڕی زانیاری کورد دەسکەوتێکی یەکجار گەورەبوو، دەسکەوتی خەباتی کورد بوو لەبەرئەوەی بەپێی ڕێککەوتننامەی (١١)ی ئاداری (١٩٧٠) ئەو کۆڕە دامەزرا، سەرۆکی کۆڕ ( ئیحسان شێرزاد) بوو، مامۆستا و پیاوی لێهاتوو (مەسعود محەممەد)ی تیابوو ، شێخ محەممەدی خاڵ و عەلائەدین سەججادیو د.ناجی عەباسی تیابوو ، شتێکی زۆر باش بوو داوای دامەزراندی کۆڕی زانیاری، زۆر لە پێش ساڵی ١٩٧٠ بوو، بەڵکو لەکاتی پاشایەتیدا کورد داوای دامەزراندنی دەزگایەکی لەو بابەتەی کردووە و دەسکەوتەکانی کۆڕ زۆر گەورەبوو، ئەوەبوو دوای ئەوەی کە شەڕ دەستی پێکردەوە و شۆڕش نوشستی هێنا، ئیتر ڕژێمی سەددام ئەو کۆڕەی هەر لەوناو برد و ئەو کتێبە و دەست نووسە دەگمەنانەی کە پەیدامان کردبوو لە ولاتان ، هەمووی نارد بۆ کارگەی وەرەقە، تا ئێستا چەند جارێك داوایان لێکردوومە ببمەوە بە ئەندام، بەڵام من لەسەر ئەوبیروباوەرم کەدەبی کۆڕێ زانیاری کورد دابمەزرێتەوە ، کۆڕێکی زانیاری سەربەخۆ بێ و بەسەراحەت بە (د.تاهیر بکاء )ی وەزیرە خوێندنی باڵام وتووە، ئەویش وابزانم بە دلسۆزی ئەو کارە دەکات و پێویستە

ئەو كۆڕە دابمەزرێتەوە ئەو كۆڕەی ئێستا هەیە بەو جۆرە من ئامـادە نیم ببمە بە ئەندام تێیداو هیوادارم دایبمەزرێنن .

*** دوا وتەت چییە ؟**

– هیوامە ئێوە سەركەوتوو بن و توندڕەو نەبن، هەمیشە كورد بـن و هەر بۆ كورد بژین، هیوامە وڵاتەكەمان كوردستان بەهەموو مافـەكانی خـۆی بگـات، ئێمــە نــایبینین، بــەڵام لــەوەی دڵنیــام كوردســتان سـەربەخۆیی خـۆی هـەر وەردەگـرێ و مـن هـەر بـەو خـەوەوە سـەر دەنێمەوە ......

* ئەم دیدارە لە ڕۆژنامەی (میدیا ) ، ژمارە (١٨٥)ی ڕۆژی سێشەممە ٢٠٠٥/٤/٥ ، ل٧ بلاوكراوەتەوە.



## عەبدولڕەزاق بیمار:

# شیعری نوێخوازی کوردی لە زمــان و کەشــوهەوای ڕەســـەنی خــۆی دوور نەکەوتووەتەوە

**عەبدولڕەزاق بیمار لەجولاَنەوەی ڕۆشنبیری کوردییدا ناوێکی دیارە و جێ دەستی ڕوونە . لە زۆر بواری جیاجیای ئەدەبیدا چالاکی نواندووە ،وەک: شیعر، شانۆگەری ، ڕەخنە و لێکۆڵینەوە و دەربڕینی باری سەرنج . لەو بوارانەشدا بەرهەمەکانی بە پێی سەردەم و قۆناغی خۆی ئاست و گرنگی خۆیان هەیە ، بەلاَم بە لای خۆیەوە خاڵی درەوشانەوەی لە بەرهەمهێنانیدا لە شیعردا دەبینێ ، هەر بۆیە ئەو پرسیارانەی ڕووبەڕوومان کردووەتەوە لە دەوروبەری شیعردا خولاونەتەوە و ئارامیان گرتووە . ئەم نووسەرە بێجگە لە کتێب و چاپکراوەکانی لە بواری شانۆ و وەرگێران و لێکۆڵینەوەدا ، ئەم کۆشیعرانەشی بە چاپگەیاندووە : (دیوانی بنەوشەکان ، کانیلە و خۆشەویستی ، دڵداری ئێمە ، ناوچەوان) .بە پێی تێگەیشتنی خۆی لە سنوور و ئاسۆی شیعرییەتدا بوێر و ڕاشکاوانە هاتە کۆ ئەزموونی نیو سەدەا زیاتری خودی داگیرساوی لە هەمبەربوون و داهێنان لەم هەڤپەیڤینەدا خستەڕووە.**

*** لە ژمارە پێنجی نووسەری کورد ،ساڵی ١٩٨٦شیعرێکت بە ناوی (بەچرپە) بلاَوکردەوە ، شیعرەکە ڕێك لە ژیاننامەی خۆت دەچێت و لەسەر بردەی ئەشقێکی ناکام دەدوێت ، ئایا دەتوانین بپرسین سەرهەڵدان و بە کوێ گەیشتنی ئەم ئەشقەمان بۆ باس بکەیت ؟**

- زۆر بەبایەخەوە سەیری ئەم پرسیارەتان دەکەم ، ئێوە زۆر ورد لێی دەکۆڵنەوە و شیعرێکی پێش بیست ساڵ بلاَوکرابێتەوە ئەمڕۆ لەمنی دەهێنەوە پێش . دیارە مافی خۆتانە وەك ڕەخنەگر لەسەر

چەند و چۆنیی (دەق) و خاوەنەکەی باز نەدەن ، ئەگەرچی ڕەنگە هەندێك باری نالەباریش بۆ من پەیدا بکات .

ئەو دڵدارییە ، یان ڕەنگدانەوەی دەوری ناکامیی هەرزەکاریی ئێمەمانانە کە لە ژینگەی بێ بەشی و دوور لە ڕەگەزەکەی دیدا تافی هەرزەکاریمان بەسەربردووە و لەوانەیە تا پیریش جۆرێك لە جۆرەکانی هەرزەکاریدا بەسەرماندا دەسەلاتدار بێت ، یان ئەنجامی پایزی تەمەنە کەوا لە پیاو دەکات دان بەوەدا نەنێ کە تەمەن بەرەو کۆتایی هەنگاو دەنێت ، بۆیە کەموکورییەکی وەها پێشان دەدات کە بەرەو هەر چرپەیەك ڕوو وەربگێرێت و لای وایە بانگی دەکەن . دەبێ گوڕ ببەستێ و بچێت .

شاعیریش وا ڕسکاوە دڵتەرە و بەرامبەر جواتی بێ دەسەلاتە . جا ئەو ڕووداوەی لە شیعرەکە دەرکەوتووە ، یەکێکە لەو حاڵەتانە و ئەنجامەکەشی خۆشەویستیەکی یەك لایەنی بووە.

*** دوای گۆران تۆ هەڵبژێردراوێکی بەهێزبووی بۆ ئەوەی ئەو ئاماژە شێوازیانەی مامۆستا گۆران لە بەرهەمەکانی خۆی دابوونی تۆ ئەم ئاماژانە گەورەتر بکەیت و نوێخوازییەکیڕوونی لێ بەرهەم بهێنی؟**

ـ دوای مردنی گۆرانی ڕێبەرمان لەبیرمە محەمەدی مەلا کەریم دەیگوت :جێگیری (گۆران) مەگەر سەرکردایەتییەکی بە کۆمەڵ دەنا کەسی وا لە باری دا نییە بە تەنیا ئەرکی هونەری ئەو هونەرمەندە ئەنجام بدا . بەڕاستی ڕۆڵێکی گەورەی هەبوو لە ڕێنمایی کردنمان و کاریگەرییەکەی زۆر بوو ، بەتایبەتی لەلایەنی زمانەوە ، زمانی شیعری گۆران جادوویەکی تایبەنی کوردانەیە ، لەگەڵ ئەوەشدا سەرەتا من بە کاریگەریی بزووتنەوەی نوێی شیعری عەرەبی لە پەنجاکان دا . بە تایبەتی گۆڤاری (الاداب) ی بەیرووتی سەرەڕای

ڕێبازی وجودیانەی دەورێکی گەورەی هەبوو لە برەو پێدانی شیعری نوێ و نوێکردنەوە لە ئەدەبدا بەوردی دەمخوێندەوە ، هەندێك ئاسۆی هونەریم فراوانتر بوو. زۆر بەدوای شیعری ڕۆژئاوادا دەگەڕام ، کۆمەڵێك نموومنەم وەرگێڕا ، هەندێکیانم بلاوکردەوە . وابزانم لە هەندێ شیعردا نموونەی خۆدەرخستن و کۆششی بەرەو پێشەوەچوونم پێشان دابوو . چەند دانەیەکیان بلاوکرانەوە ، هەندێ پارچە لە (شانۆی کوردستان) وهەندێ پاشماوەش لە (دیوانی بنەوشەکان) دا بەدی دەکرێت . تا ساڵی ١٩٦٢ دوای (شانۆی کوردستان) کۆ شیعرێکم بە ناوی (ترووسکەی ئاوات) بۆ چاپ ئامادەکرد ، بەلام ئەنجامی کوودەتا ڕەشەکەی هەشتی شوباتی ١٩٦٢ ئەو کۆشیعر و شانۆنامەیەکی هۆنراوەو هەندێك گەلاڵەی نووسینم لەناوچوون.

ئەوەتا لە (دیوانی بنەوشەکان) دا شیوەنێکم بۆ نووسیووە و دەڵێم ئەو نەمر بوو ، خاوەنەکەی مردووبوو مایەوە:

**نەمردوو مرد و مردوو مایەوە**

**دیارە نەمربوو بۆیە باوکەکەی**

**لەپاش مردنی (نەمێرد) مایەوە**

**زەوی نەزۆك بوو ، کانی (ئەستێور)**

**پاش ئەو بۆ گوڵێك هەر نەزایەوە .**

جا لەو مێژووە تا بیست ساڵ ئەنجا پێم بە جەرگی خۆمەوە نا ، ساڵی ١٩٨٢ یەکەم کۆ شیعر بلاوبکەمەوە . کاریگەریی بەندیخانە ، باری ڕۆژگاری سالانی دوای کوودەتاکە بەسەر سۆز و هەستی ناسکمدا قورس و سەخت بوو ، تەنانەت تووشی نەخۆشی و بێ

هێزیی بیرەوەری بووم و بیروباوەڕی سیاسی و حزبایەتیم لەلا لەق بوو .

لەو بارە نائومێدی و بێ هێزییەدا لە نموونە پێشکەوتووەکانی ئەدەبی عەرەبی دابڕام ، هەروا لە بیرمە دەچوومە کتێبخانەی گشتی ، دەگەڕامەوە سەر نمونەکانی ئەدەبی ڕۆمانتیکی میسری و لوبنانی . کەوا نەختێك دڵدانەوە و هاودەنگیی خەم و گریان و نائومێدیم تێدا دەدیت .

*** کە گرووپی ڕوانگە بەیاننامەکەی خۆیان جاڕدا ، ئەو کات تۆ شاعیرێکی پێگەیشتوو بووی ، ئایا بۆ چی لەگەڵیان نەبوویی ؟**

ـ کە گرووپی ڕوانگە بەیاننامەکەی خۆیان جاڕدا ، ڕەنگە من یەکەم کەس بوویم وتارێکم لەو بارەوە لە ڕۆژنامەی (هاوکاری) دا بلاْوکردەوە ، لەم وتارەدا ڕەخنەم لە ڕاوێژی بەیانەکە گرتووە . بەڕاستی بەیاننامەکەیان هەرٍ لەجاڕدانی کوودەتا سەربازییەکانی ئەو سەردەمە دەچوو ، لەلایەکی تریشەوە لاسایی کردنەوەی (البیان الشعری)یەکەی چەند نووسەرێکی عەرەبی وەك (فازیل عەززاوی) و هی دی بوو کە خۆیان بە یاخی دەزانی ، نەهلیست و یاخی لە هەموو بنەرەت و بیروباوەڕو نەریتێك . کە ئەو ڕێژاوە لە دوای کوودەتاکەی ساڵی ١٩٦٣ و بە زینە حەیابەرەکەی ساڵی ١٩٦٧ بەرامبەر بە ئیسرائیل سەری هەڵدا و وێنەدانەوەی شکستی و نائومێدی و زەبرو زەنگی سەربازی بوو .

لەم وتارەدا پیرۆزبایم لە تازەکردنەوە کردووە ، بەلاْم ڕەخنەم لەوە گرتووە کە هاتوون کوڵنگی تێکدانیان لە ڕووی چەند بوت و دامودەزگا و قەلاْتێکی خەیاڵکرد لە ئەدەبی کوردیدا بەرزکردووەتەوە . دەمگووت: برا ئێمە کوا لە کوێین ؟ کوا ئەدەبی کلاسیکیمان؟ کوا

ئەدەبی مەیوو و کۆنەخواز؟ کوا دەسەڵاتی خنکێنەری هەوای تازە کردنەوە . تا بێین دەست بە رووخاندن بکەین و بوتەکان بشکێنین ؟ خۆ ئێمە تا ئەو سەردەم بە دوای پارچە شیعرێکی بلاْونەکراوەی شاعیرێکی بەر لە خۆمان دەگەڕاین تا چاپی بکەین ،ڕدیوانی کەڵە شاعیرانمان هیچیان بە تەواوی چاپ نەکرابوون . تا ئەو دەم ڕەخنەی ئەدەبی ، چیرۆك ، شانۆیی ، ڕۆمان و چەندین جۆری ئەدەبیمان ئەوەندە ساوابوونٍ هەر لە حاڵی نەبوون دابوون . جا ئەو شێوازی یاخی بوونە ڕۆمانتیکیانەم لا سەیر بوو ، دەتوانی وتارەکەم لەو کتێبەی کە (حوسێن عارف) دەربارەی بزووتنەوەی(ڕوانگە) بەناونیشانی (ڕوانگە و یاران و نەیارانی) کۆی کردووەتەوە بخوێننەوە . لەڕاستیدا پرسیان پێ نەکردم لەوانەش دەیانزانی من هاوبەشیان ناکەم . نەوەیەکیش پێش ئەوان بووم .

لەو بڕوایەدام پاش پچڕانەکەی ساڵانی دوای کوودەتاکەی ٨ی شوبات، تا ساڵی ١٩٧٠ کە لەو ماوەیەدا وشکی و نەبوونی تووشی ڕۆژنامەنووسی و ڕۆشنبیری ڕەوتی ئەدەبی هات. هەروەها حزبەکان بە چەپ و ڕاستەوە تووشی دووبەرەکی و لەت لەت بوون هاتن. بێ گومان لامان هەردەبوو لاوان دوای ئەو دابڕانە بەشێوەیەکی تازە بێنە پێشێ. هەرواش بوو. هەندێك لەوان و نووسەرانیش لەدەرەوەی گرووپەکە بەهرەی تازەگییان نواند شتێکی تر ماوە باسی بکەم. بزووتنەوەکەی ڕوانگە بەهۆی کارکردن، یان نزیکی لاوەکان لە ڕۆژنامەنووسیەوە جموجۆڵ و هات و باتیان سەرنجی خوێندەوارانیان ڕاکێشا. هەرچۆنێك بێت لەو بڕوایەدابووم بزووتنەوەکە پێشکەوتنی بەدوادا دێت.

*** تۆ شاعیرێکی مولتەزیمیت بە بیری مرۆڤ دۆستی، ئایا مولتەزیمیت وای لێکـردووی کـەمتر بـچیتە نـاو فانتازیـا، لـە کاتێکـدا خـاڵی درەوشانەوەی شیعر فانتازیایە؟**

ـ بەڵێ، ئێستاش من لەو بڕوایەدام کە نووسەر ئەوەی دەینووسێت، با زۆر خۆپەرستانە و تاکییـەتی و دوور لـە کۆمـەڵ بێـت، دیسان لـە ڕەنگدانەوەی ژیـان و دەوروبـەر و واقیـع بـە دوور نابێـت، مـادام لـەو ڕۆژگـارە دەژیـت. خۆیـشی پـێ نـەزانێت. دەچـێتە نـاو چوارچـێوەی ژیـانی ئـەو سـەردەمەیەوە. ژیـانیش ئەوەنـدە وشـك و تەسـك و دەرەتـان نییـە کـە نووسـەر لـە بەرامبەریـدا دۆش دابمـێنێ و لەسـەر داهێنـان و تـازەیی و بـەرەو پـێش چـوون لـە بەرهەمەکەیـدا پـەکی بکەوێت. نووسەری داهێنەر لە واقیعی ژیانەکەی دەریایەك دیمەن و ڕووداو و سەرنج و دیاردەی ناو کۆمەڵ دەبینێـت و لـە بەرهەمەکەیـدا بە کەڵکی دێنێت، بەڵام نەك هەر بە زمان و ڕاوێـژە میللیەکـە، بـەڵکو بە زمانی شیعر و هونەر.

منـیش وەکـو ڕێگـەگیر و خـاوەن ئامانجێـك لـە ژیـانی کۆمـەڵ و تێکۆشان بۆ هێنانەدی داد و یەکسانی و سـەربەرزیی مـرۆڤ و خـەبات دژی چەوسـانەوەی نەتـەوەیی و چـینایەتی— بەتایبـەتی نەتـەوە نامرادەکـەی خۆمـان— هـەر لـە کلاوڕۆژنـەی ڕیالزمـەوە دەمڕوانییـە بەرهەمی ئـەدەبی. ڕێبـازی ئایـدیالی و سـۆفیانە بەلامـەوە ئـاڵۆزی و تێنەگەیشتن و نادیاری لە دەربڕیندا دروست دەکەن.

*** زمان لە بەرهەمەکانی ئێوەدا زمانێکی نەرم و بێ گرێ و بێگەردە، ئایا دەتوانین بپرسین زمان لە پێکهاتەی ئەدەبدا ڕۆڵی چییە؟**

ـ بەرهەمی ئەدەبی پێش هـەموو شـتێك بریتیـە لـە زمـان، هـەر لـە زمانەکەدا شێوە و ڕوخـسار و وێنـە دەگۆڕێـت . مـن لام وایـە دەبـێ

زمانی ئەدەب زمانێکی ڕەوانی لەڕووی ڕێزمانەوە دروست و ترپە دار بێت . زۆر هەوڵم داوە وشەگەلی هەڵبژاردە و دوور لە کاریگەریی زمانانی بیانی بەکاربهێنم . نووسینی کوردییەکی پەتی و دوور لە ووشە و دارشتەی ناقۆڵا ، زمانی ناسکی رۆمانسیانە بێت . با وشەکان جۆرە ئاواز و ترپەیەك دروست بکەن ، توانای ئاماژە و هێماداریيان هەبێتٍ ، بەلام زمان بۆ گەیاندنە .

*** تۆ لە زۆر بواردا بەرهەمداریت وەك شیعر ، شانۆنامە ، لێکۆڵینەوە . لێکۆڵینەوەکەش ڕووبەری فراوانە ، هەم لە ئەدەبی کلاسیکی و هەم لە ئەدەبی نویێ ، لە ڕۆژنامەگەری و پەخشان .. تا دوایی ،ئایا هەست ناکەیت وەرگرتنی ئەم ڕووبەرە فراوانە بووبێتە هۆیەك بۆ کەمتر دەرکەوتنی شاعیریەتیت . لە کاتێکدا شاعیریەتیت لە بەرهەمهێنانی تۆ لە هەموو ڕووەکانی تر درەوشاوە ترە ؟**

– لەو چەشنە ئەدەبیانەی باستان کرد ، تەنیا ڕۆمان نەبێت زۆر چەشنم تاقی کردۆتەوە ، ئەمانەش چ شیعر ، شانۆ، چیرۆك ، وتاری ئەدەبی ، سەرچاوەکەیان ڕوانین و هەست و سۆزی نووسەرە . لە توانا دایە یەکێك لەم چەشنانەدا بەهرە بنوێنیێ .. ڕەخنەٍو لێکۆڵینەوەش بنەمایەکی تێڕوانینی (تیۆری) نووسەرەکەیە بۆ ڕوانین و بەرهەم هێنانی . لەوانەیە بۆ ڕوونکردنەوەی ڕێباز و مەبەستەکانی هونەرەکەی بە کەڵك و پێویست بێت ، بەلام ئەدەبەکەی ئێمە ساوایە ، ماوەیەکی دێرو دوور نییە چاپخانەو کتێب و گۆڤار و کتێبخانە و قوتابخانەمان هەیە . جا کە مەیدانەکە بە چۆڵی ببینین ناچارین بە پێی توانا پەلێك بهاوێین و کارێك بکەین نەکرابێت . بە نموونە کتێبێکم نووسی لەسەر کێش و مۆسیقای هەڵبەستی کوردی ، هەروەها کتێبێکیش لەسەر (پەخشان) بە

لێکۆڵینــەوە و دیـاریٍ کردنـی جـۆر و هونـەرەکانی و دەقـی کـۆن و نووسەرانی پەخشان نـووس . ئـەم دوو کتێبـە ئەگـەر هـەر نرخێکـی ئەدەبییان هەبێت ، نرخەکەی لەوە دایە کە دەست پێشکەرین ، لـەو کاتـەدا مەیـدان چـۆڵ دیـتراوە ، بـەلاَم کـارکردنم لـە بەرێوەبـەرێتی خوێنـدنی کـوردی دوای رێکەوتننامـەی ١١ی ئـاداری ١٩٧٠ و کردنـە کوردیی خوێندن بە ناوەندی و ئامادەیشەوە ئەرکێکی تـازەی خستە سەر شانم . کارکردن لە پێداچوونەوە ، بژار ، سەرپەرشـتیی چاپ ، زاراوەسـازی ، وەرگێـڕان و کاروبـاری گۆڤارێـك زۆر خـەریکی کـردمٍ، ئەگەرچی لـە پـسپۆرەکانی بـواری زانـستی هەمـە جـۆر لـەٍسلێمانی هــەولێر لیژنــە دروســت دەکــرا بــۆ وەرگێــڕانٍ، بــەلاَم ئامــادە و سەرپەرشتی کردنی دەیان کتێبی قوتابخانە پێویستی بە کـاری شـەو و ڕۆژ بوو . نزیکەی ماوەی پـازدە سـاڵ لـەو دایەرەیـەدا بەبـەردەوام ئەوە کارم بووٍ. لێرەشدا هاوڕێیەتی وەك : (شـوکور مـستەفا ، نـوری عەلی ئەمین ، فەرەیدوون عەلی ئـەمین ، هـەژار موکریـان) ، هـەروەها هاوکــاری چــەند مامۆســتایەکی دی لــە دەرەوەی دایــەرەدا وەك : (د.عیزەددین مـستەفا ڕەسـوڵ ، محەمـەدی مـەلا کـەریم ، د. کـەمال مەزهەر ) کردیانە کارێك دایەرەکـە لـە بزاوتێکـی گـەرموگورٍ دابێـت . هەر خۆی لـە وەرگێـڕان و زاراوە داڕشـتندا کـۆڕی زانیـاری بـوو ، لـە ئامادەکردنی بە هەزاران دانـە کتێـب و چـاپکردنی فەرهـەنگ و نامیلکــەی پــەروەدەی منــدالاَن و یارمــەتیی بەرهــەمی نووســەران دەزگایەکی پەخش و چاپەمەنی بـوو . جـا ئـەم کـارە هەرچـەندە لـە بازنەی زمان و خوێندەوارییەوە دەرناچێت ، بەلاَم فرِی بەسەر شـیعر و کـەش و هـەوای شـیعر دانانـەوە نـەبوو . بۆنموونـە یەکـەم کتـێبی زانستی ئابووری (پێنجی ئامادەیی)م لەگەڵ دوو مامۆستا (د. سـاماڵ

مەجید و مووسا سەمەد) کردە کوردی ، بەدارشتنی زاراوەگەل و وەرگێرانی برگەی وشکی ئابوورییەوەِ خەریك بووم . ئەمە جگە لە چەندین کتێبی دیکەی قوتابخانە لە مێژوو، جوگرافیا ، پەروەردەی نیشتمانی ، زانست و .. تاد . کارکردنیشم لە رۆژنامەنووسیدا وەکو لە رۆژنامەی بیری نویٚ، چاپەمەنی دەزگای رۆشنبیری ، تەئاخی ، عێراقِ . هەربۆ دانەبرانم لە کاروانی رۆشنبیری – پاش ئەو ماوە سەختەی پێدا تێپەربووم ـ بێگومان بووەتە هۆی سست کردنی هەستی ئاوڕدانەوە وخۆ تەرخان کردنم بۆ شیعر .

*** کە رووبەرووی شاکارێکی جیهانی دەبیتەوە ، نموونە وەك : (کۆمیدیای خواوەندی) دانتی ، هەست ناکەی کورد لە ئاستی بەرهەمهێنانی ئەدەبیدا کورتی هێناوە ؟**

– بەڵیٚ، بەبیٚ دەمارگیری بیٚ خۆ بەکەم زانین دان بەوە دەنێم ئێمە ئەم جۆرە شاکارانەمان نییە ، ئەدەبی کۆنمان قوتابخانەی تایبەتی خۆی نەبووە ، بۆیە ئەگەر بەرهەمێك هەبووبێت پەرتەوازە بووە و لەناوچووە .

هەر ئەم هەست بە نەبوونی کردنە وای لە (عەلائەددین سەجادی) کردووە بێت لە کتێبی مێژووی کوردیدا شاکارەکانی ئەدەبی حیهانی لەگەڵ پەندی پێشینان و چیرۆکی فۆلکلۆری کوردی بەرامبەر و بەراور بکات .

ئەو گەلەی ئێمە تابلۆیی پێویستی بە خزمەتە ، هەمووی وا چەند گریٚ ساڵێکە لە کاروانی رۆشنبیری جیهان گەیشتووە ، هیوامان وایە نەوەکانی داهاتوو لە کەشوهەوای خاوەنداریێتیی خۆیان و ئازایدا بتوانن بەرهەمی شاکار پێشکەش بکەن و سەرنجی خەڵکانی جیهانی پیٚ رابکێشن .

گرنگ نییە ئێمە ئەو شاکارانەمان نییە ، گرنگ ئەوەیە سەرباقی ئەو هەموو مەرگە سات و کاولی و پێ پەستییەی بێگانان وەکو گەلێك هەر ماوین و زمان و ئەدەب و هونەری خۆمان هەیە و کەسێتی خۆمان پاراستووە.

هەرچی( بەزمەساتی خوایی) دانتی – یە ، ئەگەرچی داستان نییە ، چونکە قارەمانێك نییە لە بەرهەمەکەدا ڕووداوەکان بەدەوری ئەوا بسورێنەوە ، بەلاّم چیرۆکی ئەو دونیایە بە دۆزەخ و پاکژگەو بەهەشتەوە لە چوارچێوەی بڕوایەکی پتەو بە مەسیحیەت و خۆشەویستی خوایی و بوونایەتیی هەتا سەرمانەوەدا ، بەسەر باڵی ڕووناکی و هێزی یەزدانی دا هەڵکشان بەرەو ئاسمان . بەزمە ساتێکە وەکو شیعرێکی دڵداری نایاب بە دڵ و داوێن گەورەیی و ڕێزداری خۆشەویستی پیشان دەدا پایەی ( یار ) ەکەی گەیاندووەتە پایەی فریشتان . لەلایەن بیرو باوەڕەوە لەم جۆرە، لە ئەدەبی کوردیماندا بە تایبەتی لە شیعری سۆفیانە و خواناسی و پارێزگاری وەکو مەهدی نامە ، میعراجنامە و لە هەندێ بەیتی ئایینی دا دەبینین، بەلاّم ئەم بیناسازییە پتەو و ئەو رێزبەندییە ڕێك و ئەم هێز و گڕی شاعیرییەتەی دانتی کارێکی دەگمەنە. مەگەر هێزی داڕشتنی(نالی)، یان سۆز و خەیاڵی(گۆران) لە بەرامبەریدا. پێکەوە کارێکمان بۆ بکەن.

*** ئایا شیعری نوێی کوردی لە هەڵچوون ڕزگاری بووە و چووەتە ناو قۆناغی شیعری تێڕامان و بیرکردنەوە. ئەگەر وەك نموونە لە هەندێکیان بدوێیت؟**

ـ هیوادارم بازنەی شیعر ئەوەندە تەسك نەکەنەوە، بەتایبەتی ئێمەی ڕۆژهەلاّتی لە کۆنەوە تا ئێستا بە جۆرێکی جیاوازتر لە ڕۆژئاوایی لە

شیعر دەروانین، ڕۆژهەڵاتەکەمان هەر خۆی شیعرە، تەنانەت هیگڵ لە کتێبی(هونەری شیعر)دا شیعری ڕۆژهەڵاتی بە داستان و لیریک و شیعری سۆفیانەوە بەجودا باس کردووە و تایبەتییەکانی پیشان داوە. جا ئەگەر بەپێی دابەشکردنی قۆناغ بێین شیعر لە هەڵچوون دابڕین، مانای وایە یەکێك لە گرنگترین بنەماکانی شیعرمان بە لاوە ناوە کە ئەویش سۆز. هەر شیعرێك تەنیا هی ڕامان و هۆش بێت . سۆزی تێدا نەبێت، لە پاشاندا وشك و لە خەڵك بەدەر دەبێت. ئێستا لە ڕۆژئاوادا شیعر تەنیا بۆ دەستە خوێنەوارێکی هەڵبژاردەیە، ئەگەر شیعری(کاولە زەوی)، یان(چوارشەممەی خۆڵەمێش) یان شیعرەکانی دیکەی (ئیلیەت) لێکدانەوە و شیکردنەوەیەکی زۆری لەگەڵ نەبیت و ئاگاداری هەندێك ئەفسانە و ئایینی مەسیحیەت نەبێت، لێتێگەیشتنی سەختە.

مـن لام وایـە هاوکـاری کردنـی سـۆز و ژیـری شـیعرێکی هاوچەرخ بەرهەم دێنێت، ئەرکی شیعر هەر ڕامان و هەڵکشان بەرەو جیهانی سۆفیانە و ئایدیالیستی نییە، ئەرکی شیعر لە گۆرانی و چیرۆکە شیعر و (بەیت) و شیعر بۆ منداڵان و شانۆ و هی تردا جۆش دانی هەست و سۆز و شادی و دڵخۆشی بەخشینە.

ئەو ئەرکانەی لای ئێمە ڕۆژهەڵاتی ڕوون و ئاشکرایە، بەڵام لای ڕۆژئاوا زیاتر لە ڕۆمان و شانۆیی و چیرۆك دا بەدی دێن. لای ئێمەش خۆ وەنەبێت شیعر هەر زادەی هەڵچوون بێت و مەیدانی لیریکی پڕکردبێتەوە، شیعری جەلالەددینی ڕۆمی، حافز، چوارینەکانی خەییام، شیعری جزیری، خانی، مەولەوی زادەی بیر و ڕامانن، بەڵام لە بەرگی شیعری پڕ لە سۆزی لیریك دا.

له شاعیرێکی عەرەبم خوێندۆتەوە کە شیعری نوێ دەبێت بە تەواوی لیریك(گۆرانی ئامێزی) بە دوور بێت. ئەنجا ئەگەر ئەمە بێتەدی، دەبێت چ مەتەڵێکی ئاڵۆز و تەونێکی ڕەق و تەق تووش بین. تەنانەت خواستنەوەی دراما یان دەمامك، یان شێوەکاری و هی دی چارەی ناکات.

*** ئایا چیرۆك و ڕۆمانی کوردی لە کێشەی لادێ ڕزگارییان بووە و هاتووەتە ململانێی شار لە کاتێکدا ڕۆمان بەرهەمی شارستانیەتە؟**

ـ ڕاستە ڕۆمان بەرهەمی شارە، چیرۆك و چیرۆکی زۆر کورتیش هەر ڕۆڵەی شارن، لە چاو ئێمەدا ئەو هونەرانە نوێ باون. لەبەر باری ژێردەستەیی گەلەکەمان ، شارەکانمان گەشەیان نەکرد، کارخانە و پیشەسازی و دەزگا و بانك و بۆرسە و پرۆژەی گەورەی کشتوکاڵمان نەبوو، چینی کرێکار پێنەگەیشت. کوردستان هەر لە رژێمی شێوە دەرەبەگی مایەوە. بۆرژوازی نیشتمانی کەم دەست و پێوەندی کۆمەڵایەتی هەر شێوە کۆنەکەی هەبوو، لەبەرئەوە لە توانا دانەبوو چیرۆك و ڕۆمان لە کێشەی لادێ ڕزگاریان بێت و قارەمانان لە شار هەڵبژێرن . پاش سەرهەڵدانی چیرۆکی هونەری کوردیمان، زۆربەی کورتە چیرۆکەکانی(برایم ئەحمەد، شاکر فەتاح) هەر لەم جۆرەن، بەڵام لە ساڵانی پەنجاکان بە دواوە کورتە چیرۆك بە گشتی لە ململانێی ناو شار بابەتیان وەرگرتوو و کۆمەڵێك چیرۆکنووسی لێهاتوو هاتنە کۆڕەوە.

لێرەشدا حەزدەکەم کە ڕۆمانی (کێخوا سێوە)ی، عەزیزی مەلای ڕەش ئەگەر لەوانە بێت بڵێین لە کێشەی گوندنشینان دەدوێت، بەڵام مەسەلەیەکی سیاسی زۆر گرنگ دەخاتە ڕوو ئەویش شالاو هێنانی عەرەبە بۆ داگیرکردنی گوندەکانی قەراج و دەشتی هەولێر. مەسەلەی

بەعەربکردنی بەشێوەیەکی ڕەمزیـی ڕوون و ڕەوان خـستوێتە بـەردەم خوێنەرانەوە .

*** هەســت دەکــرێ ڕەخنــە و لێکۆینــەوەی کــوردی لــە ئاســت بەرهــەمهێنانی شـیعرییت کەمتەرخەمـە ، ئایـا ئـەم هۆیـە بۆچـی دەگەڕێتەوە ؟**

ـ پەسندکردن ، هەڵسەنگاندن ، لێکۆڵینەوە و ڕەخنە لـە بەرهـەمی ئەدەبی بە زۆر نییە و نابێ بە خاتر و خوایشت بێـت ، شـاعیر دەقـی خۆی دەخاتە ناو کتێبخانە ، لەوانەیە پاش ماوەیەك لەبیر چوونەوە و تۆزگرتن ، بە کەڵکی ئەوە بێت تـۆزی لـێ داتـەکێنن و وەکـو بـەردی بناغەی ئەدەبی سەردەمەکەی هەڵی سەنگێنن . بەرهەمی شیعری مـن وەکو خۆم شەرمن و خاکی و بێ هەڵپەن ، جۆرێکی دەم بە هاوار نین ، بابــەتی شــیعرەکانڕوا دیــارە ســەرکەش و تایبــەتین ، بــەڵکو تایبەتییەکی سەیریان هەیـە لـە شـێواز و ترپـەو مۆسـیقادا . جـا مـن بەتەما نیم لەوە زیاتر بکەونە ناو بازنەی تیشکی ڕووناکییەوە .

تا ئێستا چەند ئەدیبێكڕسەرنجی ڕەخنەگرانەیان ئاراستە کـردووە ، لەوانـە : (د. عیـزەددین مـستەفا ڕەسـوڵ ، کاکـەی فـەلاح ،محەمـەد مەولوود مـەم ، ئیحسان فوئـاد ، کـەمال غـەمبار ، کـەریم شـارەزا ، جەمال نوری ، وەحییـدەددین بەهائـەددین ، حوسـێن جـاف ، حەمـە کەریم هەورامی).

*** ئەدەبی نامە و گەشـت و بـیرەوەری سـێ لکـی گرنگـی ئـەدەبن ، کەچی لە ناو ئەدەبی کوردی گرینگی بەم لایەنانە نـەدراوە ، هەسـت ناکەیت ناتەواوییەك لەم بارەوە هەیە ؟**

ــ گەشـت نامـە و یادداشـت و نامـەی ئـەدەبی لکـی ئێجگـار گرنگـی ئەدەبن ، من لە کتـێبی (پەخـشانی کـوردی) لـە لاپـەڕە (١٨١–٢٢١)

باسێکم لەسەر نووسیوە . بایەخەکەی لەوە دایە نووسەرێك دێ سەرنج و تێبینی خۆی بەرامبەر شوێن و ڕووداو و کارەساتی سەردەمی خۆی بەوپەڕی سەربەستیی تاکانە تۆمار دەکات ، بەلاّم کە وێنەی سەردەم وجێ و ڕێ و باری ژیان وێنە دەگرێت مانای وایە بەرهەمەکەی تاکانە نییەو هەر لە خزمەتی کۆمەڵدایە . ئەوەی تۆماری دەکات دەبێتە موڵکی مێژوو . شێوازی نووسینی ئەم ئەدەبە پەخشانەش مەرج نییە زۆر پشت بە داڕشتنی بەرز و ڕەوانبێژی ببەستێ ، زیاتر وەکو شێوەی ڕۆژنامەنووسی نووسەر بینینەکانی خۆی بە سەرنج و تێبینییەوە و هەندێ جار بە بەڵگەنامەوە تۆمار دەکات .

له کوردیدا لەم چەند گەشتنامە و یاداشتانە ئاگادارم : (گەشتی فەقێیەتی چروستانی ، گەشتی حوسێن حوزنی لە سلێمانی و کۆیە و بەغدا– گەشتی ڕەفیق حیلمی لە ڕواندزەوە تائێران و تورکیا لەبەرگی حەوتەمی کتێبی یاداشت–دا – گەشتی شارباژێر ، سروچك ، هەڵەبجە ، هەوراما‌ن و پێنجوینی شاکیر فەتاح – گەشتێك لە کوردستاندای عەلائەددین سەجادی – گەشتێك لە ئەوروپادای محەمەد فەهمی هەمەوەند ) یادداشتیش (هەر حەوت بەرگەکەی یادداشتی ڕەفیق حیلمی دەربارەی سەردەمی شێخ مەحموود ، یادداشتی ڕۆژانی دەربەدەریی مەلای عەبدوللاّی زێوەر لە کتێبی گەنجینەی مەردان – دا بیرەوەرییەکانی یوونس ڕەئووف دڵدار – یادداشتی شێخ لەتیفی حەفید– گەشتی ژیانی مەسعوود محەمەد – یادداشتی ئەحمەد تەقی و ئەحمەد خواجە) .

هەرچی نامەی ئەدەبییە ، ئەوە تایبەتمەندییەکی بایەخداری هەیە ، چونکە نووسەر لە بازنەیەکی تەسکدا هەرچی ڕازی دڵ و دەروون و

تێبینی و بیروڕای تایبەتی خۆی هەیە بەبێ دەست گرتنەوە و ترس بۆ نامە وەرگری هەڵدەڕێژێ . لەوانەی گەلێك نهێنی و ڕووداوی شاراوەی وا باس بكات كە پێوەندییان بە پەروەردە و كەسێتیی خۆی و گوزارشتی بەرهەمەكانییەوە هەیە ، بۆیە وەكو دەڵێن نامەی ئەدەبی ئاوێنەی دەروون و وێنەیەكی خۆیەتیی ڕاستی نامەنووسە . لەبەر ئەوەیش دەقی نامە وەكو وتارێك نییە لەلاپەڕەی ڕۆژنامە و گۆڤاراندا بلاوبكرێتەوە ، نووسەر سەربەستە لە دەربرینی هەر چ مەبەست و شێوازێك . مەگەر ئەو نامانەی بەسەر والایی بەناوی (نامەیەكی كراوە ) لە گۆڤارو ڕۆژنامەكاندا بلاودەكرێنەوە . ئەمەش بەڵێ بۆ یەكێكی ناونیشان دیاریكراو نووسراوە ، بەلام زیاتر بە وتاری ئەدەبی دادەنرێت.

دیسان من لە كتێبی (پەخشانی كوردی)ل ٢٤٤ بەولاوە باسی دوو نامەم كردووە ، نامەیەك لە ئەستەمبوڵەوە كە لە ١٩٢٢ لە ڕۆژنامەی بانگی كوردستان بلاوكراتەوە و محەمەد ئەمین زەكی نووسیویەتی ، نامەی دووەمیش گۆران ساڵی ١٩٣٢ بۆ پیرەمێردی شاعیری ناردووە كە نموونەی پەخشانی هونەری و نامەی ئەدەبییە .

*** یەكەم چەكەرەی نوێخوازی شیعری كوردی لە كوێ و لەلای كێ سەری هەڵدا ؟**

ـ پاش قوتابخانە نوێیە ڕەسەنەكەی شیعری گۆران ، كۆمەڵێك شاعیر سەر بە قوتابخانەكە دوورو نزیك بزاوتیان هەبوو . یەكە سروشتی شیعری ئەو قۆناغە مانەوەی سیاسەتی گەل دۆستی و خەبات و پێشكەوتنخوازی بوو ، لە كەشوهەوای زمانێكی ڕەسەنی كوردی دانەبڕان . بەلاسایی كردنەوەی بیانی دەسبەرداری تامو

چێژی شیعری نوێی کوردی نـەبوون . لـەوان ( ع . ح . ب ، حەسـیب قەرەداغی ، جەمال شارباژێری) هی دی .

دوای ئەم وەچەی لاوانی تر هاتنە پێشەوە ، هەرچـەندە ئـەوان لـە ســـەردەمی قوتابخانەکـــە دوور کەوتبوونـــەوە ، بـــەڵام هـــەر لـــە چوارچێوەی چـەژگە کوردایەتییەکـە دەنگـی تازەیـان بـەرزکردەوە ، ئەمانە لە ساڵانی حەفتاکان بـەولاوە ، لـە کەشـوهەوای ئـازادی پـاش ڕێکەوتننامەی ئادار و دەرگاکرانەوەی ڕۆژنامەنووسـی و چـاپەمەنی و دامەزرانی چەند دەزگایەکی ڕۆشنبیری و کۆمەڵە و چالاکیی ئەدەبی و هونەری . ئەم لاوانە لـە پـەنجـەرەی هـەوڵی تـازەخوازی عەرەبییـەوە سـەیری نموونـەی یاخییـەکان و سـریالی و مۆدەرنیزمیـان دەکـرد . وابزانم زیاتر سەرسامی نموونـەکانی ئـەدەبی (ئـەدۆنیس) بـوون . لـە چەند لاوە دەستکاریی شێوازو بیناسازیی شـیعریان دەکـرد ، مایـەی هیوای تازە بوون. لـەوان: (ئـەنوەر قـادر محەمـەد ، ڕەفیـق سـابیر ، دڵشاد مەریوانی ) . هەرچـی (لـەتیف هەڵمـەت) ە بوێرانـە کەسـێتیی ســـەربەخۆیی سەرچـــڵانەی خـــۆی ڕاگەیانـــد . دەنگـــی تـــازەخوازی بەرزکردەوە. هەر لەو کاتەدا لـە هـەولێر کۆمـەڵێك شـاعیرله دەرگـای تازەخوازییەوە هاتنە ناو و هەنگاویان بەرەو نوێبوونەوە هەڵ هێنـا ، لەوانـە: (عەبـدوڵڵا پەشـێو ، ئـازاد دڵـزار ، کـەریم دەشـتی ،جـەلال بەرزنجی ) و هی دی ، بەڕاستی تا ئەو سەردەمە هـەولێر ئـەو گـوڕ و تینـەی لـە بـواری شـیعردا نـەبووە ، ئـەوان توانیـان دەنـگ بەسـەر ناوچەکانی تری کوردستاندا ڕابهـێڵن . هەرچـی (شـێرکۆ بێکـەس)ە ، لام ئەستەمە لە هیچ گرووپێك قەتیسی بکـەین . هـەر لـە سـەرەتاوە کانیـاوی شـیعری لێـشاوی هێنـا و لـە مـاوەی دە سـاڵێکدا کۆمـەڵێك بەرهـــەمی پەســـندی نـــوێی بڵاوکـــردەوە . کـــە گیـــانی ڕەســـەنیی

زمانەکەیان پێوە دەدرەوشایەوە . ئەگەر سەرنج بدەنە بۆچـوونەکانم ، دیـارە مـن جـەخت دەکەمـە سـەر خۆمـاڵێتی و ڕەسـەنیی زمـان ، سـەیرکردنە نموونـەی جیهـانی و ئاگـاداربوون لـە ڕێـژاوی تێڕوانینـی ئەدەبی تازەی ڕۆژئاوا نـابێ ئەدەبەکـەمان لـە رەسـەنی و خۆمـاڵێتی دابڕێ . بەو بڕوایە کە لە زەمینەی خۆمانەوە ستوون داکوتین و پێی بەرزبینـەوە . ئـەزموونی شـاعیرانی وەك: (نـازم حیکمـەت ،ڕەسـوڵ هەمزەی داغستان ، لۆرکای شاعیری قەرەجان و ئەرنـستۆ کاردینـاڵی قەشەی ئەمەریکای لاتینی ) هەمووی لە خۆماڵییەوە بەرەو ناسـراوی و جیهانی بوون هەڵکشاون . دیـارە مـن لـەجغزی ڕیـالزم دا بـانگ بـۆ تازەو نوێخوازیدەدەم ، بەڵام ئەزموونی شاعیرانی تریش بیر ناکەم کە (سەرسەختانە) بەڵام سەرسەختانە بە دوا بانگی (نوێخوازی)یـەوە چوون ، ئەمانە ئەگەر بەهرەدار و ڕاسـتگۆ بـووبن، نـامۆیی چـاوبڕینە بیانییان لێ نابێتە عەیب . با لە تەلاری شیعری کوردی دا پەنجەرەی هەمەڕەنگ و جیاواز بکرێتەوە ، با ڕێبازی نوێ تاقی بکەنەوە ، چۆن حەز دەکەن وا بنووسن . بێ گومان لەدواییدا بژاوتێکـی دەمەتـەقێ و دەبێ ونـابێ پەیـدا دەبێـت و خـەرمانی شـیعری کـوردی پـێ پـڕ دان دەبێـت . ئـەو چـەند شـاعیرە کـە بـە سەرسـەخت ناویـان دەبم ، لـە خۆشەویـستی و سەرسـامیمەوە بــە بــوێری و هەتــەری و بــابلێین سەرچـڵییان . ئەمانــە بــێ پرســی مــن و تــۆ تێــشووی گەشــتیان هــەڵگرتووە و بـەرێ کـەوتوون . لەوانـە : (هاشـم سـەڕاج ، ئـەنوەر مەسیفی ،سەباح ڕەنجدەر ، دڵشاد عەبدوڵلا) و هی دی .

داخەکـەم زۆر ئاگـاداری بەرهـەمی دوای سـالآنی نـەوەدەکان نـیم بەهۆی دابڕانمان لە کەشوهەوای ئازادیی کوردستان نـاتوانم بەرهـەمی ئـەم ماوەیـەوە هەڵسەنگێنم . پاشـان دەبـێ دان بـەوەدا بنـێم کـە

وەلامــی ئــەو پرسـیارە خــۆ تــەرخان کردنێکــی تــەواوی دەوێ بــۆ لێکۆڵینەوە و دەق کۆکردنەوە و ڕەخنە و هەڵسەنگاندن لـە کتێبێکـی تایبەتیدا .

*** ئایـا بـەهرە بـە تـەنیا فریـای شـاعیریەتی دەکـەوێت ، یـان لـە ئاسـتێکدا ڕایـدەگرێت و پـەکی دەخـات ، یـان بـەهرە ڕۆڵـی لـە بەرهەمهێنانی ئەدەبیدا چییە ؟**

ـ بەهرە یەکە مەرجی شیعرو شـاعیریەتە ، هـەر بەهرەیـە چـەندین شاعیری میللی و نەخوێندەواری بە گـەل ناسـاندووە ، هـەر بـەهرەش شـاعیر هـان دەدات لـە ئاقارێـك نەوەسـتێ و گۆڕەپـانی دی تـاقی بکاتەوە . لە کـۆن ڕۆڵەیـەکی پـیرۆزی بـەهرەیان لـە شـیعردا دەسـت نیـشان کـردووە و بـە (ئیلـهام) ناودێریـان کـردووە ، بـەلام سـەرباری بەهرە دەبێ تاقی کردنەوەی ژیان و ئەزموونی دەوروبەر بچێتە پـاڵ. شاعیر ڕاستگۆیانە لە هەست و سـۆزی خـۆی شـیعر هـەڵێنجێ . بـێ گومــان خوێندنــەوە ، ڕوونــاکبیری ، ڕامــان و بیرکردنــەوە ئەمانــە تەواوکەری مەرجەکانی شیعری بەهرەدارێکن .

جارێکیـان لەگـەڵ برادەرێـك دیـدەنیی شـاعیرێکی لاومـان کـرد . دەفتەری شیعری دەرهێنا و بۆی خوێندینەوە برادەرەکـە بـەبێ سـێ و دوو گووتی من توانای نووسین لەتۆدا دەبینم ، بەلام حەزدەکەم لە جیاتی شیعر ، چیرۆك بنوسیت . بەو بڕوایە بەهرەی بەدی نەدەکرد .

زۆر کەس گاڵتەی بە بەهرە دێ ، بـەلام وانییـە . شـیعر ، چـیرۆك ، ڕۆمان ، شانۆیی بـا پـڕ بـن لـە کەرەسـتەی ڕۆشـنبیری و فەلـسەفە و جوانکـاری ، کـە خاوەنەکـەیان بـەهرەدار نـەبێت کارەکـە وەکـو ئـەو لێکۆڵینەوە ئەکادیمیانە دەردەچێت کە قوتابیەیەکی زیـرەك دەتـوونێ لە هەر بوارێکی ئەدەبیدا (تێز)ێـك پێـشکەشبکات ، بـەلام پاشـان بـە

هیچ  جۆرێك بەلای بابەتەكەوە ناچێت و لێی نامۆ دەبێ ، چونكە زیرەك بوو ، بەڵام بەهرەدار نەبوو .

*** ئەگەر بڵێین نەخشەیەكی فراوانی شیعری كوردیمان بدەیتێ لە هەموو قۆناغەكان . چیمان دەدەیتێ ، یان دەنگە دیارو كاریگەرەكانی هەریەك لە قۆناغەكانمان بۆدەست نیشان بكە و لەچۆنیەتیی كاركردنیان بدوێ؟**

ـ وەكو عەرزم كردن دیاركردنی قۆناغەكانی شیعری كوردی دەست نیشان كردنی دەنگە دیارو ڕەسەنەكانن . بابەتی لێكۆڵینەوەیەكی زانستییە ، دەڵێم باسەر پێیانە قسە نەكەم ، بەتایبەتی قۆناغی سالانی نەوەدەكان . كەوا بەرهەمێكی زۆر و چاپەمەنییەكی زۆر دنیای ڕۆشنبیرییان ڕووناك كردووەتەوە .

*** لە چركەی سروش و سات و دەمی نوسیندا ، ئایا گوێ لە گۆرانی و مۆسیقا دەگریت ، یان گۆرانی و مۆسیقا لە پێكهاتەی ئەدەبیدا ڕۆڵیان چییە ؟**

ـ دەربارەی چركەی سرووش و دەمی نووسین . گوڵی سەربوردە و نەریتی سەیری نووسەرانم خوێندوەتەوە ، وەكو ئەوەی كە دەڵێن هەیە لەو كاتەدا دەبێ گوێ لە مۆسیقا بگرێت . ڕەنگە هەبێ حەز لە خۆراكی و نەرم و گەرم و چەور بكات لای بێ ، بیستوومە كەوا (جاك لەندەن) كە دەینووسی دەرگای ژوورەكەی بە كلیل كڵۆم دەدا. پەردەی ئەستوری بە پەنجەرەكان دەدا .. شاعیرێكی تر ناوەكەم لە یاد نییە كلاّفەیەك پرچی یارەكەی لەناو دەفرێكی نەخشیندا لە بەردەمی خۆی دادەنا . شاعیرێكی لای خۆشمان هەتا قۆرییەك چا ، دیشلەمەی نەخواردباوە ، شیعری نەدەنووسی .

ئەمانە وا ، بەڵام نووسین خۆ تەرخان کردن و ئامادەکاری پێ دەوێ . لەو کاتەدا بۆ نووسەر بێ دەنگی و کشوماتی لە هەموو شتێك پێویست ترە ، بۆیە بەلای منەوە ئەگەر دەنگی گۆرانی و مۆسیقا بێتە گوێی لەوانەیە بیرو خەیاڵی بۆشوێنی جیاجیا پەرت و پەخشان بێت . خۆتان دەزانن مۆسیقاش زمانی هەیە و مانا و مەبەستێك دەبەخشێت ،جگە لە هەست جووڵاندن و دڵڕاکێشان . جا ئەگەر بۆ بەر لەکاتی نووسین پێویست بێت ، وەکو دەروێشان کە بەهۆی دەنگ و ئاوازی مۆسقاوە بەرەو خرۆشان و گەشکەگرتن دەچن ، ئەوە حاڵەتێکی شیعریانەیە ، واتا خۆی شیعری پێك هێناوە ، بەڵام نووسەر ناتوانێ شیعری تێدا بنوسێت .

وا باوە (کولەریدج) شیعری درێژی(قەبلای خان) ی لە باری بەنگ کێشاندا داناوە ، چونکە زۆربەی شیعرەکە کە پێچ و پەنا و وڕێنە و بێ ئاگایی پێوە دیارە ، بەڵام ڕەخنەگران ئەوە ڕەت دەکەنەوە و دەڵێن کولەریدج با ئەو خووەشی هەبووبێ، واتا تلیاکی کێشا بێت ، بەڵام تلیاك کێش لە کاتی کێشانیدا ناتوانێ بیرێکی ڕێك و بە ئامانج وەبەربهێنێ . ئاخر تاقەتی ئەو جۆرە بیرکردنەوانەی نییە . بەڵام کە دەپرسن گۆرانی و مۆسیقا لە پێکهاتەی ئەدەبیدا ڕۆڵیان چییە ؟ بەڵێ ، هەر شیعرە دەبێ بە گۆرانی و هەر چیرۆکە دەبێ بە بناغەی سیمفۆنیا و ئۆپەراو بالێ . خۆ ناونانی پارچە مۆسیقاکان بەناوی جوان جوان و مەبەست گەییێن دەیان کا بەشیعر و چیرۆك . لەلایەکی تریشەوە شاعیران لە سیمفۆنیا ، سەرەتا و کۆمەڵێك دەنگی جیاواز و ترپەی دوایی دەخوازنەوە و لەسەر شێوەی ئەو شیعر دادەڕێژن ، خۆ ڕەمزییەکان بە جارێ شەیدای مۆسیقا بوون. هەر هەوڵیان دەدا جۆرە ئاوازێکی مۆسیقایی بخەنە ناو تانوپۆی شیعرەکانیان . وەکو

گوتم مۆسیقا هەر دەنگ و ئاواز و خەیاڵ نییە ، بەڵکو ماناشە . خۆ دیومانە لە جیاتی دوعا ، یان شیعری شێوەن ، لە هەورامان بە شمشاڵ مردوو بەڕێ دەکەن . هەرچی دەهۆڵ و زوڕنای شاییشە ، ئەوە مەلایەك دەیگوت : " بە زمانی ئەجندان قسە دەکەن و ختووکەی شەیتان بە دڵی ئاهەنگ گێڕان دەڵێن" .

زۆر پارچە شیعر بەهۆی ترپەی کێش و ئاهەنگی دەنگی پیتە ڕیز بەستووەکان دەڵێی گڕی مۆسیقای لێ هەڵدەستێ . ڕەنگە (نەزار قەبانی) ئەو کاریگەرییە مۆسیقاییەی مەبەست بوو بێت ، بۆیە کۆشیعرێکی پڕ لە دەنگ و ترپە و ناسکی ناو ناوە (سامبا) .

*** جوانیی شوێن لە ئەدەبدا دەوری چییە . تۆ لە کۆیە لە دایك بوویت و ژیاویت ، ماوەیەکی زۆریشە لە بەغدا دەژیت ، لەکاتی نوسیندا شوێنی لە دایك بوون گرنگە ، یان شوێنی ژیان ؟**

ــ دەم و جێ ، یان کات و شوێن دوو ستوونن گەردوونیان هەڵگرتووە . شوێن لە ئەدەبدا ڕۆڵێکی گەورە دەگێڕێت . شیعری مرۆڤانی بیابان ، یان وڵاتانی بەفر و بەستەڵك ، یان دەشت و بەراو ، یان چیا و دارستان وەکو یەك نییە . مۆرك و دروشمیان ڕەنگدانەوەی دەوروبەری شوێنەکەی .

پێشتر (بەزمەساتی خوایی) دانتیمان باس کرد . تۆ سەیرکە ئازارو ئەشکەنجەدانی دۆزەخیان لای دانتی بە سەرما و سوڵە و شەختەیە ، بەلاّم دۆزەخەکەی ئێمە ئاگر و گەرما و داروبەردی داغە . ڕەخنەگران ڕەخنەیان لە هەندێك شاعیری عەرەب دەگرت کە وێنەی بەفر و سەهۆڵبەندانی ناو ئەدەبی ئەورووپایان دەگواستەوە ناو شیعرەکانیان ، لە کاتێکدا نەدیتوویانە و نە شوێنەکەی خۆیان لەو وێنانە نزیکە .

ئـەو شـارەی لێـی ژیـاوین: گـەڕەك كۆڵانـە ، بـازاڕ ، حەوشـە ، پەنجەرە. هەمووی لە قووڵایی نائاگایی نووسەردا وێنـەیان چەسپاوە ، ئێمـە هەمیـشە یادیـان دەكەینـەوە و بەتاسـەوە لەبـەر دیـدەی خەیاڵماندا دەبرووسكێن . هێشتا (كۆیە) و دیمەنی ڕووبار و گەرمووك و كانیلـە و گۆڕسـتانی دەروێـش خـدر و مزگـەوتی مـەلا ئەسـعەدی ، ژووره تاریكەكەی شێخ عەبدوڵلاّ هەر لەگەڵمدا دەژین . با لە بەغداش بم . یادگارەكـان ناسـڕێنەوە . بۆیـە لەگـەڵ مـستەفا بـەگی كـوردی دەڵێم:

ڕۆژ و شەو دایم لەبەر دیدەی خەیاڵم حازری

جا چ فەرقێكی هەیە بۆ من ئیتر ئێرە و ئەوێ

سەیری كە (دیـدەی خـەیاڵ) چ داڕشـتەیەكی هونـەر كـرد و جوانـە ، بەڵام شوێن لە ژینگەی بەغدادا ئەویش كاریگەریی خۆی هەرهەیە ، لە هەندێ شیعردا دیمـەنی دارخومـا ، ڕووبـاری مەنـد ، مـانگ ، تریفـەی مانگە شەو ، قرچەی گەرمای ئاب و ئەیلوول . شەوانی بەغدام پێشان داوە ، تەنانەت پارچە شیعرێكم بە ناوی (دارخورما) بۆ ئازەربایجـانی وەرگێڕدراوە ، بەڵام بۆ گرنگی . بێ گومانم شوێنی(هێلانە) ئێجگار لە شوێنی ژیانی دوای ئەو گرنگترە . بەتایبـەتی كـە ڕووداو و هاتوبـاتی سـەردەمی منـداڵیی تـا گـەورەیی و پیربـوون كاریگـەرییان بەسـەر كەسێتیی مرۆڤەوە هەیە

پیرەمێردی شاعیر گووتویەتی كاتێك لە ئەستەمبووڵ لە تەلاری میرو شازادەكاندا دەخەوتم ، بەشەو خەونم بە باخەكانی گوندی وێڵـەدەری شارباژێڕەوە دەدیت كە بە منداڵی هەنارم لێ دەدزی .

*** پێوەندییەکانی مۆسیقا و شێوەکاری بە شیعرەوە چییە . کە مۆسیقاو شێوەکاری دوو ڕەگەزی گرنگن و بوونیان بەردەوام لە ناو شیعردا هەیە ؟**

ـ یەکێك لە بنەما گیانییەکانی شیعر مۆسیقایە . کێش و ترپەی ناوەوە ، دەنگی پیتە هاو ئاهەنگ و پیتە چرپەدارەکان ئاوازێکی مۆسیقایی دروست دەکەن . زۆر ڕستە و دێڕە شیعر وشەکانی بریتین لە پارچەیەك مۆسیقایی دروست دەکەن . زۆر ڕستە و دێرە و شیعر وشەکانی بریتین لە پارچەیەك مۆسیقا — چ شادی و چ خەمگینی —ی پێنج خشتەکییەکی عەبدوڵلا بەگی ئەدەب ، هەندێ شیعری مستەفا بەگی کوردی بە نموونە بلێسەی مۆسیقایان لێ هەڵدەستێ. جاران دەیانگوت ئەم جۆرە شیعرانە بە زەمزەمەن . لێرە ماوەی ئەوە نییە هەندێ نموونە پێشکەش بکەم .

بێ گومان شیعر دەبێ کێش و ترپەی تایبەتی خۆی هەبێت تا لە پەخشان جودا بکرێتەوە . لە کوردیدا کێشی عەرزوومان هەیە کە لە سەر بنەڕەتی ڕیزبوونی بڕگەی کورت و درێژ و جۆراوجۆریان دروست دەبێ ، هەروەها کێشی هیجا ، یان ژمارییمان هەیە کە پشووی نێوان چەند بڕگەیەك و ترپەی گشتی دێرەکە و جۆری خوێندنەوە ئەرکی مۆسیقاکەی بەجێ دەگەینن . زانایان دەڵێن شیعری بێ کێش و مۆسیقا لە دنیادا نییە و گیانی شیعر مۆسیقایە . لەلایەن شێوەشەوە شیعری درێژ سوود لە بنیاتی سیمفۆنیا دەبینێ.

شیعر کەوا مۆسیقایە هونەری شێوەکاریشە ، چاوەندازی سروشت، یان دیمەنی ڕووداوی کۆمەڵایەتی و وێنەی پەرێشانی و پەژارەی مرۆڤ و دەربڕینی هەستەکانی ناخی بە شیعر ئەمانە هەمووی ڕەسم و نەخشاندنی نیگارن . هەندێ دیمەنی ناوەوەی دەروون ئەگەر نەتوانرا

به ڕەنگ و هێڵ و مەودا پیشان بدرێت ، ئەوە لە شیعردا بەهۆی وشەوە ، ئەنجا بەهۆی هێماکردن و نیشانەوە دەتوانرێ بە ئەنجام بگەیەنرێت ، بەلاّم هونەری شێوەکاری و شیعر جیاوازییەکی سەرەکییان هەیە . لە تابلۆدا ڕیزکردنی ڕەنگ و تێکچڕژانیان و دانانیان بەبێ ئامانج ، جوانییەك هەر پەیدا دەکات . کەوا تیشکی ڕەنگەکان وەکو پەلکە ڕەنگینە ، ئالّووالاّیی ، بریق و باق و درەوشانەوە لە ئاوێنەی چاوی بینەر دەدەن و هەستی جوانی دەبزوێنن ، بەلاّم ڕیزکردن و دانانی وشە بەبێ ئامانج و بەو ئاژاوە و تێکڕاییە شیعر دروست ناکات . بیشیکات ، شیعرێکی بێ مەبەست و بێ هوودە دەبێت

*** کێشەیەك لەناو شیعری کلاسیکدا هەیە ، هەندێك دەڵێن : شیعری ئایینیمان هەیە و شیعری تەوسەوفمان نییە . هەندێکیش دەڵێن : شیعری مەحوی و جزیری شیعری تەسەوفن . ئەگەر بکرێ لەم بارەیەوە قسەمان بۆ بکەیت ؟**

- هەروەکو شیعری سۆفیانە هەیە شیعرێکیش هەیە بە عەرەبیی (زوهد) ی پێ دەڵێن. ئەگەر هەردووك لە دینداری خواپەرستیدا لە ئامانجی دوور یەك بگرنەوە، بەلاّم لە بناغەو فەلسەفە و بونیادا جیاوازن .

سۆفیاتی بزوتنەوەیەکی (فیکری)یە و لە ڕێگەی هەندێك کاریگەریی واتایی گیانی و کاریگەریی هەستداریی جەستەییەوە تاك ئامادە دەبێت بۆ پەروەردە بوون لەسەر پێڕەو و بەرنامەیەکی تایبەتی کە دڵی بە خۆشەویستی وا مشتومالّ بێت ، کە لە ڕێگەی تێکۆشانەوە بۆ نادیار بەرزبێتەوە و بە خۆشەویستیی خوا بگات . ئەم ڕێبازە فیکرییەش هەر تایبەت نییە بە ئیسلامەتی . لە کۆن و ئێستاش لە

لای هەندێ دەستە و ئایینزای هیندی و ئاسیایی هەر هەبووە و هەیە. سۆفیاتی لە دڵەوەیە و سەودا لەگەڵ دڵە ، زوهد لە ژێرییەوەیە .

شیعری سۆفیاتی زاراوەی تایبەتی خۆی هەیە و ناوی قۆناغ و پایەکانی پێگەیاندنی مرید و گەیشتن بە نادیارەکە و حاڵەتەکانی مریدی تێدا دەخوێندرێتەوە . سەیردەکەی شیعرەکە یەك پارچە دڵدارییە ، بەڵام ئەو زاراوە و ئەو حاڵەت و قۆناغانەی سۆفیاتی تێدا دەبینین ئەوسا دەزانین ئەمە سەر بەو ڕێبازەیە . دەربڕینی ئەو حاڵەتانەش زۆرجار شیعرەکە چڕ دەکەن و جگە لە دیوی دەرەوەی ئاشکرای ، دیوی ناوەوەی شاردراوەی پێ دەدەن . یەکێك شارەزای بیر و فەلسەفەکە نەبێت لێی تێ ناگات ، یان بە وڕێنە و (شطحات)ی دادەنێ .

کورد لە سۆفیاتیدا دەوری دیاری هەبووە . لە کۆنەوە ناوی هەندێ شێخی کوردی سۆفیاتی لە ئەدەبیاتدا دەبینین . لە سەدەکانی پێشوودا ڕێبازی (قادری) سەر بە عەبدولقادری گەیلانی لە کوردستاندا پەرەسەندوو بوو ، لەسەدەی نۆزدەمیشدا مەولانا خالیدی شارەزووری ڕێگەی نوێکەرەوەی (نەقشبەندی) بڵاوکردەوە . مریو لایەنگرێکی زۆری نەك هەر لە کوردستان ، لە عێراق و شام و تورکیاشدا بەدواکەوت ، بەڵام شیعری (زوهد) موناجات و پارانەوەی لە خودا و ستایشی پێغەمبەر و یارانە و هاندانی خەڵکە بۆ لە خواترسان بە باسی مردن و قیامەت و دۆزەخ و دەستبەرداری دنیای فانی وپەیڕەوکردنی بنچینەکانی ئیسلامەتی .

شاعیرانی کۆنمان وەکو شاعیرانی تری ڕۆژهەڵات لە نووسینی شیعری سۆفیانی دوانەکەوتوون . هەر بۆ نموونە چوارینەکانی بابە تایەری عوریان ، دیباجەی مەم و زینی خانی و هەرچیرۆکەکە

خۆیشی . ئەنجا دیوانی مەلای جەزیری نموونەی جوانی شیعری سۆفیانەن . بابە تایەر لە ململانێی سۆفیانەی نێوان خۆی و دڵەکەی ، کە دڵ کانگەی خۆشەویستی و ناسینی خوایە . کەوتووەتە مۆڵەکە ، چونکە ناگاتە ئامانجی پێك گەیشتن :

**مەگەر شێرو پڵنگی ئەی دڵ ئەی دڵ**

**بە موو دایم بە جەنگی ئەی دڵ ئەی دڵ**

**ئەگەر دەستم ڕەسەد خوونت بریجەم**

**بوینم تا چ رەنگی ئەی دڵ ئەی دڵ**

ساف هیرانیش یەکێکە لە شاعیرانی ڕێگەی (قادری) و لە خۆشەویستیی (قوتب)دا تواوەتەوە و دیوانەکەی دەلێی کەمانچەی خۆشەویستیی دەروێشانەیە . هەموو ئاوازی دڵی عاشقی بە دنیادا دەوەشێنێ . شیعری مەحوی کە دەبوو سەرچاوەیەکی شیعری سۆفیانە بووایە ، بەڵام داخەکەم ململانێی نێوان ڕێگەی قادری و نەقشبەندی وای لەو شاعیرە کردووە کە ڕوو لە شیعری (زوهد) بکات . ئەوەتا دان بە سووکیی و نزمیی پایەی خۆی لە شێخایەتی سۆفیانەدا بنێ:

**چبکەم نە ئەو کەسەم کە کەسم بێ لەلا بە کەس**

**خۆش نەگەیمە ئەو کەسە ، ئەو من بکا بە کەس**

یان نەدەبوو بکەوێتە شەڕە قسە و بڵێ (کەسێ بەردم تێ بگرێ من بەرقی تێ دەگرم) . کەچی بابە تایەر وەکو شێخ عەبدولقادری گەیلانی خۆی بە بازی هەمەدانی و مەلی ئاگرین داناوە :

**منم ئان ئاخرین مورغێ کە فی الحال**

**بسووجەم عالەمێ گەر بەر زەنەم بال**

(مصور) گەر کەشەد نەقشم بە دیوار
بسووجم عالەم أز تأثیری تیمثال

جا لێکۆڵینەوەیەکی بە پشوو ، بێ گومان گەلێك نموونەی بەرزی شـیعری سـۆفیانە لـە دیـوانی شـاعیرانی کۆنمانـدا بـەدەردەخات ، بەتایبـەتی لـە دیـوانی مـەحوی–دا کـە لـە زۆر لاوە درەوشـانەوەی ڕێبازی سۆفیانەی لێ بەدی دەکرێت .

* لە گۆڤاری (ڕامان) ، ژمارە (١٠٦ ) خولی سێیەم ،ساڵی یازدە ،تەمموزی ٢٠٠٦ ،ل٤٤– ٥٤بڵاوکراوەتەوە

## عەبدولڕەزاق بیمار:
## بانگەوازی روانگە دڵخۆشکەر بوو بۆ ئەوەی شیعری کوردیش لەگەڵ شیعری هاوچەرخی رۆژهەلات بەئاستی بەرزدا بڕوات

عەبدولڕەزاق بیمار ناوێکی دیار و پڕ کار و بەرهەمی ناوەندی رۆشنبیری کوردییە . ساڵی ١٩٣٦ لە شارۆچکەی کۆیە لە دایکبووە ، دەرچووی بەشی کوردی زانکۆی بەغدایە ، یەکەمین شیعری خۆی ساڵی ١٩٥٣لە رۆژنامەی (ژین)دا بلاوکردووتەوە . خاوەنی چەندین کتێبی چاپکراوە . هەندێك لەوانە : کێش و مۆسیقای هەڵبەستی کوردی ، پەخشانی کوردی ، شانۆی کوردستان ، دیوانی بنەوشەکان ، ناوچەوان ، دلّداری ئێمە ، کانیلەو خۆشەویستی ، نان و دەریا ،... هی تریش .

*** حەز دەکەین لەو پرسیارەوە دەست پێبکەین ، بۆچی رووت لە پسپۆری بواری ئەدەب کرد ؟**

– لەوانەیە گەلێ شت هەبن ببێتە پاڵنەری هەر کەسێك لەوەی شارەزاییەك لە بواری زانیاری و زانست پەیدا بکات ، لەوانە مەڵبەندی کۆیە دەورێکی گەورەی بووبێت ، بەتایبەت شاعیرو ئەدەب و مزگەوتەکان وەکو قوتابخانەی ئەدەبی لەناو خەلکدا تەماشا دەکران ، جگە لەوەی بارودۆخی ساڵانی ( ١٩٤٨ – ١٩٤٩ ) کەوا خۆپیشاندانی زۆر و کاریگەر دەکرا ، خەلك زۆر دەورووژان و سیاسەت لە دەوربینینی خۆی بەردەوام بوو ، شیعری سیاسی دەخوێندرایەوە ، شیعرەکانی (دلّزار ، دلّدار و شێخ ئەنوەر ) جگە لە کۆمەلێ شاعیرانی پێشتری وەکو (حاجی قادری کۆیی ، سەید

ئەحمەد ، عەونی ) ئیتر ئەمە کەشوهەوایەکی ئەدەبی لە کۆیە دروستکردبوو ،لەقوتابخانەی ئەدەبی بەگشتی و شیعر بەتایبەتی شتێکی زۆر زۆر باوبوو ، لەم بارەوە خۆمان تاقی کردەوە ، من لە قوتابخانەی ناوەندی لەگەڵ (خالید دلێر) بووم ، زۆر پێش من لە ئەدەب و شیعر شارەزایی باشی هەبوو ، ئەوسا گۆرانیبێژێکی زۆر زۆر لێهاتوو فرە بەهرە بوو ، لە کۆڕ و دانیشتنی باوکی لە نزیکەوە ئاگاداری شیعر و مەقاماتی کۆن بوو ، ئەوەش دەورێکی زۆر گەورەی هەبوو کە زیاتر هانم بدات بەرەو پیری ئەدەبەوە بچم ، لەو بوارەدا هەلبژاردنی پسپۆریەك لە پسپۆریەکان دەکەوێتە سەر ئەوەی کە ئەو کەسە سەرەتا کەفوکولێکی هەیە لە شیعر دانان ، بەلاّم ئایا بەهرەدارە یان نا ، ئەو بەهرەیە تا چەند دەمینێتەوە کە دەوری ژیانی دەگۆڕێت ، لە مێرد مندالیەوە بۆ هەرزەکاری و گەنجی و بەرەو بەرپرسیاریەتی ژیان ، تا چەند دەتوانێ خۆی بگرێ و ئەو بەهرەیە پێش بخات .

*** نوێکردنەوەی شیعر بەلاتانەوە چی دەگەیەنێت ؟**

– شیعر لەدێر زەمانەوە هەبووە ، مەسەلەن بابەتێکی وەکو دلّداری لەوانەیە پێش هەزار سالّیش هەبووبێ و زیندووشە . ئەو شاعیرەی ئێستا باسی دلّداری کردووە ، یان شیوەن کە یەکێکی لەدەست چووە ، بەلاّم شیعر سەر بۆ دوو شت دادەنوێنێ ، یەکەم : باری ژینگە ، ئەو رووداوانەی کە لەماوەیەکدا لە مێژوو روودەدەن ، وەکو روودانی شۆڕشێك ، یان کارەساتێك ، بێگومان ئەمە دەورێك دەگێڕێت ، دووەم : لایەنی فیکر ، پەیدابوونی چەند خاوەن فیکرێکی بەتوانا وتێگەیشتوو ، کە سەر لەنوێ بیردەکەنەوە کە ئەم شیعرە تا ئێستا دەقی خۆی گرتووە ، لەچ بارێکدایە و پێویستی بەنوێکردنەوە

هەیە ، یان نا . جا گۆڕانی بارودۆخی مێژوویی وایکردووە بە (١٠) ساڵ (١٠) دەخوێننەوە ، واتە دە ساڵی ئەوەندە ، بەلام ئەمە مەرج نییە ، لە حەفتاکان ،لەهەشتاکان ، لە ئەوروپا پێش شۆڕشی فەرەنسا ، دوای شۆڕشی فەرەنسا ، پێش شەڕی یەکەمی جیهان ، دوای شەڕی یەکەمی جیهان ، ئەم رووداوانەی ئەوروپا وایکرد کە ئەو نەوەیەیی شاعیرانی دوای ئەم کارەساتانەوە هاتوون ، سەر لەنوێ چاو بگێڕنەوە بە شیعری پێش خۆیان ، هەنگاوێ بەرەو پێشکەوتن و نوێکردنەوە چ لە روخسار بێ، یان لە ناوەرۆك ، وابزانم زەمانە خۆی دایدەسەپێنێ ، دەبێ شاعیران لە جێی خۆیان نەمێنن و چاوبگێڕنەوە بۆ ئەوەی نوێکردنەوە بێتەکایەوە .

*** ئەو داهێنانەی کە گۆران کردی ، ئەگەر بەراوردی بکەین لەگەڵ سەردەمی ئەمرۆکەماندا کەشاعیرانی ئەم سەردەمە ئەنجامیان داوە، چ بەراوردیەك دەبینی.**

– گۆران یەکێکە لە هەلکەوتووانی ئەدەب ، هەر نەتەوەیەك ئەدەبیبێکی هەیە کە تا دێر زەمان رەنجی ناچێتەوە ، لەوانە (شکسپیر) لای ئینگلیز ، (پووشکین) لە رووسیا ،(لامارتین)و (ڤیکتۆر هۆگۆ) لە فەرەنسا ، دوای ئەمانە چەند شەپۆلی ئەدەبی هاتن ، چەند قوتابخانەیەك دامەزران ، ئەمانە سەنگی خۆیان هەر ماوەتەوە ، گۆرانیش لەو بابەتەنەیە ، یانی ئەو پیاوە هەر لەو رۆژەی دەستی داوەتە قەلەم هەر بەهرەی نواندووە ، تا دوا ژیانی ، بەڵێ ئێستا زۆر پێشکەوتن لەشیعردا هەیە گۆڕاوە، شاعیری بەهرەداری وەك : (شێرکۆ بێکەس) ، یان (لەتیق هەلمەت) خەڵکی دیکە گەڵ رێچکەی ترو بواری تریان گرتووە کە ئەوسا ( گۆران) نەیگرتبوو ، بەلاّم جیاوازی ئەو لەگەڵ شاعیرانی ئێستاو کاتی خۆی (زمانەکەیە) ،

زمانی گۆران کۆن نەبووەو شاعیرێکیش نەیتوانیوە خۆی لە زمانی گۆران بدات .

*** قۆناغەکانی نوێکردنەوەی شیعری دوای گۆران ، چۆن دابەش دەکرێت و کێن ؟**

– دوای گۆران سالآنی ١٩٦٣ سەردەمی قاتوقڕی بوو ، واتە بەنەمانی گۆران ئەو قوتابخانەیەش نەما، هەرچەندە قوتابخانەیەکی راگەیاندراو نەبوو ، بەلام شاعیران هەبوون وەك :
**(حەسیب قەرەداغی ، ع .ح.ب، کامەران موکری ، دیلان ، عەلی فەتاح دزەیی )** ئەمانە لەیەك ڕوانگە و بە چاورۆونی گۆران بوو ، چونکە خۆی کە رۆژنامەی ژینی دەردەکرد وەکو رابەرو رێنیشاندەرێك بوو ،ئەم (دە) ساڵە قاتو قڕی بوون ، رۆژنامە دەرنەدەچوو هەموو (٥–٦) کتێب نەهاتە بازاڕەوە ، تا ساڵی (١٩٧٠)پاش بەیانی یازدەی ئادار ، ئەوەی زۆر سەرنج ڕاکێش بوو دیاردەو بەیاننامەی **(روانگە)یە کە ( حوسێن عارف و جەلالی میرزا کەریم ، شێرکۆ بێکەس ، جەمال شارباژێڕی ، کاکەمەم بۆتانی)** رایانگەیاند ، بانگی ئەوەنیاندا کە گەلێ شتیان بەدەستەوەیەو دەتوانن بیکەن ، ئاگادارکردنەوەیەکی کاریگەریان هەلخست بۆ نوێکردنەوە ، ئیتر لە دەرەوەی روانگەش شاعیری بەهرەداری تر هەبوون هەر ڕێچکەی تازەکردنەوەیان گرتبووەبەر ، بەلام بانگەوازەکەی ڕوانگە دڵخۆشکەر بوو بۆ ئەوەی کە شیعری کوردیش لەگەڵ شیعری هاوچەرخی رۆژهەلات بەئاستی بەرزدا بڕوات ، ئەوەشمان لە بیر نەچێت بەیانێکی توندوتیژی شیعری وەکو بەیانەکەی ئەوان لە ئەدەبی عەرەبیدا لەلایەن : **(فازل عەزاوی ، فەوزی کریم ، خالید عەلی مستەفا ، سامی مەهدی)** ، دەرکرابوو کەوا

دانیان بەهیچ شتێکی کۆندا نەدەنا ، تەنیا دەبێ نوێکردنەوەبێ ، هەروەها چیرۆکەکانی (حوسێن عارف) کەوا ڕێچکەیەکی تازەیان گرت و زیاتر دەیڕوانییە ئەدەبی گەلانی دنیا ، لەوانە بڵێم (ئەدۆنیس) دەورێکی گەورەی هەبوو بۆ سەرنجڕاکێشانی شاعیرانی لاوی ئەوسا ، ئەمانەش دوو بەش بوون یەکەمیان : ئەو لاوانەی کە خۆیان بناغەیەکی ئەدەبی و بەهرەیەکی باشیان هەبوو ، توانیان بەچاو بڕینە دەرەوەش بێ ، بەوێنەی شیعری تازەو بەشێوازی تازەو هەندێك بابەتی تازە بێتەشیعرەوە ، دووەمیان: کەوتنە شێوەیەك لەوانەیە بڵێم کە بەس خۆیان تێ دەگەیشتن و کەس لێیان تێ نەدەگەیشتن ، پیاوێکی بەهرەداری وەك : (لەتیف هەلمەت) بەبێ ئەوەی ئەم لاو ئەولا بکات ، توانی لە سەر شێوازە ریالیزمەکەی خۆی ، گەلێ بەهرە بنوێنێ ، بەلام (شێرکۆ بێکەس) بە پێچەوانەی ئەو ملی دایە هێنانی ڕێبازە تازەکانی بۆ ناو ئەدەبی کوردی ، ئەو سەرکەوتووانە توانی بەکاریان بهێنێت و لە شوێنی خۆی دایان بمەزرێنێ و داهێنان بنوێنێ .

*** پەیدابوونی ئەو دەستەو گرووپەی شیعری و دەرکردنی بەیاننامەی تایبەت بە خۆیان ، بەڕای ئێوە ئاخۆ ئەم گرووپانە توانیویانە خۆیان بچەسپێنن ، ئەگەر بەراوردی بکەین لەگەڵ ((ڕوانگە))؟**

– من بۆچوونم ئەوەیە کە شاعیری کورد سەیری جیهان دەکات ، جیهانیش ئەدەبەکەی وەستاو نییە ، بەتایبەتی لە فەرەنسا بۆ نموونە : دەبینین هەر بەینێ نا بەینێ شەپۆلێك پەیدا دەبێ ، هەر لەو (١٠) ساڵەی پاش بزووتنەوەی (وجودی) ئەوا (بونیادگەری) پەیدا بوو ، دوایی مۆدێرنیزم پاشان پۆست مۆدێرنیزم ، جا لەبەر ئەوەی

شاعیری کورد دەبێ ئاگاداری ئەو شتانەبێ ، من بە یەکەمی نازانم ، شاعیرانمان بێن و خۆیان لەم ئەزموونانە تاقی بکەنەوە ، بەلام بەمەرجێ دوو بنەمای کوردانە واتە بیرو فیکر کردنەوەیەکی کوردانە و ژینگەی کوردانە هەلچووبێ ، کە خوێندتەوە بزانی کە ئەو شیعرە کوردییە ، یان نەوەکو بخوێنینەوە بزانین کە ئەمە شیعرێکی ئەوروپاییە و وەرگێردراوە ، دووەم : خۆی بەهرەداربێ وتوانای رۆشنبیری ئەوتۆی بێ کە لە رۆشنبیری ئەوروپایی گەیشتبێ ، چونکە زۆر کەسم بینیوە کە لەبارەی بونیانگەری نووسیویانە ، گەلێ شتیان بەروونی وەرنەگرتووە، لەزاراوەکانی تێنەگەیشتونە و دایدەسەپێنن بەسەر ئەدەبی کوردی ، ئا ئەمە نابێ من حەز بەوشیعرەئالۆزانە ناکەم کە تەماوین و دەچنە ژێر بالی سوریالیەت ، بەلام لەسەرووی ئەوانەشەوە زۆر شیعری لەو بابەتانە هەیە کە پەسەندیان دەکەم لەوانەی ( سەباح رەنجدەر ) کە ئێستا دوو دیوانی پڕ گۆڕان و داهێنانی چاپکردووە، من دووراو دوور چاودێری ئەزمونی ئەم لاوە نوێخوازەم کردووەو ئاگادارم چەند سالە رێچکەی خۆی پەرەپێدەدا ، ئێمە لە هەشتایەکان لە گۆڤاری ( بەیان ، رۆشنبیری نوێ ) بووین ، شیعری دەنارد، بلاوکرابوایە یان نا . بەلایەوە گرینگ نەبوو ، قەت رۆژێ لە رۆژان تەنازولی لەو رێبازەی خۆی نەکرد ، سەیری شیعرەکانیشی دەکەی ، یان بلێین بیرو بۆچوونەکانی هەموو شتن ، ئەدەبی جوانن ،ئەورێچکەیەی گرتووە کە جۆرە بەخشنامێزیەکی تێدا زالە . جۆرێکە شاراوەیی تەمومژی لێ دەبینرێت کە خۆی لە باری بەجەماوەربوون ، یان بەجەماوەر نەبوونی ئەدەبەکەی بەرپرسە ، بەلام بلێی شیعر نییە ، بێ هیچ گومان خستنەوەیەك شیعرەوە شیعری جوانیشە .

*** زۆر جاران خوێنەران و رەخنەگران رەخنـەی ئـەوەدەگرن ، کـەوا هەردوو ژانری شیعرو پەخشان ئاوێزانی یەکتربوونـە، ئـاخۆ ئـەم دوو ژانـرە لـە سـەردەمی ئەمڕۆکەمانـدا چـۆن لەیەکترجیادەکرێنـەوە؟**

– بەڵێ ڕاست دەکەی ، لە ئەوروپا لە ئەنجامی ئەوەوە شیعریان لـە خوێنەر نامۆکرد ، بەڕاستی بـاری شـیعر زۆر زۆر تەسـکە ، شـاعیری گەورە هەیە (٣٠٠) دانە لە دیوانەکەی چاپ دەکات ، رۆماننووسـی وا هەیـە ، هــەر یەکــەو جــار ( ١٠,٠٠٠ ) دانــە چــاپ دەکــات ، ئــەو بەجەماوەربوونەی کە ڕۆمان یان شیعر جـاران هـەیبوو لـە ئـەوروپا ، وەکو جاران نەماوە ، ئەو دابەشکردنەوە کە ئێمە دەیزانین شیعرە ، یان پەخشانە ، ڕەنگە لەکۆندا وانە بووبـێ، لـە ئـەدەبی یۆنـانی هـیچ تراژیدیایەك نەبووە بەشیعر نەنووسرێ ، ئەو شانۆنامانەی کە زۆ باون ، ماوەتەوە هەمووی بە شیعر نووسراوە ، بەڵام ئێـستا شـانۆنامەیەك نییە بەشیعر بنووسرێ ، هەمووی بە پـەخشان دەنووسرێ ، لە بواری تیۆری رێبازەکانی ئەدەب بـواری ئالوگۆڕیـان هەیـە ، جـاری وا هەیـە لقێـك لـەو لادەردەکـات و لقەکـەی تـریش وشـك دەبـێ ، واتـە وەکـو درەخت وایە .

ئەوەی کە پێش بەینێ بەشـیعریان دەزانـی دەبوایـە کێـشی هـەبێ ، بابەتـەکانی دیاربـێ ، بـەڵام پـاش ئەمـە لەگـەڵێ لای میللـەتان و لای خۆشمان ئەوانە نەماوە ، بەڵکو دەبێ ترپەیەك (ئیقاع) هەبێ ، ئەوان ئێـستا زیـاتر بارەکـە ناخەنـە سـەر کـێش و پاشـان سـەروا ، بـەڵکو بارگرانییەکە دەخەنە سەر ئەو رستەو وێنەی کە گوتراوە ، تـا چـەند بارگەی شیعریەتی تێدایە ، لەسۆزو لەخـەیاڵ و لـە وێنـەی شـیعری ، زۆر جار رۆمانێکی گەورەی هی نووسەران دەخوێنیتەوە ، دە پـانزە لاپــەڕەی هــەروا تێدەگــەی بــەزمانی شــاعیرێ قــسە دەکــات و شــیعر

دەنووسێ ، تێکەلی کردووە ، کەوابێ جیاوازی نێوانیان شتێ نیە کە (تاپۆ) کرابێ ، یان دەبێ وابێ، هاتوچۆ دەکەن لە نێوانیان ، واتە ئەو جیاوازیە لای یەکێکە کە توانای نەبێ ، زۆر کەس وتارێك دەنووسێ پارچە پارچەی دەکات و سێ چوار وشە لەولاو لەم لا دەهێنێ دەیکات بەشیعر ، بەلآم ئەمە ئەو گەرم و گوڕیەی شیعریەتی تێدا نییە ، بارگاوی نییە لە وێنەی شیعریدا .

*** وێنەی جوان لەشیعری ئەمڕۆکەماندا چۆن دەبینیت ، لەروخسار ، یان لەناوەڕۆك ، یان لە هەردووکیاندا ؟**

– زۆر جار شاعیر هەولّی تازەکردنەوەی خۆی لە شکلّدا دەبینێ ، بەو پێیە کە لە کۆنەوە وتراوە هەموو کەس دەتوانێ فیکر بکاتەوە ، بەلام هەموو کەس ناتوانێ ئەو فیکرە دەربڕێ و بیخاتە قالبی رووخسارێکی جوانەوە ، وێنەی شیعری پێویستە سۆزو هەستی هەلّقولاو دروستی بکات و لەگەلّ خەیالّ لەسەر بنەمایەکی فیکر ، واتە ئاسۆیەکی فیکری هەبێ کەبزانێ شتی خراپ و چاکە لەیەکتر جیا بکاتەوە ، لەشیعری تازەدا پێویستە شاعیر بەوێنەیەکونیازێکیگەورەوەبیروبۆچوونی خۆی دەربڕێت و پێویست بەوە ناکات لێکدانەوەی بۆ بکات ، بەلآم پەخشان ئاسایی شیکردنەوەی زمانی لێکدانەوەیە ، بەلام شیعر لەوەوە وەکو پێوەرێکە بۆ دەست رەنگینی شاعیری نوێخواز .

*** ئەو رێزلێنانەی کەوا ئێستا لە کوردستان بۆ نووسەران و رۆشنبیران دەکرێ ، بەڕای ئێوە چ کاردانەوەیەکی دەبێ لە بواری نووسیندا ؟**

– بەپێی دنیای دیدەی خۆمان و ئەزموونمان ، ئەدیب و شاعیر لە باری زۆر ناخۆشی ژیاندا لە برسییەتی ، لە زیندان ، لەدەربەدەری و

له بارودۆخی نالەبار توانیانە زۆر بەرهـەمی جـوان پێشکەش بکـەن ، کەچی زۆر ئەدیب و ڕۆشـنبیر هـەبووە لـە بـارودۆخی خـۆش و باشـدا بوون ، کەچی نەیانتوانیوە بەرهـەمێ پێشکەش بکـەن کـە داهێنـانی تیابێ ، ئەو ڕێزلێنانە دەمێنێتەوە سـەر ئـەوە کـە ئـەو نووسـەرە تـا چـەند خزمـەتی کـردووە ، کـە شـتی وای پێشکەش کـردووە ببێتـە مایەیمانەوەی (ناو)ی خـۆی و مانـەوەی شـێوە ئەدەبیەکـەی ، نـەك بەو نـاوەی کـەوەختی خـۆی یـەکێ ( ٥ ـ ٦ ) وتـاری ئـەدەبی ، یـان ڕۆژنامەنووسی نووسیوە، ڕێز بەها زانینی بەرهەمی ئەدیب و شاعیران شتێکی باشە، بەلام نەوەك بەهەرەمی و تێکرایی .

*** دەرنەچـوونەوەی ڕۆژنامــەو گۆڤارەکـانی ( هاوکـاری ، بـەیان ، ڕۆشنبیری نوێ ) بەڕای ئێوە زەرەر نەبوو بۆ کـاروانی ڕۆژنامەگـەری کوردی، یان نەدەکرا ئەم ڕۆژنامەو گۆڤارانـە بەشـێوازو پرۆگرامێکـی تری جیا لەسەردەمی ڕژێم دەرچنەوە؟**

– لەو بابەتەوە ئەوەی مایەی خۆشییە لەهەولێرو سلێمانی و دهـۆك و کـەرکوك ، ڕۆژنامــەو گۆڤـار ڕۆژانەوهەفتانـەو مانگانـە دەردەچـن ، ئــەوەی کـە جـاران لـە بەغـدا ئـەو ڕۆژنامــەو گۆڤارانەیکـەدەوریان هەبووەو ئەوا ئەوساتە لەکوردستان نەبوون ئەگـەر هـەش بـوبێ ئـەوا دەست خوێنەرانی گەرمیان و بەغـدا نەدەکـەوتوون ، بـەلام ئەوەنـدە زۆرە بەنسبەت ئەدەبی کوردییەوە ( ئیکتیفای زاتی ) کردووە، بـەلام لەجیاتی ئەوانە لە بەغدا دەربچنەوە خۆزگە لەبەغدا چەند سـەنتەرێك دەکرانــەوە، چــاپەمەنیەکانی کوردســتانیان بەدەســت خوێنــەرانی کوردی بەغدا دەگەیاند ، ئەمە گـرینگترە ، بـەلام (ڕۆشـنبیری نـوێ و بەیان و ...هتد) دەربکرێتەوە .. هەر چۆنێ بـن نـاتوانن پێشبڕکێیی ئەمانەی کوردستان بکەن .

*** ئایندەی کورد لە مرۆدا چۆن دەبینیت؟**

– وەکو ئێمە لەبەغدا دەژین حیسابی ئەوە بکەین کە زیاتر ئاگادارین لە بارەی عێراق ، لە بارەی ژیانی کۆمەلایەتی باشوورو ناوەڕاستی عێراق ، زۆر سەختە مەسەلەی مافی رەوای گەلی کورد لە فیدرالیەت و لەسەربەخۆیی ، بەئاسانی لەبەرامبەر بگەینی ، دیارە زۆر خەتای بەرامبەریش نییە ، چونکە بەهۆی ئەو پەروەردەو ڕۆشنبیریەی کە لەڕژێمە یەك لە دوای یەکەکانی عێراقدا باوبووە ، لە هیچ سەردەمێك باسی کورد نەکراوە ، کەوا میللەتێك هەیە ناوی کوردە ، پێویستی بە مافی تەواوی خۆی هەیە ، بەرانبەر ئەگەر بەخراپە نەبێ ، بەچاکەش بێ شارەزایی لەپرسی کورد نییە ، خۆیان نەبان دەکەن لەوەی کەی کورد هاتووەتە عێراق ، ئەو شۆڕشانەی کە کورد لە پێناویدا کردوویەتی چین . جا لەبەر ئەوەی ڕوونیبکەمەوە کە کورد ئەو داخوازیانەی کە هەیەتیلەبەرامبەر بگەیەنێ : یەکەم : پێویستە کە خۆی ڕێگا خۆش بکات . دووەم : ئێمە لە زەمانێك دەژین دپلۆماسیەتی کورد پێگەیشتووە کە پێشان ئەو دپلۆماسیەتە نەبوو ، یان پێنەگەیشتبوو ، زۆر باشە کە ئێستا ئێمە نوێنەرانمان لە ئەوروپا و لە ئەمریکا هەیە ، دەتوانن قسە بکەن . زۆر بەرچاو روونم کە دوا رۆژی کورد رووناکە ، گەشەو ئەو میللەتانەش هەر چۆنبێت دەبێ تێبگەن و ئەو ڕاستییە بێتەپێش چاو کە کوردیش نەتەوەیەکە مافی تەواوی خۆی هەیەئەگەربەجیابوونەوەشبێت ، بەلاَم ئێستا بارودۆخێك هاتووتە پێش بەهاوبەشی بژیت . خۆ ئەم هاوبەشیەش تا سەر نابێ و دەبێت بەرەو قۆناغی سەربەخۆیی ببەین .

*** بەرهەم و کاری ئایندەت چین ؟**

– چـەند لێکۆڵینەوەیـەکی ئـەدەبیم هـەن ، خـەریکم پێکـەوەیان ببەستمەوە وەکو بڵێی زنجیرەیەك ببێت و ببن بـەکتێبێك ، هەنـدێك وتاری تری بۆ زیاد دەکەم بەو ناوە کـە (شـیعری کوردانـە لەسـەدەی نۆزدەهەمدا) بەو پێیە من لەبڕوایەدام کەوا شـیعری کـوردی سـەدەی نۆزدەهەم بۆتە شیعرێکی نامۆ ، هـیچ کەسـێ تـامو چـێژی لەشـیعری کلاسیکی کۆن وەرناگرێ ، مەگەر لەو دوایە کـە شـەرحێکی زۆری بـۆ کـرا ، لـەو ماوەیەشـدا هـەبوون شـیعری کوردانـەیان دەنووسـی و زمانەکەیان رەوان و کوردی و بابەتەکانیان زۆر لە کوردانـەوە دەدوان ، وەك : (تاهیر بەگ و مستەفا بەگی کوردی) ، ئەمانـە جیاوازییـەکی زۆریان هەیە لەگەڵ شیعری (نـالی و سـالم و مـەحوی) و ئـەوانی تـر ، هەروەها کۆمەڵێ وتار وەختی خۆی لە ڕۆژنامەو گۆڤارەکان کـە بـلاوم کردبوونەتـەوە ، ئەمانـەش خـەریکم دەیانکـەم بـەکتێبێك ، دیـارە ئەمانەش وەنەبێ ڕەنگیان چووبێتەوە، بەلکو لەو بڕوایەدام کە مایەی سەرنج دەبن ، هەروەها کتێبێکی ترم لەبـەر دەسـتە (ئـەو کتێبانـەی خوێندوومەتـــەوە) بەتایبـــەتی ئەوانـــەی کـــوردین ، زۆر ســـەرنجم دەربارەیـان نووسـیوە ، یـان رەخنـەو لێکۆڵینـەوەم بـۆ کـردوون ، ئەمانەش دەکەم بـە کتێبێـك ، بەرهـەمی ئێـستام هـەر کۆنەکانـە کـە نوێی دەکەمەوە .

* ئەم دیدارە لە گۆڤاری (کاروان )، ژمارە(١٩٦ )، مانگی ٧ی ٢٠٠٥ ، ل٧٥– ٧٩ بڵاوکراوەتەوە .



پرۆفیسۆر ئەوڕەحمانی حاجی مارف:

# بە هیممەتی کاک کۆسرەت کوردانە و گوردانە بەشی خوێندنی باڵا لە زانکۆی سلێمانی کرایەوە

د. ئـــەوڕەحمان بـــۆ گەيـــشتنە ئـــەم پلەوپايـــە بـــەرزە زانـــستی و کۆمەڵایەتییەی ئێستاکە، جگە لەوەی بوار و دەرفەتی چاك و بـاش و لەباری بۆ ڕەخساوە، ئەویش کەڵك و سوودی تەواوو زۆری لێ بینیـون و هەوڵ و کۆششی داوە لەدەستیان نەدا...

بۆی ڕێکەوت، پاش سـاڵێك دوای دەرچـوونی لـە قۆنـاغی ئامـادەیی، بچێت بۆ یەکێتی سۆڤیەت، تا لە وڵاتێکی وەها پێشکەوتوو بخـوێنێ. سەرباری ئەوە، شاری جوان و ڕەنگینی لێنینگـراد"پـیتر سـبورگ"ی بەرکـەوت، کـە لـە هـەموو ڕوویەکـەوە پێـشکەوتووترین شـاری ئـەو وڵاتەیە، بەتایبەتی لەڕووی کەلتوور و ئەدەب و شانۆ و زمانناسییەوە لەجیهاندا کـەم وێنەیـە... لـە بەشـە بەناوبانگەکـەی زمـانی ڕووسـیی کۆلێژی ئادابی زانکۆ دێرینە شکۆمەندەکەی ئەوشارە بووە قوتابی... لەو کۆلێژە هەژدە بەش هەبوو، کە لە هەربەشێکدا بەلایەنی کەمـەوە بیـست کەڵـە پرۆفیـسۆر وانـەیان دەوتـەوەو بەشـی ڕووسـیش لـە هـەموویان سـەرکەوتووتر بـوو... کـاتێ کەوتـە نێـو ئـەو کـەش و هەوایەوە، ئەویش هـەموو کـات و توانـستی بـۆ خوێنـدنی ڕاسـتەقینە تەرخان کرد... ئەوبەشەی ئەو لێی دەخوێند گەرچی ماوەکەی پێـنج ســاڵ بـــوو، بـــەلام ئـــەو بەچوارســـاڵ و پلـــەی بـــالا تـــەواوی کردودبلـۆمی"سـوور"، کـە تایبەتـە بـۆ ئەوانـەی سـەدی نـەوەدی نمرەکانیان بالایە–پێدا.... گەرچی دەیان جار فرمێسك بەچاوەکانیدا بـۆ وڵات و کەسـوکار و هاوڕێیـانی خوڕخـوڕ هاتۆتـە خـوارێ، بـەلام لەگەڵ ئەوەشدا، هۆگری و شەیدایی خوێندن و فێربوون و، زانیـاری و زانـست وایـان هانـدابوو، نەگەڕێتـەوە وڵات تـا ماسـتەر و دکتـۆراش تەواودەکات... ئەمەش بـووە هـۆی ئـەوەی سـیانزە سـاڵ لـەو وڵاتـە

بمێنێتەوە.... لەوسالآنەدا وێرای گرنگیدان بەباش فێربوونی زمانی رووسی و زانستە هەمە چەشنەکانی زمان، زۆربەی زۆری بەرهەمی کەڵە نووسەرانی رووسی، وەك: دۆستۆیێڤسکی، تۆڵتسۆی، گۆرگی...هتد. خوێندووەتەوە و ئەوەش، کە فریای نەکەوتبێ هاورێیان و دۆستانی رووسی بە تێروتەسەلی بەناوەرۆکەکانیان ئاشنایان کردووە... بەشێکی زۆری ئەو بەرهەمانەش، کە لەسەر شانۆ نمایش کراون بینیونی... بەڵگەی ئەم وتانەش ئەوەیە، کە وێرای ئەوەی د. ئەورەحمان لەبواری زمانەوانی و کورد ناسیدا گەلێ بەرهەمی بەکەڵکی وەرگێراوە، بەڵکو نزیکەی هەزار لاپەرەیەکی لە بەرهەمی ئەدەبیش کردووەتە کوردی، وەك"چارەنووسی ئادەمیزاد"ی شۆلۆخوڤ و "دوژمنان"ی مەکسیم گۆرگی و...هتد.

شیعرێکی زۆری"پوشکین" و"یەسێنین" و"مایکۆڤسکی"... لەبەرە.

هەر بەزمانی رووسی دەیان رۆمان و دراماو رازو چیرۆکی کەڵە نووسەرانی ئەوروپاو ئەمریکای، وەك:"بایرۆن"و"ڤیکتۆر هیگۆ"و "بەلزاك" و"دانتێ"و"هامنگوای"... خوێندووەتەوە.

گەرچی ئەو لە لێنیگراد دەیخوێند و د. کەمال مەزهەریش لە باکۆ، بەلآم بەردەوام نامەو تەلەفۆن لەنێوانیاندا هەبوو و ساڵی چەند جارێکیش لە لێنیگراد یان لەمۆسکۆ کاتیان پێکەوە دەبردە سەر و رێنوێنی و ئامۆژگارییەکانی د. کەمالی یەك بە یەکەم بەجێ دەهێناو کاریگەرییەکی ئەو گەورە پیاوە بەسەرییەوە زۆرە. لە لێنیگراد هاورێیەتییەکی توندوتۆڵی لەگەڵ د. مارف خەزنەدار و د. کاوس قەفتان هەبوو و بەبەردەوامی کتێب و گۆڤار و رۆژنامەی کوردی لێ وەردەگرتن و دەیخوێندنەوە. دوای تەواوکردنی قۆناغی ماجستێر بەساڵێك لەهەمان کۆلێژی ئادابی زانستگای لێنیگراد بە قوتابی

خوێنــدنی دکتــۆرا وەرگــیرا... لەبــەر ئــەوەی بابــەتی دکتــۆرای لەمەڕ"مێژووی فەرهەنگ نووسیی کوردی و شێوازی دانانی فەرهەنگی رووسی–کوردی"یەوە بوو، بۆیە زووتێگەیشت، کە بەجێ هێنانی ئەم کارەی ئێستای پێویستی بەسەرپەرشتێکی زمانەوانی، کوردی زانە. لەبــەر ئــەوە داوای کـرد بیگوێزنــەوە بـۆ ئامۆژگـای رۆژهەڵاتناسـیی ئەکادیمیای سۆڤێتی لێنیگراد... پاش مانگێـك لـەو ئامۆژگاییـە بـووە شاگردی پرۆفیسۆر قەتانی کوردۆ"کوردۆییێڤ"... لە ماوەیـەکی کـەم دا وایان لێهات ببنە باوك و کوڕ، بـەهاوڕێی گیـانی بـەگیانی، بـەجێی متمانــەی تــەواوو یەکــەم کەســی نێزیکــی. بەڵگــەی ئــەم وتانــەش ئەومامۆستایانەن، کە لەو ماوەیەدا لەگەڵیان بوون و ، ئەو نامانـەش، کە دوای گەڕانەوەی بۆ وڵات، بۆی ناردووە... تەنانەت کە هاوینانیش د. ئەوڕەحمان سەری لێنیگرادی دەدایەوە، هـەر یەکـەم رۆژ دەهاتـە لای و تاشەو درەنگ لەلای دادەنیشت و بەزۆر بۆ چەند رۆژێك خۆی و مــاڵ و منــداڵی دەبردنــە ڤێلایەکــەی قــەراغ شــاری لێنیگــرادی و بەوپیرییەوە میدیای کچی دەکردە کۆڵی...

د. ئەوڕەحمان لەماوەی دووساڵدا نامەکەی تەواو کـرد، بـەڵام لەبـەر ئەوەی لەودەمە یاسایێکی عێراقی سەیرو سەمەرە هەبوو، کـە ئەگـەر قوتابییەکی دکتۆرا بەسێ سـاڵ کـەمتر بڕوانامـەی دکتـۆرا وەربگرێ، دان بەبڕوانامەکەیدا نـانرێ"بەپێچەوانەوە، لـە شـوێنانی دی، ئەگـەر یــەکێك پێــشتر تــەواوی بکـا پاداشــتی دەدەنــێ، رێــزی تایبــەتی لێ دەگرن"... بۆئەوەی خۆی تووشی بەڵای نەفامیی ئەو نەزانانە نەبێ، نامەکـەی لەســەر مێزەکـە دانـا. مـاوەی ئەوسـاڵەی مـابووی، خـۆی بەنووسینی وتارێـك و وەرگێڕانـی کتێبـی"هەنـدێك بیروبـاوەڕی هەڵـە لەبارەی زمان و مێژووی کوردەوە"ی قەناتی کوردۆوە خەریك کرد...

ئــەوجا لــەکاتی یاســاییدا بەســەرکەوتوویی وتوێــژی لــەبارەوەکراو نامەکەی مایەی ڕەزامەندیی هەمووان بوو... بەهاری ساڵی ١٩٧٣ کـە لـە هەنـدەران گەڕایـەوە ولاَت، هەریـەك لەبەشـی کـوردیی زانـستگای سلێمانی و کۆڕی زانیاری کورد لە بەغدا بەپیریەوە چوون، بەلاَم ئـەو دەیزانی لە"کۆڕ"مەودا و سنووری پێشکەوتن چ لە باری زانستی و، چ لەباری کۆمەلاَیەتییەوە گەلێك والآترە...

لــە د.ئیحــسان شــێرزادەوە ئــەزموونی کــارگێڕی و هەڵــسوکەوتی دیبلۆماســییانە فێربــوو... لــە د. کــەمال مەزهــەری براگەورەیــەوە هێنــدەی دی تــاو و تینــی ڕوو لــە زانــست کردنــی فــراژۆ بــوو... لــە مامۆستا مەسعوود محەمەدەوە بیری ورد و چێژ وەرگرتن لـە شـیعری نالی و هێمنی و هێوری وەرگرت... لـە مامۆسـتایان: شـێخ محەمـەدی خالّ و عەلائـەدین سـەجادی یـەوە، کەوتـە سـەر ئـەوەی هـەمووکاتی خـۆی بـۆ لێکۆڵینـەوەو توێژینـەوە تـەرخان بکـا... لـە مـام هـەژار و مامۆستا شوکر مستەفاوە فێری سەدان وشەی کوردیی پـەتی بـوو... لەڕێی مامۆستا محەمەدی مەلاکەریمەوە شارەزاییەکی چاکی لەچاپ و هەڵەبژێردا پەیداکرد....

گەرچی مامۆستا زەبیحی"عولەما"ئەندامی کۆڕ نەبوو، بەلاَم هەفتەی دووســێ ڕۆژێــك دەچــووە کــۆڕ و زۆری کــاتی لای د. ئــەوڕەحمان دادەنیـشت و زۆربـەی وتووێـژیان لەمـەڕ کـاری فەرهـەنگ نووسـی و زمانەوانییەوە بوو، واتە– لەوێشەوە ئەزموونی چاکی وەرگرت: وێڕای زانایانی کۆڕ، کە هەریەکەیان بۆ د. ئەوڕەحمان ئەستێرەیەك بوون... لە دەرەوەی ئەو دەزگایەش خواو ڕاستان کردی، کە بـە ناوبـانگترین پیاوانی سیاسەت و شاعیر و نووسـەر ببنـە هـاوڕێ و دۆسـتی گیـانی بــەگیانی، کــە ئــەوانیش زۆربــەیان ســەرانی حیزبــی دیمــوکراتی

کوردستانی ئێـران:"د. عەبـدولڕەحمان قـاسملۆ، کـەریمی حیـسامی، مام هێمن، عەبدوڵڵای حەسەن زادە..."بوون... د. ئەوڕەحمان جێـی متمانەی تەواویان بوو و تاکە کەس بـوو، کـە ماڵـیانی دەزانـی و نـەك هەر دیوانی"تاریك و روون"ی مام هێمنیان لەچاپدا داوایان لەوکرد لـە پاشـکۆیدا فەرهـەنگی بـۆ ڕێـك بخـا، بـەڵکو چـەندین وتـار و بـەیانی سیاسیشی لـە زمـانێکی دیکـەوە بـۆ وەرگێڕاونەتـە سـەر کـوردی.... نێوانیان هێندە پتەو بووە، کە گەڕاونەتەوە بۆ ئێران لەوێوە چـەندین نامەیان بۆ د. ئەوڕەحمان ناردووە و ئەمەش نموونەی دوانیانە:

## نامەی یەکەم

**لە مام"هێمن"ەوە:**

**دەقی نامەکە:**

١٩٧٨

برای خۆشەویست و بەڕێزم دوکتور ئەوڕەحمان

زۆر خـۆم بـە شـەرمەزار دەزانم کـە نهێنـی کارەکـەم نەیهێـشت خـوا حافیزی لەتۆ و لەهەموو دۆستانی کۆڕ بکەم و نیوەشـەو دەرپـەڕیم و زۆر بەمانـدوویی شـپرزەیی گەیـشتمە مـەهاباد. بڕوابکـە وەك چـۆن لەوێندەریٚ پەرۆشی خـەڵکی شـار و وڵاتـی خۆمـان بـوو ئـاواش لێـرە پەرۆشی ئێوەم. لێرە چم بۆنەکراوە تائێستاش لەبەر میوانی و لوتفی خەڵکی شارەکەم، نەمتوانیوە لەماڵ وەدەر بکەوم. لەسەر یەکی هیوا زۆرە. بـەڵام واش هاسـان نییـە. بەتایبـەتی دەردی کـوردی نـەزانین دەردێکی کوشندەیە. بۆ یەکەم جار پـاش سـی و چـەند سـاڵ یەکـەم میهرەجانی شیعرم لە مەهاباد گرت. لـەنێو ئەوانـدا تـەنیا شـاعیرێکی باشم نەدۆزییەوە. سلاوی من لە دەرکەوانەوە بگرە تادەگاتـە سـەریٚ بەکچ و کوڕەوە بگەیەنە. من قەتم ئەو هەموو لوتفـە لـەبیر ناچـیٚ کـە

لەگـەڵتان کـردووم. تکایـە هەرچـیت پـێ دەکـرێ تەنانـەت ئەگـەر بەکرێنیش بێ کتێب و گۆڤاری کوردی بەتایبەتی نووسینەکانی خـۆت و ئەوانی کۆرِم بەو ناونیشانە بۆ بنێرە:

ایران – أزربایجان غربی– مهاباد– خانە جوانان

سلاوی وان لە میدیا و موکریان دەگەیەنم

**برای بچووکی پیرت: هێمن**

## نامەی دووەم

**لە مامۆستا عەبدوڵلا حەسەن زادەوە**

**دەقی نامەکە:**

برای ئازیز و نازدارم کاك دوکتور ئەورِەحمانی حاجی مارف

نازانم چۆن دەست پێ بکەم و بەچ زمانێك هەستی دەروونم بەرامبـەر بە گەورەیی رۆحی ئێوە دەربرِم. ئەوەی لەدڵم دایە نایەتە سەر زمـان و ئەوەی بەزمان دەگوترێ ناخرێتە سەر کاغەز. کەوابوو با تکاتان لێ بکـەم رێگـا بـدەی دوور بـەدووریش بـێ دەسـتە گـەرم و پـرِ مەحەبەتـەکانت بگوشـم و لاچـاوەکانت مـاچ بکـەم و سـەری رێـز و وەفاداری بۆ هەست و شعوری پاکی برایەتیت دانەوێنم. خۆشەویستی و گەورەیی ئێوە شتێك نییە قەت لەبیر بـچێتەوە و پـێم وایـە هـەرمن نیم، بەڵکو هەموو برایـانی مـن لـە میوانـداری ئێـوەو ئەمـساڵی ئێـوە بەدڵ مەمنوونن.

دەزانم پێشت خۆشە بزانی چۆنم. کەوایە با پێت بڵێم ئەوەندە ساغم گوللە نامبرِێ. غەمێکی بێ دووری خۆشەویستانە. بەڵام لێـرەش هـەر لەنێو خۆشەویستانم و ئەوەشی تێدایە کـە دەزانم بـۆ دەژیـم. هـەموو رۆژێك لەژیانم تێدەپەرِێ دەبینم شتێکی لێ بەجێماوە و ئەوە جێگای زۆر شتم بۆ پرِدەکاتەوە.

وەزعمان لەسەر یەك زۆر باشـە، بـەرەو پـێش و دوا ڕۆژێکـی ڕوونـاك هەنگاو دەنـێین و هیوامـان وایـە دەسـتکەوت و سـەرکەوتنی باشمـان بەدەست بێ.

ئێستا باتووشی زەحمەتێکت بکەم و بڵێم بەتۆن و بـەبار و بەخـەلوار سـلاّوو ڕێـزم بـەکاك د. کـەمال و کاکـە حەمـەو کـاك مەسـعود و کـاك لـەتیف و هـەموو بـراو خوشـکە بـەڕێزەکان پێـشکێش بکـەو سـلاّوی برایانەم بە براژنم بگەیەنەو چاوی منداڵەکانم بۆ ماچ بکە.

پێم خۆش بوو تکایەکی دیکەش بکـەم. بۆخـۆت دەزانـی ئەوەنـدەی لەوێ بووم هەموو کتێبەکانی کۆڕم پەیدا کردوون. ئێستاش لەوێ نیم و پێم خۆشە دەستم بکـەون. جـا ئەگـەر بکـرێ لـە هەرشـتێکی تـازە نوسخەیەکم بـۆبکڕی، بۆخـۆت دەزانـی چـەند مـەمنوون دەبم. دیـارە لەلای خۆت بۆم رادەگری.

جارێکی دیکە سلاّوو سوپاس

**برات**

**عبدالله حسن زادە**

**١٩٧٩/٢/٢٥**

د. ئەوڕەحمان سەرەتای ساڵی ١٩٩٢ لە نووسینی بەشی پێنجـەمی بـەرگی یەکـەمی کتێبـی"ڕێزمـانی کـوردی- کـردار"بـووەوە و بـەم چەشـنە چـوار کتێبـی بـە پـاك نـووس کـراوی لەسـەر مێزەکـەی بـێ خەمخۆر هەڵچنرابوون، کە ئەمانەی خوارەوە بوون:

١- ڕێزمـانی کـوردی ، بـەرگی یەکـەم"وشەسـازی"، بەشـی چـوارەم "ژمارەو ئاوەڵکردار".

٢- ســـەرەتایێکی زمانناســـی، بـــەرگی یەکـــەم، لـــە ڕووســـییەوە وەریگێڕاوەتە سەر کوردی.

٣- چـیرۆکی هەڵبـژاردە، بیـست کورتــە چـیرۆکە لــە ڕووسـییەوە کردوونی بەکوردی.

٤- ڕێزمـــانی کـــوردی، بـــەرگی یەکـــەم، "وشەســـازی"بەشـــی پێنجەم"کردار".

لەو دەمەدا هیچ ئومێدێکی ئەو نزیکانەی بۆ لەچاپدانی ئـەو کتێبانـە نەبوو... لەو ماوەیەشـدا بڕیاریـدابوو هـیچ لـە ڕۆژنامـەو گۆڤارەکـانی میریدا بلاٚونەکاتـەوە... ئـەم وەزعـە بـیری ئـەوەی خـستە مێـشکەوە خۆی بەکارێکی گەورەی درێژخایەنەوە خەریك بکات. کـاری گـەورەی درێژ خایەنیش، بەش بەحاڵی کەسـێکی وەك ئـەو، ئەگـەر فەرهـەنگی کوردی- کوردی نەبێت، دەبێ چـی بێـت...بـەم خەیاڵـەی خـۆی زۆر دڵخۆش بوو... بەڵێنی دابوو ئەو خەون و ئاواتە کۆنەی بێنێتـەدی... قۆڵی لێ هەڵکرد و بۆی چووە خەڵوەتەوە... یان بەیانیان مەلابانگدان لەخەو هەڵدەسـتا، یـان شـەوانە تـا درەنگـانێ کـاری تێـدا دەکـرد... لەرۆژێکدا هێندەی دوو رۆژی جاران ئیشی دەکرد... وای لێ دەهات لە پـەل و پـۆ دەکـەوت... ورەی بـەرز و هیـوای بـەتینی گـشت مانـدوو بوونێکیان دەڕەواندەوە و لەبیر دەبردەوە. ئەزموونی دەیـان سـاڵ و تەمەنیـشی فێریـان کردبـوو گیروگرفتـەکانی جـارانی چارەسـەر بکـا. لەماوەی چوار ساڵدا ڕەشنووسی فەرهەنگەکەی تەواو کـردو دەسـتی کرد بە باکژکردن و نووسینەوەی.

١٩٩٦/٤/٣ دەستی کـرد بـە پاکـژکردن و نووسـینەوەی... لـەماوەی سێ مانگێکدا بە خەتێکی ورد و جوان"١٠٣"لاپەڕەی لێ تـەواوکرد... لەپڕ نەرمە پەیڵیەك"شلل"لێیدا... ناچار کەوتە بیرکردنەوەی چوونە

هەندەران... بۆ ئەم مەبەستە سەرێکی سلێمانی دا، تا لەوێوە رێگای ئەورووپا بگرێتە بەر... بەو نەخۆشییەوە، پەرۆش و ئەمەك و وەفا گەیاندییە لای ئازیزان و خۆشەویستانی بەشی کوردیی کۆلێژی زمان، کە زۆرینەو زۆراتییان چ لەخوێندنی بەکالۆریۆسدا، یان لەخوێندنی ماجستێردا دەرسی پێ وتبوون... دەوریان داو هانایان بۆهێنا هاریکاریان بکا خوێندنی دکتۆرا بکەنەوە... ئەویش خۆی و نەخۆشییەکەی و ئەورووپای لەبیر چووەوە و وەلاوەنا... ئەودەمە کە دکتۆر زاهیر لەتیف راگری کۆلێژ و د. جەلال شەفیق سەرۆکی زانستگاو کاك کۆسرەت رەسول عەلی سەرەك وەزیران...بوون، کوردانەو گوردانە لەماوەی دوو هەفتەیەکدا هەموو کارێکیان مەیسەرکرد... ئیتر د. عیزەدین مستەفا رەسوڵ و د. زاهیر لەتیف و د. ئەورەحمانی حاجی مارف و دواتریش د. محەمەد مەعروف فەتتاح کەوتنە گەڕ کاری زۆر گرانی خوێندنی بالاّو سەرپەرشتی کردنی نامەی خوێندکاران و بلاّوکردنەوەی ئەو چوار کتێبەی هەر لەزووەوە بۆچاپ ئامادەبوون و پێشتر ناوم بردن و نووسینی هەندێ کتێبی دی و پەخش کردنی چەندین وتار بەنازناوی جۆر بەجۆرەوە... لەکاری فەرهەنگەکەیان دابڕی.

ئێستا چەند کارێکی لەبەر دەست دان، بەهیواو ئومێدە لەماوەی سالێکدا بیانگەیەنێتە ئەنجام... شاد و بەختەوەر دەبێ، ئەگەر بیرو هزری هیچ بابەتێکی دی نەبزوێنن و فشار و گروشاری بۆ هیچ پۆستێك نەخەنە سەرو بێتەوە سەر کارە سەرەکییە پیرۆزەکەی، کە فەرهەنگەکەیە.

بۆ فەرهەنگەکەی، کە نێوی"فەرهەنگی میدیا"ی لێ ناوە، هەر لەسەرەتاوە ئەوەی لەبەر چاو گرتووە، وشەی گشت شێوەیێکی

کوردی و هەموو ناوچەیەکی کوردەواری کۆبکاتەوەو لەنێو ئەو فەرهەنگەدا تۆماریان بکا، بەڵام زوو لەوە تێگەیشت، کە هەزاران وشە هەن دەستی نایانگاتێ... لەگەڵ ئەوەشدا ژمارەی وشەی فەرهەنگەکەی خۆی لەسەد هەزار وشەیەك دەدا، بۆیە بەراشکاوییەوە دەڵێم لەڕووی چەندێتی یەوە لەسەرجەمی ئەو فەرهەنگە کوردییانەی تائەمڕۆ بەچاپ گەیاندراوون، زیاترە.

بەپێی مەبەستی ئەم کارەو یاساو دەستووری فەرهەنگنووسی، گەلێ وشەی هەڵبواردووە، وەك: ناوی تایبەتیی کوڕان و کچان"ئازاد، شێروان، لاوك... شنە، نازەنین، هاژە...". ناوو نازناوی شاعیر و نووسەر و هونەرمەند و ناوداران: "خانی، گۆران، مەم... سێوە... نۆدێ...". ناوی جوگرافیایی: ناوی چیا"هەڵگورد، پیرە مەگرون"، ناوی رووبار"تانجەڕۆ، سیروان..."، ناوی گوند و شارو وڵاتان"بیارە، ماردین، تاران، ئەمریکا..."، ناوی تیرە و خێڵ و هۆز و میللەتان "جاف، سورچی، هەرکی، فارس، تورك..."... چونکە ئەم فەرهەنگە، فەرهەنگی وشە لێکدانەوەیە و فەرهەنگی ئینسکلۆپیدیایی نییە.

هەروەها ئەو وشەو زاراوانەی لەم ساڵانەی دواییدا دانراون و داڕێژراون و وەرگیراون و هێشتا لەزمانی کوردیدا نەچەسپاون، لە فەرهەنگەکەیدا تۆماری نەکردوون، چونکە پێی وایە، کاتێ دەشێ ئەو جۆرە وشەو زاراوانە بخرێنە نێوفەرهەنگی زمانی کوردییەوە، کە گومان لەبنج و ریشە داکوترانیان نەمابێ و بەتەواوی جێی خۆیان کردبێتەوە و چووبنە ریزی وشەکانی دیی زمانەوە.

بە پێچەوانەوە، سەدان وشەی ئەسڵی عەرەبی و تورکی و فارسی و فەرهەنگی، وەك:"ئاتاج، ئاخر، ئاخرخێر، بەتاڵ، بەقاڵ، خەڵك،

شـێخ... ئاچـغ، بـاجی، برنـووتی، یـاپراغ... ئامیـل، ئەختـەر... ئاجودان، ئادرێس، بلوور، بلیت..."...کەوتوونەتە ئەو فەرهەنگەوە، چونکە تێکەڵ بـە زمانەکـەمان بـوون و هەمیـشە لەسـەر زار و زمـانی بەشێ لە کوردانن و بوونەتە ماڵ و مولکی خۆمان.

گەلێ وشەی دی هەن لە فەرهەنگە کوردییەکانی دیدا بەرچـاودەکەون و لـەم فەرهەنگـەی د. ئەوڕەحمانـدا بـەدی نـاکرێن، ئەمـەش لەبـەر ئەوەنییە، کە لەو بڕوایەدابێ، کە ئەو وشانە لە زمانی کوردیـدا نـەبن، بەڵکو هۆی ئەوەیە، نازانێ هەن یـان نـا!... سـەرپاکی ئـەو وشـانەی کەوتوونەتە فەرهـەنگی "میـدیا"وە، جـەختی تـەواو لەسـەر بوونیـان کراوە، ئەوجا تۆمار کراون.

زۆربەی فەرهەنگە کوردییەکان نیشانەو پاشگر و پاشبەندی وەك:"- ان، - ەکـــە،- ێـــك...- انـــدان،- ایـــەتی، ێنـــی...-ەوە،- ڕا،- دا..."یـــان وەك وشـــەی فەرهـــەنگی تۆمـــار کـــردووە و مانایانیـــان لێکداوەتەوە. وێڕای ئەوەش پیتـی هـەمزەیان لەپێـشیانەوە دانـاوەو لەشێوەی"ئان، ئەکە، ئێك... ئانـدن، ئایـەتی، ئێنـی... ئـەوە..."دا نووسیویانن. لەبەر ئەوەی ئەوجۆرە ئامرازانە بەتەنیا بەکار ناهێنرێت و لەسەرەتای وشەوە نایەن و کاتێ لەکۆتایی وشەدا بەکار دەهێنرێن، دەنگـی"ئــ"وەرنـاگرن... بۆیـە ئـەم فەرهەنگـە نەیگرتوونەتـە خـۆ. ڕاستییەکەی ئەوانە دەبێ بکەونە باسی ڕێزمانەوە.

ئەگەرچـی ئــەو فەرهەنگـە نـاتوانێ وەك کتێبێکـی ڕێزمـان هــەموو بارودۆخێکی ڕێزمانیی ساغ بکاتەوە، بەڵام هەندێ لایەنی گرنگی ئـەو مەبەستەی دیاری کردووە، وەك: ١) نیشانی داوە هەر وشـەیێك سـەر بـەچ بەشـە ئاخاوتنێکـە. بەوێنـە: ئـا-ئـامرازە، بـەرد- نـاوە، تـۆ- جێناوە، جوان-ئاوەڵناوە، ئابڕوبردن- چاوگی تێپەڕە، ئابڕوچـوون-

چاوگی تێنەپەڕە، ئابڕووبەر– ناوی کارایە، ئابڕووتکاو– ئاوەڵناوی بەرکارە... ٢) جۆری ڕۆنانی وشە ناسادەکانی یەکالاکردووەتەوە. بۆنموونە: ئابڕووبەرە = ئابڕوو+ ب"بردن"+ەر، ئاودەستخانە = ئاو+دەست+ خانە، بەرچنە = بەر+ چن"چنین"+ە، پشتاوپشت = پشت+ او+ پشت، ڕەشەبا = ڕەش+ە+با...

ڕاستە ئەم بەرهەمە لێکۆڵینەوەیەکی ئێتمۆلۆژی نییە، بەڵام توانێتی هەندێ رووی ئەسڵ و سەرچاوەی بەشێکی وشەکان نیشان بدا. وەك: "ئازاد" وشەیەکی کوردییە و لە ئاوێستادا –"ئازاتە"و لە پەهلەویدا"ئازات"ەیە. "ئاسمان": ئاوێستا"ئەسمەن" و پەهلەوی"ئاسمان ، "ئاشتی": ئاوێستا"ئاخشتی"یە و پەهلەوی"ئاستین"، "ئاشنا"، ئاوێستا"ئاخشنا"و پەهەلەوی"ئاشناك"... "بووم"بەواتای "ئەرز، خاك، زەوی، ولات": ئاوێستا "بوومی"، پەهلەوی"بووم"سانسکریتی"بهوومی"..."ئاتاج"لە "ئیعتیاج"ی عەرەبییەوە، "بوختان" لە "بهتان"ی عەرەبییەوە... "بۆیاغ" لە تورکییەوە، "ئابوونە"لە فەرەنسییەوە، "بوتڵ"لە ئینگلیزییەوە، "سەماوەر"لە رووسییەوە.

لەبارەی شێوە ناسی و شێواز ناسیشەوە تەنیا هێندەی کردووە، کە چ بەدانانی نیشانە بەدواوشەدا، یان بەهێنانەوەی نموونە لەسەرچاوەی جۆربەجۆرەوە ڕابگەیەنێ و روونی بکاتەوە، کە فلانە وشە لەکام شێوەو ناوچەدا دەوترێ و لەچ بوار و مەیدانێکدا بەکار دەهێنرێ.

بەوێنە، کە بەدوا وشەی"ئاخمە"دا نیشانەی "د"ی داناوە، ئەوەی بەوە ڕاگەیاندووە، کە ئەو وشەیە لەشێوەی"دملکی"دا بەکار دەهێنرێ. یاخوود کە بۆ وشەی"ئابڕوو"نموونەی لە پیرەمێرد و

تحفەی مڤفریە و بەیتی دمدمی– عەبدوحەمیدی حوسەینی و لەیلی مەجنوونی هەورامانی...یەوە هێناوەتەوە، ئەوە دیارە مەبەستی ئەوەیە، لەهەموو ئەو شێوانەدا و لە زمانی ئاخاوتنیش و ئەدەبیشدا لەکار دایە... وشە فەرهەنگییەکان بە خەتی رەش نووسیوەتەوە و بەپێی چاولێکەری نووسینی کوردی بە ئەلفوبێی عەرەبی"بەکەمێ دەستکارییەوە"ریزکراون. یەکەم روونکردنەوەی وشە"ئەوی پێویستی بەروونکردنەوە بێت"، دیاری کردنی باری رێزمانییەتی– واتا سەر بەکام بەشە ئاخاوتنە و چۆن رۆنراوە. دووەم– نیشاندانی باری ئێتمۆلۆژی. سێیەم– لەکام دیالێکت یان بەشە دیالێکتدا بەکار دەهێنرێ. چوارەم– لێکدانەوەی مانای: ١– وشەی هاووتاناکانی، ٢– شەرح و لێکدانەوەی مانای، ٣– نموونە هێناوە لە ئەدەب و فۆلکلۆر و خۆیەوە، بۆ: أ) ئاسانکردنی تێگەیشتن لە مانای، ب) شارەزابوون لەچۆنێتی بەکارهێنانی، ج) بەڵگەی بوونی لە زمانی کوردیدا... ناوەش بۆ پتر روونکردنەوەی مانای وشەیەك، کەڵك لەوشەی دژواتا وەرگیراوە... لەکۆتاییدا پەندی پێشینان و قسەی نەستەق و ئیدیۆم– ئەمانیش بۆ مەبەستی:١) پتر روونکردنەوەی مانای وشەکە، ٢) بەیانی مەودای بەکارهێنانی وشەکە، ٣) نیشاندانی مانای جۆربەجۆری، ٤) خستنەرووی زێدە زانیاری لەبارەیەوە.

چالاکی و زانیاری د. ئەورەحمان هەر لەسەرەتای ژیانی زانسی یەوە ئاشکراو دیار بوو... بۆ نموونە: چەند مانگێك دوای گەڕانەوەی بۆ وڵات، واتە– لەمانگی تەممووزی ساڵی ١٩٧٣دا لەکۆرێك بۆ چاککردنی کتێبی قوتابخانەکان لەلایەن بەرێوەبەرێتیی خوێندنی کوردییەوە گیراو پتر لە دەباسی جیاوازی تێدا پێشکەش کرا، ئەوی د. ئەورەحمان چ لەلایەن پسپۆران و، چ رۆژنامەکانی"التاخی" و "برایەتی"...یەوە بە باشترین لێکۆڵینەوە دانرا.

ئەوباسەی بەنێوی"بنچینەی دانانی فەرهەنگێکی کوردی – عـەرەبی بۆ قوتابخانە"ەوە بوو و دواتریش لـەگۆڤاری"پـەروەردەو زانیـست"، ژ٦، ساڵی ٣، بەغدا، ١٩٧٣، ل٥٧ – ٨٤دا بڵاوکرایەوە.

ئەم بەرهەمە لەدووبەش پێکهاتووە: بەشـی یەکـەم– باسـی مێـژووی ڕێکخـستنی فەرهەنگـە کوردییەکانـە... بەشـی دووەم– دەربـارەی چۆنیەتی دانانی فەرهەنگەیە و لێرەدا بایـەخ بەسـێ بـاس دراوە: ١– هەڵبژاردنی وشە، ٢– سازکردنی بەشـە عەرەبییەکـەی، ٣– هونـەری ڕێکخستنی.

بەشێکی بەرهەمەکانی د. ئـەوڕەحمان، نـەك هـەر لـەئێران و هـەولێر چاپکراونەتەوە، یاخود لـە هەنـدێ زانـستگاکان دەخوێنـدرێ، بـەڵکو گەلێك لە زانایان جوان هەڵیان سەنگاندوون...

**فەرموون لەگەڵ هەندێ لەو هەڵسەنگاندنانەدا:**

* زانایەکی وەك مامۆستا مەسعود محەمەد لەبارەی نامیلکـەی"چـی لەبارەی زمانی کوردییەوە نووسراوە، دەڵێ: "ئەم نووسـینە لـەڕووی ناوەڕۆکەوە نرخی تایبەتی خۆی هەیە لەبەر دوو هۆی گرنگ:

یەکـەم– تائێـستا لـەم بابەتـەوە کـەس، چ کـورد چ غـەیری کـورد، بەرهەمێکی ڕێ نیشاندەری پێشکەش بە کـورد ناسـیی و خوێنـەرانی کوردی نەکردووە. یەکێك بیەوێ سەرچاوەی نووسین لەبارەی زمـانی کوردییەوە بدۆزێتەوە دەبێ ماڵەوماڵ و شارەو شار پرسـیاری بۆبکـا. ئـەم کتێبـە، بـا بڵـێم ئـەم نامیلکەیـە ڕێگـەی درێـژی پرسـیار کـردن دەپێچێتەوە و دەیکا بەیەك تاکە هەنگاو.

دووەم– نووسینەکە سوود بەخـشترە لـە بیبلـۆگرافی ڕوون، چـونکە دەربارەی گەلێك لەو کتێبانەی لەسەر زمـانی کـوردی نووسـراون، تـا ڕادەی پێویـست، ڕەخنـەو نرخانـدنی تێدایـە، سـەرەڕای ئـەوە کـە

پوختەیــەکی مێــژووی نووســینەکان روون دەکاتــەوە و بەمــەدا لیستەیەکی زەمەنیش ئامادە دەکا بۆ ئەوکەسەی بیەوێ بە مێـژووی نووسینی کوردییەوە خەریك بێ".

هەر لەبارەی ئەم نامیلکەیەوە، مامۆستا جـەمال بابـان لـە وتـارێکی دوورو درێـژی دووئەڵقەییـدا زۆر بـەرز هـەڵی سـەنگاندووەو، ئـەویش چەند بەندێکی "لەم بەینەداو لەیەك رۆژدا سێ کتێبـی بـەنرخی کـاك ئـەورەحمانی حـاجی مـارف"باحـپ علمـی" لـەکۆڕی زانیـاری کـورد کەوتنە بازاڕەوە.

کتێبی ناوبراوی سەرەوە"چی لەبارەی زمانی کوردییەوە نوسـراوە– ئەورەحمان"کەلێی دەدوێین، پێشەکی دەمەوێ روونی بکەمەوە کەوا نووسینی"عیلمی"لەسەر بناغەی زانـستی، خەریکـە لەناوماندا پـەرە دەســێنێت و بڵاودەبێتــەوە، ئــەویش بــەهۆی ئــەو گەنجــە بەنرخانەمانەوەیــە کــە زۆریــان لــەدەرەوە خوێندوویانــە، کــەزیاتر خوێندنەکەشـیان لـەبارەی مێـژوو، ئـەدەب و زمـانی کوردییەوەیـە. بەتایبـەتی ئەوانـە لەیـەکێتی سـۆڤیات خوێندوویانـە، کـە بەڕاسـتی جموجـۆڵێکی زانایانـە خـستۆتەوە. داواکاریـان کـە وێنـەی خۆیـان و بەرهەمەکانیان هەر لەڕوو زیادی بن. یەکێك لـەو گەنجـە بەنرخانـە د. ئەورەحمانی حاجی مارفە، کە دکتۆرای لە"فەرهـەنگ"دا وەرگرتـووە لە یـەکێتیی سـۆڤێت و خـاوەنی ئـەم باسـەیەو کـۆڕی زانیـاری کـورد بەڕازاوەیی خستوویەتییە بەردەمی خوێندەوارانی کورد.

من خۆم یەکێکم لەوانەی کە بەم جۆرە فراوانە نەم ئـەزانی ئەوەنـدە نووسراو لەبارەی زمـانی کوردییـەوە هەیـە تـا کتێبـە بەنرخەکـەی د. ئەورەحمانم نەخوێندبووەوە.

بەکورتی کتێبەکە بەلای منەوە گەلێك بەنرخ و بایەخدارە لەبـەر ئـەم هۆیانەی خوارەوە:

یەکـەم: وەك لـەوتاری پێـشوودا وتم: نووســەر بناغـەی کتێبەکـەی لەسەر زەمـەنێکی زانستی دارِشـتووە، قـسەی گـۆترەو بـایی هـەوای نەکردووە، هەرچییەکی وتووە پەنجەی بۆ سەرچاوەکەی رِاکێشاوە و بـە پـەراوێزی پـەرِەکان جمـەیان دێ... ئەوکتێبـە حـەفتا لاپەرِەیـە، هەشتاو پێنج ئیـشارەت و روونکردنـەوەی تیایـە کـە شـتێکە ئێجگـار زۆرە لەچـاو قـەوارەی کتێبەکەیـدا. جگـە لـەوە کـاکی نووسـەر، ئـەو نووسینانەی نرخاندووە یان رەخنەی لێ گرتـوون، کـارێکی گرنگـە لـە هەرنووسین یا لێکۆڵینەوەکەیدا کە نابێ بخرێتە پشت گوێ.

دووەم: نووسـینی کتێبەکـە بەشـێوەیەکی ئێجگـار رەوان و خـۆش و ئاسانە، وشەی قەبەو فارس کراوی بەکار نەهێناوە.

و گەلێکی تر.

ئێـستاش فـەرموون لەگـەڵ چـەند بەنـدێکی بەشـێك لـەو وتارانـەی بەزمانی عـەرەبی لەمـەرِ ئـەو نامیلەکەیـەوە، کـە یەکـەم بەرهـەمێتی نووسراون.

مامۆستا کـەمال غـەمبار لـەژمارە "٢٤٠"ی رێکـەوتی ١٩٧٤/١١/١ ی رۆژنامەی"طریق الشعب"دا نووسیویە:

"یقع هذا الکتاب في ٧٠ صفحة الفه الدکتور عبدالرحمان الحاج معروف وهو من مطبوعات المجمع العلمي الکردی. تکمـن اهمیـة اکتـاب مـن ان یشکل دلیلاً للمهتمین بالدراسـات الکردیـة اي یـتخمن عـشرات المراجـع للمؤلفین الاکراد وغیر الاکراد، ولا یکتف المؤلف بحرض هـذه المراجـع بصوره مجردة انمـا خفمهـا لملاحظـات الخاصـة ویلقـی الاضـواء علـی اهداف ومرامي مؤلفیها باسلوب علمي دقیق یتحری النقاط التـی تفتقـر الی الموضوعیة ویصنع یدها علی مواطن الصمف والقـوة في کـل مرجـع

وينبه الى خطورة الاتـراء المفويـة التـى يطرحهـا المؤلفـون في كتابـاتهم تجاه اصل اللغة الكردية وقواعدها.

والدكتور عبدالرحمان خلال كتابه هذا يقدم خدمـة جليلـة لكـل مـن ال يريد يساهم في كتابة تأريخ اللغة الكردية.

...........

يعتبر هذا الكتاب مثابة مدخل لتعريف الكتـب والابحـاث المكتوبـة عـن اللغة الكردية مع تقيمها وابراز اهميتها العلمية والتأريخية...."

مامۆستا محةمةد عةلى ئيبراهيميش لة رؤذنامةى"التأخى"دا نووسيية:

"بعد ان تصمخت هذا الكتاب وجدته من الكتب القيمة جـداً بحـث مـن الـضرورى ان يترجـم لـيس الى اللغـة العربيـة فحـسب، بـل الى اللغـات العالمية الآخرى، وذلك لان مالجوية الكتاب من اسماء العلماء والباحثين المهتمين بدراته اللغة الكردية ونتاجاتهم من المقالات والكرايس والكتب المنشره هنا وهناك في الجرائد والمجلات الكردية والعالمية، وموجز لتلك الدراسات و تمثين بمضها من الناحية العلميـة اكـبر قيمـة واكثـر فائـدة للذين يهمهم التتبع والقمق بدراسات اللغة الكردية من غيرها مـن الكتـب كابيبلوكرافيا المجردة مثلاَ..."

... گەلێکی دی

جا ئەگەر ئەم هەموو تـاریف و پەسـنی یـە بـەرزە سـەبارەت یەکـەم کتێیی کرابێ، ئیدی پێویست بـەوە ناکـا درێـژە بـەم باسـە بـدەین و بێینە سەر باسی هەڵسەنگاندن و نرخاندنی بـاڵای بەرهەمـەکانی ئـەم ساڵانەی دوایی و بەتایبەتیش، خوێنەران خۆیان ئاشناو رۆشنایانن.

* ئەم دیدارە لە مانگنامەی بەدرخان ، ژمارە (٧٧) ،٢٠٠٧/١/٢٢ ، ل١٠-١١ بڵاوکراوەتەوە .

## دیدارێك لەگەڵ عادل گەرمیانی



# لـــە بـــارەی ســـەرەتاكانی ڕۆمـــانی كـــوردی و ئاســـۆی واقیعی ئەمڕۆ

**ڕۆمـان وەکـو ژانرێکـی ئـەدەبی و ڕەگـەزێکی نوێبـاو لـە ئـەدەبی کوردیمـان ،لێـرەو لـەویٚ نووسـەران و لێکۆڵـەران چ بـەدەق یـان لێکۆڵینەوە لە بارەی ئەم ژانرە دەخەنە ڕوو ، بۆ زیاتر ئاگادار بوون لە سەرەتاکانی ئەم ژانرە ، دیدارێکی تایبەتیمان لەگەڵ (د. عادل گەرمیانی) سەرۆکی بەشی کوردی کۆلیژی زمان ، زانکۆی بەغدا ساز کرد .**

*** سەرەتاکانی رۆمانی کوردی چۆن بوو ؟**

– وەکـو دیـارە کـە سـەرەتاکانی دەرکـەوتنی هـەموو رەگـەزێکی ئەدەبی بە سانایی دەردەکەون لە ڕووی دارشتنی هونەرییەوە ، بەلاَم بەردەوامی ئـەم ڕەگـەزە ئەدەبییانـە وادەبـیٚ کـە بـۆ توێـژەر لایـەنی پێشکەوتن و گەشەسەندنی بۆ دەرکەوێت .

سەبارەت بە ڕۆمانی کوردیش ، ئەوا سەرەتاکانی سـەرهەڵدانی نـویٚ بـە نـسبەت ئـەدەبی کوردییـەوە ، بـە جـۆریٚ کـە تەمـەنی ناگاتـە سەدەیەك ، بەلاَم ئەوەی پەیوەست بێت بە سەرەتاکانی سەرهەڵدانی .. ئەوا ڕا و بۆچوونی جیاجیا هەیە و ، ئـەوەی پەیوەسـت بێتبـە بـۆ چوونی خۆم ، ئەوا سیٚ سەرەتا هەیە بۆ ڕۆمانی کـوردی و ، دەتـوانم لەم سیٚ خاڵە ڕوونیان بکەمەوە :

١–ئەوەی پەیوەست بێت بەدەستنووسی نووسینەوە ، ئەوا رۆمـانی (مەسەلەی ویژدان – مـسألة الـضمیر)ی نووسـەرو شـاعیر(ئەحمـەدی موختار جاف) بەسەرەتای رۆمـانی کـوردی دادەنرێـت لـە سـەرتاپای کوردستاندا ، لەبەر ئەوەی ئەم ڕۆمانـە لـە سـاڵی( ١٩٢) نووسـراوە ،

دەستنووسەکەی لـە پەرتوکخانـەی تایبـەتی نووسـەر بـە پارێزگـاری ماوەتەوە  تا ساڵی (١٩٧٠) ، کەوا بە هەوڵ ‌و تێکۆشانی (د. ئیحسان فوئـاد) چـاپکراو پێـشەکی بـۆ نووسـی، لەگـەڵ هەوڵـدانی هەنـدێ گۆڕانکاری ئەدەبی تیایدا و ، ئەگەر هاتبایە ئەم دەسنووسە ئەو کاتە چاپکرایە ، ئەوا سەرەتای رۆمانی کـوردی بـە سـەرەتایەکی هونـەری دەستی پێدەکرد .

٢-ئـەوەی پەیوەسـتبێت بەبڵاوکردنـەوە ، ئـەوا رۆمـانی (نـازدار)ی نووسەر (محەمەد عەلی کوردی) بە یەکەم رۆمـانی کـوردی بڵاوکـراوە دادانرێت لە بواری ڕۆژنامەگەریی کوردیدا ، کە بەهۆیەوە نووسەر سێ ئەڵقـە لـە ژمارەکـانی (٧- ٩- ١١)ی گۆڤـاری (ڕوونـاکی) بـڵاوی کردۆتـەوە ، دیـارە ئـەم ڕۆمانـە هـەمووی بـڵاو نەکراوتـەوە، ئـەمیش بەهۆی وەستانی گۆڤارەکە ، کەوا دوا ژمارەی ئاماژە پێکردنیشە ئەم گۆڤارە لـە شـاری هـەولێر دەردەچـوو ، ئەگـەر هاتبایـە ئـەم ڕۆمانـە هەموو بەشەکانی بڵاوبکرایەوە ، ئەوا دەبـووە سـەرەتایەکی خێـر بـۆ رۆمانی کۆمەڵایەتیی واقیعی لـە ئـەدەبی کوردیـدا ، بـەڵام بەداخـەوە ئەم ڕۆمانە لەدەستچوو و کەسـێ نـەیتوانی خـۆی بگەیەنێتـە شـوێنی ئەم ڕۆمانە ..

٣-  ئەوەی پەیوەست بێت بە چاپکردنەوە ، ئـەوا رۆمـانی (شـوانی کـورد -الراعـی الکـردی ) نووسـەر (عـەرەبی شـەمۆ) بـە سـەرەتای ڕۆمانی چاپکراوی کـوردی دادەنرێـت ، بـەجۆرێ کـە ئـەم ڕۆمانـە لـە ساڵی (١٩٣٥) لە شاری (یەریڤان )ی ئەرمەنی چاپکراوە و ، لـە دوای ئەم دەقە کۆمەڵێ دەقی دیکەی ئەوەی (ڕۆمان ) لەم شارە چاپکراون ، ئەمیش لەبەرئەوەی کە کوردەکانی ئەم ناوچەیە  دەرفەتێکی باشی ئـــەدەبی سیاســـیان بـــۆ خولْقـــا بـــوو بـــەهۆی سروشـــتی ڕژێمـــی

سۆشیالیستی ، کەوا لە کۆمارەکانی یەکێتی سۆڤیەتی ئەوکاتە پەیڕەو دەکران ، بەڵام چاپکردنی ئەم ڕۆمانەی نووسەر و چەند ڕۆمانێکی تر بە (پیتی رووسی) وایکرد کە زۆر بەدەگمەنی بڵاوببێتەوە بەنێو خوێنەران ، چونکە کوردەکانی عێراق و ئێران بە (پیتی عەرەبی) لەگەڵ دەسکاری و گۆڕانکاری هەندێ پیت تاکو لەگەڵ وێنەی دەنگەکە بگونجێت بەکاردەهێنن و ، کوردەکانی (تورکیا)ش پیتی (لاتینی) بەکاردەهێنن ، کەوا (کەمال مستەفا ئەتاتورك) بە توندی لەسەری فەرزکردوون دوای هاتنە سەر تەختی سەرۆکایەتی لەسەرەتای بیستەکانی ڕابردوو و ، کوردەکانی (ئەرمینیا)ش پیتی (ڕووسی) لە نووسینەکانیان بەکاردەهێنن ، جێگای باسە ئەم پیتانە تاکو هەنووکەش هەر پێی دەنوسرێت بەتایبەتی لە ڕۆژنامەی (ریا تازە)و گۆڤار و بڵاوکراوەکانی دیکەدا .

*** کاك دکتۆر حەزدەکەین ئێستا بێینە سەر خاسیەتەکانی ڕۆمانی کوردی! ئاخۆ سیفات و خاسیەتەکانی ڕۆمانی کوردی لە ڕووی سەردەمەوە چۆن بووە؟**

ـ سەرەتای ڕۆمانی کوردی بە خاسیەتێکی ڕەخنەگرانە دەستی پێکردووە ، کە بە هۆیەوە رەخنەی لەو واقیعەی ژیانی گەلی کوردی دەگرت، کەوا لە دوای جەنگی جیهانیی دووەم دووچاری ببوو ، کە ئەمیش لە ڕۆمانی (مەسەلەی ویژدان) ئەم خاسیەتە بەڕوونی دەردەکەوێت ، کەوا واقیعێکی ڕەخنەگرانە دەخاتەڕوو ، هەروەها سەرەتای چیرۆکی کوردیش کە چیرۆکی (لە خەوما)ی جەمیل سائیبە هەر بە ڕەخنەگرتن دەستپێدەکات ، کەوا بە (٢٣) ئەڵقە لە ڕۆژنامەکانی (ژیانەوە)و (ژیان) بڵاوکراوەتەوە . هەروەها خاسیەتێکی دیکەی ڕۆمانی کوردی ئەوەیە کەوا سەرهەڵدانی رۆمانە

پێش چیرۆکی کوردی، کە ئەمیش واقیعی ئەم دوو ڕەگەزە ئەدەبیە لە ئەوروپا ، بە جۆرێ کە رۆمان پێش چیرۆك لە ئەوروپا سەری هەڵداوە ، هەروەها خاسیەتێکی دیکەش ئەوەیە کە زۆربەی نووسەرەکانی ئەم ڕۆمانانە لە سەرەتای دەرکەوتنیانەوە و تاکو ئێستا لەسەر هەمان شێوازی واقیع بینانە بە هەموو جۆرەکانی کۆمەلأیەتی و ڕەخنەگرتن و ڕامیاری و تۆمارکردن.. هتد دەڕوات ، هەروەها خاسیەتێکی دیکەی ڕۆمانی کوردی ئەوەیە کەوا نووسەرانی نەوەی نوێی هاوچەرخ پەنا دەبەنە بەر شێوازی (کورتە رۆمان) و خۆیان دووردەخەنەوە لە شێوازی لاساییکردنەوە لە نووسینی دەق و رۆماندا ، کە ئەمەش خاسیەتێکی رۆمانی کوردی نوێ و هاوچەرخە .

*** جیاوازی لە نێوان رۆمان و چیرۆکی درێژ چییە ؟**

– هەر ڕەگەزێکی ئەدەبی خاسیەت و تایبەتمەندی خۆی هەیە ، کە جیایە لە هەموو ڕەگەزەکانی دیکە ، لەگەڵ ئەوەشدا هەندێ لایەنی هاوبەش هەیە کە بەهۆیەوە رەگەزێك بە رەگەزێکی دیکە دەبەستێتەوە ، لە نێوان ڕۆمان و چیرۆکی درێژدا لێکچوون هەیە لە رووی لایەنی پەخشانی هونەرییەوە و ، هەروەها هەردوو ڕەگەزەکە پەنا دەبەنە بەر گێڕانەوە بەشێوەیەکی زۆر فراوان کە ئەمەش جیایە لەگەڵ هەموو ڕەگەزەکانی دیکەی ئەدەبی ، هەروەها بوونی لایەنی کەسایەتی و شوێن و کات و خەیاڵی ئەدەبی و گفتوگۆ و دیالۆگ ، بەلأم لایەنی جیاوازیی و خەیاڵی دژبەیەك زۆر بە ڕوونی و گەورەیی دیارە ، بە جۆرێ لە چیرۆکی درێژدا یەك پاڵەوان و کەسێکی سەرەکی و هەندێ کەسایەتی بەرز دەردەکەون ، کەچی لە ڕۆماندا پاڵەوانێك ، یان زیاتر.. لەگەڵ بوونی کەسێکی سەرەکی ، یان زیاتر لەگەڵ کۆمەڵێ کەسی بەرزدەردەکەون ، بەنسبەت لایەنی (کات) و

(شوێن) ئەوا سروشتی مەوداکەی زۆر گەورەو فراوانترە لە ڕۆمان لە چاو چیرۆکی درێژ ، هەروەها دەبێ ئاماژە بۆ ئەوە بکەین ، کەوا ڕۆمان بە شێوەیەکی فراوان پەنا دەباتە بەر جوانکردنی گفتوگۆ و دیالۆگ و مەنەلۆگ لە چاو چیرۆکی درێژدا ، هەروەها لە ڕۆمان ڕووداوێکی سەرەکی یان زیاتر لەگەڵ ڕووداوی ناوەندی تیایە ، بەڵام لە چیرۆکی درێژدا کەمترە ، قسەکردن لەبارەی جیاوازی لە نێوان ڕۆمان و چیرۆکی درێژ زۆر دەکێشێ و ناتوانین لەم دیدارەدا هەمووی بخەینە ڕوو ، بۆیە با هەر ئەوەندە بەسبێت .

*** با بێینە سەر خوێندنی باڵای زمانی کوردی ، ئاخۆ ڕۆمان لە بواری ئەدەبی کوردی هیچ بەشێکی هەبووە ؟**

ـ لە نێو بەشەکانی زمانی کوردی لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستان و زانکۆی بەغدا ، جۆرێك لە هەڵچوونی ئەدەبی و ڕەخنەیی لەگەڵ ڕەگەزەکانی ئەدەبی هەیە ، بە هۆیەوە ڕۆمانی کوردی بەشێکی باشی هەیە لە لێکۆڵینەوە ئەکادیمییەکان ، لەم بارەوە (٢) نامەی دکتۆرا و (٤) نامەی ماجستێر لەبارەی ڕۆمانی کوردی پێشکەشکراون ، سەرباری کۆمەڵێ لێکۆڵینەوەی ئەکادیمی باڵای کوردی لە بارەی ڕۆمان لە ئامادەکردن و نووسیندان لەلایەن هەندێ قوتابیانی کورد لە زانکۆی بەغدا و زانکۆکانی هەرێم .. بوونی ئەم ژمارە زۆرەی لێکۆڵینەوەی ئەکادیمی لە بارەی ڕۆمان دیاردەیەکی باشە و ، هێمایەکە لە دەرکەوتنی ڕۆمانووسی داهێنەرانە لە ئەدەبی کوردی نوێدا.

*** هەندێ ڕۆمانووسی کورد هەن بە زمانەکانی بێگانە ڕۆمان دەنووسن ، بۆچوونتان لەبارەی کێشەی ناسنامەی نەتەوەیی بۆ ئەم**

**دەقە ئەدەبیە چۆنە ؟ لە کام مێـژووی ئـەدەبی نیـشتمانی مامەڵـەی لەگەڵدا دەکرێت ؟**

- بە بۆچوونی خۆم سێ لایەن هەیە بۆ دیاریکردنی ناسنامەی ئـەم دەقە لە ڕوانگەی هەستی نەتەوەیی تەواو ، ئەم لایەنانەش بریتین لـە : (ئەسڵ و ڕەسەنی نەتەوەیی نووسـەری دەقەکـە ) ، وەکـو دیـارو روونــە زۆر لــە رۆماننووســە کوردەکــان ، دەقــی ڕۆمانــەکانیان بــە زمانێکی دیاریکراو نووسـیووە ، کـە ئـەمیش پەیوەسـتە بـە جـۆرەی ئەوانــەی کــە بــەزمانی کــوردی نووســیویانە ، ئــەوا بەشــێکی زۆر پێکدەهێنن و ، هەشیانە بە زمانی عـەرەبی یـان فارسـی یـان تـورکی نووسیوویانە ، کە ئەمانەش ژمارەیان کەمن .

بەنـسبەت زمـانی دەقەکـە ، ئـەوا لـە لایـەن بەشـێ لـە لێکۆڵـەران بەلایەنی یەکلایکەرەوەی دادەنـێن بـۆ مەسـەلەی کێـشەی نەتـەوەیی دەقە ئەدەبییەکە ، بەلام بەبۆچوونی من کێشەکە خۆی لـە خوێنـدن دەبینێتــەوە ، بــە جــۆرێ ئــەو کەســانەی کــە بــە زمــانی بێگانــە نووسیویانە ، ئەگەر هاتبایە خوێندن و دیراسەیان بـە زمـانی کـوردی لەو ولاتەی کە تێیدا دەژین بخوێندایە ، ئەوا ئەم گیروگرفتەی زمان و دەقە ئەدەبییەکە لە مێژووی ئـەدەبی کوردیـدا رووی نـەدەدا ، بـەلام چـی بلـێین پـاش دابەشـبوونی کوردسـتان بـۆ دووجـار بـە گـوێرەی ڕێککەوتنە نێودەوڵەتییەکان ، پاش شەڕی چالدێران لە ساڵی (١٥١٤) یەکەمین دابەشکردنی کوردسـتان لـە نێـوان فـارس و عوسمانییـەکان ڕوویــدا ، پــاش پەیماننامــەی (لــۆزان) لــە ســاڵی ١٩٢٣ دووەم دابەشکردنی کوردستان روویدا ، کە زۆر ترسناك بوو بە نسبەت گەلی کـورد ، دوای ئـەوەی کـە کوردسـتان بەسـەر چـوار ولات دابەشـکرا : عێراق ، تورکیـا ، ئێـران و سـوریا ، سـەرباری کۆچـکردنی هـەزارەها

کـوردی ئێزیـدی بـۆ شـاری یـەریڤانی ئـەرمینیا . ئـەم دابەشـکردنە کاریگەرییەکی خراپی هەبوو بـە سـەر بـواری خوێنـدنی هاووڵاتییـانی کورد بە زمانی دایك و ، رووداوی کێشەی هەستی نیـشمانی لـە دەقـە ئەدەبییە کوردییەکە تیادا ماوە ، تەنیا کوردی عێراق نـەبێ کـەوا بـە زمانی دایك ماوەتەوە لەسەر نووسین ، مەگەر نا کوردەکانی ئێران و تورکیـا و سـوریا بـە زمانـەکانی دیکـە دەنووسـن ، لەوانـە (سـەلیم بەرەکات) لە سوریا و (یەشار کەمال) لـە تورکیـا و (عـەلی ئەشـرەف دەروێـشان) لـە ئێـران . ئەگـەر بهاتایـە لـە منداڵییـەوە ڕەوانـەی قوتابخانە بکرانایە و بە زمانی کوردی بیانخوێنبایە ، ئەوا ئەوانیش بە زمانی کوردی دەیاننووسی .

بەنـسبەت لایـەنی کەشـی ئـەدەبی لـە دەقـی ڕۆمانەکـە ، کـە مـن مەبەسـتم لـە سروشـتی ڕووداوی ڕۆمانەکـە و نـاوی کەسـایەتییەکانی ڕۆمانەکە و سروشتی بیرکردنەوەی پێکهاتنی ڕۆمانەکەیە ، کەوا ئەمە زۆر بەجوانی دەبینرێـت لـە زۆربـەی دەقـەکانی (سـەلیم بـەرەکات) و (یەشـار کـەمال)و(عـەلی ئەشـرەف دەروێـشان) ئـەوانی دیکـە.. بـە گـوێرەی بۆچـوونی خـۆم هـەر هۆکـارێکی هەسـتی نەتـەوەیی کـوردو کەشی کوردی لەم دەقە رۆمانانە بینـران ، ئـەوا دەتوانرێـت بـەدەقی رۆمانی ئەدەبی کوردی حیساب بکرێت ، سـەرباری نووسـینەکەی بـە زمانی بێگانە بێ ، بەڵام هەر کەسێ ئەم لایەنانـەی تیـا نـەبوو ، ئـەوا ئێمە تەنیا شانازییان پێدەکەین کـە کـوردن و .. وا هەسـتدەکەم کـە ئێمە لە نێو سەردەمێکی ململانێی ئەدەبی لـە نێـو بـواری پێـشەنگی ئەدەبیدا دەژین ، بۆیە وا دەخوازین و بۆ ئەوەی راگەیانـدنی کـوردی دوڕاو نەبێت بە بیانووی ئەوەی کە ئەم نووسـەرانە بـە زمـانی بێگانـە نووسیوویانە ، بەڵکو دەبـێ بـە نیگایـەکی تایبەتیانـە مامەڵـە لەگـەڵ

ناسنامەی نیشتمانی ئەم دەقە ڕۆمان و ئەدەبییانە بکەین و پێویستە ئێمە تەنیا شانازی بەوانە نەکەین کە بە زمانی کوردی دەنووسن ، بەڵکو گەرەکە سنووری شانازیکردنەکەمان فراوان بکەین ، تاکو بە هۆیەوە هەموو نووسەر و ئەدیبەکانی دیکە بگرێتەوە ، کەوا هەست بە ڕەسەنێتی نەتەوەی کورد و گەلی کورد دەکەن .

*** ئەم دیدارە لە گۆڤاری (کاروان ) ، ژمارە (٢٠٠ ) ، مانگی ١١ی ساڵی ٢٠٠٥ ، ل١٠٣–١٠٦ بڵاوکراوەتەوە .**

**د. عادل گەرمیانی .. سەرۆکی بەشی کوردی زانکۆی بەغدا:**

**ئەو خۆشەویستییەی دوای هاوسەرێتی دروست دەبێت، باشترە لەوەی لە پێش هاوسەرێتی هەیە.**

*** بۆچی هەر لەبەغدا مایەوەو نەگەڕایتەوە کوردستان؟**

– لەراستیدا لەساڵی (١٩٩٦) کەنامەی ماجستێرەکەم تەواو کرد ڕووم کردە سلێمانی بەمەبەستی دامەزراندن، بەداخەوە لەوێ تووشی بێ ئومێدی هاتم، دواتر هاتمە هەولێر، بەداخەوە لەوێش سەرۆکی بەشی کوردی مەوقفێکی سلبی هەبوو، ناچار رووم کردە دهۆك و بۆماوەی ساڵێك بەعەقد دەرسم وتەوە، پاشان گەڕامەوە شاری هەولێرو داخوازییەکم ئاراستەی کاك (نێچیرڤان بارزانی) کرد بەمەبەستی دامەزراندن، زۆر سوپاسی دەکەم فەرمانی دامەزراندنی بۆ دەرکردمو، چوار ساڵ لەم بەشەی کوردی کۆلێژی پەروەردە کارم کرد، بەڵام دیسان دەڵێم بەداخەوە هەندێك لەمامۆستایانی ئەم کۆلێژە،دەستیان کرد بەکێشە نانەوە بۆم، زیاتریش لەبەر ئەوەی من بێ لایەن بوومو بەسەربەستی دەچوومە بەغداو دەگەڕامەوەو دەرسم دەوتەوە ئەوانیش ئەو شتانەیان پێ نەدەکرا، هەندێك کێشەیان بۆ نامەوەو، ناچاریان کردم دەست لەکار هەڵگرم، ئێستاکەش بەدڵو بەگیان حەز دەکەم نەك چوار ساڵ بەڵکو چل ساڵ بۆ هەولێر دەرس بڵێمەوە.

*** بەڕای جەنابت ئازادی ڕۆژنامەگەری لەکوردستان هەیە یاخود لەبەغدا؟**

– لەڕاستیدا ئازادی ڕۆژنامەگەری سەد دەر سەد نییە چ لە کورستان

و لەبەغـدا، لەبـەر ئـەوەی سانـسۆری تایبـەتی خـۆی هەیـە، لـەوێ کێشەی نووسین نییە، بەڵکو کێشەی ئـەنجامی نووسـین هەیـە، کـەوا لەلایــەن هەنــدێك کــەس‌و گروپــەوە لەوانەیــە تووشــی کوشــتن‌و تیرۆربێتــەوە لەســەر ئـەم نووسـینە، کەواتــە راســتە لــەوێ ئــازادی نووسـین‌و دەربڕینــی بـیروڕا هەیە،بـەڵام دەبێـت حیـسابێك بکـەیت لەنووسـینەکەتدا، کـە چ دەنووسـیت‌و بۆکـێ دەنووسـیت‌و ئـەنجامی نووسینەکەت چییە، ئەم جۆرە مەترسییەی لەبەغـدا هەیـە بەرانبـەر بەرۆژنامەنووســان لەکوردســتان نییــە، لێــرە لێــشاوو لافــاوی رۆژنامەگەری هەیـە، ژمارەیـەکی زۆر رۆژنامـەو گۆڤـار هەیە،تەنانـەت وای لـێ هـاتووە، چ نوسـینێك بـۆ رۆژنامــەکان بنێریـت، ئـەوا بـڵاوی دەکەنەوە،واتە هەر بۆ ئەوەیە رۆژنامەکـە یـان گۆڤارەکـە دەربـچێت، واتە مەسەلەکە زۆری و بۆری پێوەدیارە.

*** ئێـستاکە بابێینــە سـەر ژیـانی لاوێتـی جـەنابت، ئـاخۆ لەژیانـدا دڵداریت کردووە؟**

– وابــزانم وشــەی ئینــسان، بــەمانا عەرەبییەکــەی لــە وشــەی (ئونس)ەوە هاتووە، واتە ئەو کەسەیەکە هاورێیـەکی یـان دۆسـتێکی هەبێت لەگەڵیا ژیان بباتـە سـەر، چـونکە ژیـان یـەك جەمـسەر نییـە، بــەڵکو دوو جەمــسەرە، پیــاوو ئــافرەت، بەتەئکیـد هــەموومان بــەو قۆناغــەدا چــووینەو تــام وچــێژی خـۆی هەیـەو لـەیادەوەری مرۆڤـدا دەمێنێتەوەو، هەندێکیش هەڵسوکەوت و رەفتارێکی هەرزەکارانەیـە، واتە شت نییە بەکاملی لـەدایك ببێـت، بـەڵکو هـەموو شـتێك‌و هـەموو ئەزموونێك، سـەرەتا کـاڵن تـا بـەرە بـەرە مرۆڤەکـە دەبێتـە خـاوەن ئەزموون و دەزانێـت هاوسـەرەکەی یـان کەسـەکەی هەڵبـژێرێت، جـا خۆشەویستیش هەنـدێك جـار دەگاتـە هاوسـەرێتی‌و هەنـدێك جـاریش

ناگات، بەلای منەوە ئەو خۆشەویستییەی دوای هاوسەرێتی دروست دەبێت، باشترە لەوەی لەپێش هاوسەرێتی هەیە.

*** لەنێو پێگەو حەرەمی زانکۆ،لایەنی زانستی بالاّ دەستە یاخود لایەنی سێکسی؟**

– غەریزەی جنسی لای مامۆستاو قوتابی بەدی دکرێت، بەلاّم مامۆستا تارادەیەك چوار چێوەیەكو سنورێكی بۆ دانراوە، بۆیە ناتوانێ بەعزە شتێك بكات، قوتابی سنوورەكەی فراوانترە، كەبەعزەشتێ ئەكات ئەوا پێی ئەڵێن هەرزەكارە، بەلاّم مامۆستا دەبێ حیسابی شوێنو مەكانەتی خۆی بكات، بۆ ئەوەی لەنێو پۆلو كۆلێژ رۆڵی خۆی ببینێت وەكو مامۆستایەك و وەكو پەروەردەكارێك، بەهەر حاڵ كاتێك قوتابی دەچێتە قۆناغی زانكۆ دڵی پێ خۆش دەبێت، بۆیە هەندێ جار لەوانەیە نامووسی خۆی لەدەست بداتو دوایی پەشیمان دەبێتەوە بۆیە تەجرەبەی یەكەم ساڵ زۆر مەترسییە بۆ قوتابی، بۆیە ئەگەر توانی غەریزەكەی كۆنترۆڵ بكات، ئەوا ئەنجامی خوێندنەكەشی باش دەبێت.

***ئەو لێشاوە زۆرەی وەرگرتنی قوتابیان لەخوێندنی بالاّ زیان بەپرۆسەی خوێندن ناگەیەنێت؟**

–من لەگەڵتام، تۆ ئەبێ سنوورێك لەبەینی كۆلێژو پەیمانگە دابنێی، واتە هەر بوارێك بۆ مەبەستێك دانراوە، پەیمانگە بۆ كادیری ناوەندی، كۆلێژ بۆ كادیری باشتر، خوێندنی بالاّ یابلێین نوخبە، نوخبەی كۆمەڵ دروست دەكات، لێرەدا ئەگەر هاتوو ئەم نوخبەیە بەسەقەتی فێر كرا، ئەوا چاوەڕوانی هیچ داهاتوویەكی باش لەم جۆرە نەوەیە ناكرێت، واتە زۆریو بۆری خراپە.

*** چۆن دەڕوانیتە ئاستی رۆشنبیری کورد؟**

– ئەمەپرسیارێکی گشتییە،ئاوها ناتوانی وەڵامی بدەیتـەوە، جـاران لەکاتی سەددام چەوساندنەوەی کورد هەبوو چ لـەرووی رامیـاری و چ لـــەرووی رۆشـــنبیری، بـــەڵام لـــەرۆژگاری ئـــازادیو دیموکراســـی کوردستان،دیسانەکە دەنگی ناڕەزایی هەیە بەرانبـەر بەبارودۆخەکـە، چ لـەرووی ماددییــەوە بێــت یـاخود چـاپکردنی بەرهەمــەوە بێــت، رۆشنبیری بێ لایەن باجێکی زیاتر دەدات لەچاو رۆشنبیری حزبەکان، چــونکە حزبــەکان دەیانــەوێت مــارەی رۆشــنبیران بــبڕنو، ئــەو رۆشنبیرەی خۆی دەداتە پاڵ حزبێکەوە، ئەوا حزبەکەی تـر دژایـەتی دەکاتو، ئەگـەر هـاتوو بـێ لایـەن بـوو، ئـەوا لەدەسـکەوتی هـەردوو حزبەکە بێبەش دەبێت.


*** لەو رووداوە ترژایدیایەی بەسەر خێزانەکەت هات، تاچەند ئارامیت گرت ئەمە لە لایەك و، لەلایەکی ترەوە تاچەند دەستی یارمەتیت بـۆ درێژکرا؟**

– بــەهۆی ســووتاندنی ماڵەکــەم، هاوســەرەکەمو منــداڵێکی (١٠) ساڵانەم شەهید بوون، ئەوکارەساتەی بەسەر من هات، یەکەم ئـارامی گرتنـی مـن بـوو کـەخوای گـەورە پێـی بەخـشیبووم، چـونکە ئەگـەر یەکێکی تر بووایە ئەوا ئینتیحاری دەکرد، یانیش بەخەمو خەفەتـەوە لەناو دەچوو، هـەروەها مەسـەلەی ئیمانـداری مـرۆڤ،، چـونکە خـوای گـەورە لەچـەند ئایـەتێك دڵـی ئـەم جـۆرە کەسـانە دەداتـەوە، ئەمـە بەنـسبەت رووداوەکــە، ئــەوەی پەیوەنــدی بەلایــەنی یارمەتییــەوە هەبێت، ئەوا زۆر کەس هەبوون دەستی یارمەتییان بۆ درێژ کردم.

لـەڕووی بەچـاپکردنی نامەکـە، ئـەوا د. ئـازاد باخـەوان و د.عـەزیز گەردیو د. عەبدوڵڵا خدر مەولودو مامۆستا ئازاد ئەحمەد یارمەتییان

دام، لەرووی ماددیشەوە تـاكو ئێـستا خـۆم بەقـەرزداری هـەموو ئـەو گروپو كەسانە دەزانم كەیارمەتییان دام، لەوانە كاك مەسعودی بەرێز دەستی یارمەتی بۆ درێژ كردم، كاك كۆسرەتو مامۆستایانی زانكـۆی سەلاحەدینو بەغداو سـلێمانیو دهـۆك دەسـتی یارمـەتییان بـۆ درێـژ كردم، بۆیە هەتا هەتایە سوپاس گوزاری كاك مەسـعود و هـەموو ئـەو كەسانە دەكەم كەوا لەرووی ماددیو زانستییەوە یارمەتییان داوم.

* ئەم دیدارە لە گۆڤاری پێشكەوتن ، ژمارە (١٤٢)ی نیسانی٢٠٠٦ ،ل ٢٩–٣٠ بڵاوكراوەتەوە .



**محەمەدی مەلا کەریم:**

## لە تاریخی تازەی کورددا شەخـــسیەتێکی وەکـــو (مـەلا مـستەفا) نییـە ، بەلامــەوە شەخـــسیەتی یەکەمە بۆ کورد

*** حەزدەکەین لەو پرسیارەوە دەست پێبکەین ،لەهەولێر وا قسەت لەسەر دەکەن ،کە حەمە سەعید حەسەنێکی تری ، بۆ؟**

– ڕەنگە مەبەستت ئەوە بێ منیش وەك ئەو زۆر جار بەرپەرچی ئەم و ئەو ئەدەمەوە ، ئەبێ پێشەکی بڵێم تەمەنی من لە بواری نووسیندا زۆر لەهی حەمە سەعید حەسەن زیاترەو ئێستاش ماوم وەك ئەو ئەنووسم ، لەگەڵ ئەوەشدا من شەخسیەن لەگەڵ حەمە سەعید حەسەن نیمە و مەشاکیلم هەبووەو ، ڕەخنەکانم هەردەم لەسەر حەق بووە ، کاتی خۆی (مەسعوود محەمەد) غەڵەت بوو ، وا مەشهور بوو کە ئالأی موحارەبەی شیوعیەتی هەڵکردبوو ، بەو زمانە قسەی دەکرد ، لەگەڵ ئەوەشدا عیلاقەمان زۆر خۆش بوو ، ئیحترامم دەگرت و ئەویش ئیحترامی دەگرتم ، ئەویش بەڕاستی کابرایەکی موسەقەف زۆر گەورە بوو، بۆچوونی خۆی هەبوو، منیش بۆم نییە مەنعی بۆچوونی کەس بکەم ، ئەوەی پەیوەست بێت بە (د.کەمال مەزهەر) کەوا من دکتۆر کەمالم زۆر خۆش دەوێت ، من ئێستاش دەڵێم ئەگەر بەقەناعەتی خۆم شتێکم بینی غەڵەت بوو ئەوە دەبێ ڕەدی بدرێتەوە ، زەروریە پیاو بێ دەنگ نەبێت لەغەڵەت و شتی نادروست ، مەسەلەن (مام جەلال ) ئێستا دەڵێت من ئیمزا لەسەر ئیعدام کردنی (سەددام ) ناکەم ، چونکە ئەندامی ڕێکخراوێکی عالەمیم کە مەنعی ئیعدام دەکات ، بەلامەوە ئەوە زۆر بێ مەوقعە ، چونکە ئێمەی کورد هەزارەها کەسمان بەدەستی ئەم زاڵمە کوژراوەو،دەڵێن حەواڵەی (عادل عەبدولمەهدی) و (غازی عجیل)ی دەکەم ، بۆیە بەلامەوە زۆر غەڵەتە ، چونکە ئەو ئیلتیزامی ڕێکخراوێکی عالەمی دەکات، کە

مەوقیعەکەی لەگەڵ مەوقیعی کوردستاندا زۆر جیاوازە و بۆ ئێمە ناشێت.

*** ئاخۆ جەنابت بۆچی درەنگ ژنت هێناوە؟**

– ڕاستە زۆر درەنگ ژنم هێناوە، لەوەدا کەوتمە هەڵەیەکی گەورەوە، بەڵام قەناعەتت هەبێت، ئەگەر یەکێك بەڕاستی خەریکی سیاسەت بێت ، نابێ ئەرکی ژن و منداڵ بخاتە ئەستۆی خۆی ، چونکە ئەگەر ئەوەی خستە ئەستۆی ، ئەوا یان دەبێت بچێتە باوەشی باوکی ژنەکەی ، یان باوەشی دایك و باوکی خۆی ، هەردووکیان بەلای منەوە مەرفوزن ، هەروەها لە مەرحەلەیەکی تردا ویستم ژن بهێنم ، بەڵام ڕێك نەکەوت ، ئاخیری تووشی ئازاری قاچ و فەقەرات و گیان هاتم ، تێگەیشتم ئیتر تازە تەحەمول ناکەم و دەبێ یەکێك هەبێت خزمەتم بکات ، بۆیە ناچار تووشی ئەم ژنە باشە (شیرین) هاتم کە ژنێکی بەویستی خۆم و شایان و تێگەیشتوو و پێشکەوتنخوازم دەسگیر بوو ، هاوڕێی ڕاستەقینەی هەموو ژیانمەولەگەڵێك کاروبارەکانما سەرەڕای ئەرکی خۆی لە ماڵدا یارمەتیەکی باشی منیش ئەدا.

*** باشە بۆچی بەیەکجاری نەگەڕایتەوە کوردستان و بەغدات جێ نەهێشت ؟**

– لەهەر قۆناغێکدا سەبەبێك هەبووە ، وەختێ مەفروز بوو لەگەڵ مەلا شکور مستەفا بگەڕێمەوەو کۆڕی زانیاری کوردستان دابمەزرێنین ، من هاتمەوە بەغدا و پرسم بە باوکم کرد و رازی بوو، بەڵام ئەوەندەی پێنەچوو (سەلاح)ی برام چووە (ئیمارات) بۆ ئیشکردن ، بۆیە ناچار بووم لە بەغدا بمێنمەوە، چونکە باوکم بەو پیری و نەخۆشیە دەمایەوە ئەوە ئەوجار نەگەڕامەوە ، مەلا شکور ڕۆیشت و

کۆڕی زانیاری دامەزراند ، بەلاَم ئێستا لەوانەیە بۆم ڕێك بکەوێت بگەڕێمەوەو ، لەگەڵ چەند برادەرێك ڕێکەوتوومە ، پڕ بەدڵیش حەزدەکەم بگەڕێمەوە کوردستان ، هەتا وتوشمە ئەگەر لێرەش مردم ئەوادەبێ تەرمەکەم بگەڕێننەوە کوردستان.

*** باسی کۆڕی زانیاریت کرد ، ئاخۆ بەڕای جەنابت دامەزراندنەوەی کۆڕی زانیاری کورد لە بەغدا ڕەفزکردنەوەی کۆڕی زانیاری کوردستان نییە؟**

– دوای ڕەفزکردنەوەی ئیتفاقییەی (١١)ی ئادار ، حکومەتی عێراق ، کۆڕی زانیاری کوردی و سریانی و عێراقیشی هەڵوەشاندەوە ، دواتر کۆڕێکی تری دامەزراندو لەنێوانیاندا (٩)کەسی کوردی بەناوی (دەستەی کورد )دانا ، بەلاَم ئەم دەستەی کوردە قەتعەن نەدەگەیشتە قوولە پێی کۆڕی کوردییەکەی پێشوو ، بەلاَم هەر باش بوو ، گۆڤارو کتێبی کوردی دەردەکرد، دوای ڕووخانی سەددام ، (د.تاهیر بەکا) وەزیری خوێندنی بالاَ هەوڵی بنیاتنانی کۆڕی زانیاری کوردی دا ، بەلاَم لە کوردستان ئیعتراز هات و گوتیان ئێمە خەریکی سەر لەنوێ پێداچوونەوەی کۆڕی زانیاری کوردستانین و خەڵکی بەغداو سلێمانی تێ دەکەین ، بەلاَم دواتر ئەم فیکرەیە وەستاو هیچیان نەکرد ، ئەو کۆڕی زانیارییەی عێراق کە ئێستا هەیە چەند لیژنەیەکی لەخۆگرتیە ، لەوانە (عەرەبی ، زاراوە ، مۆسیقا) و ئێستا کوردیشیان دانا، کە(٥)کەس لەخۆدەگرێت (د.فوئاد حەمە خورشید، د.ئیسماعیل ساڵەیی، د.عادل گەرمیانی، حوسێن جاف، محەمەدی مەلا کەریم) بریارە گۆڤارەکەش دەرکەینەوە، کەپێش شەڕ ژمارەکە ئامادەبوو، بۆیە دەڵێم دامەزراندنەوەی کۆڕ مایەی قەلەق و دڵتەنگی نییە.

*** ئەگەر چی جەنابت لە بنەماڵەیەکی ئاینی پەروەردەکراوی و چوویتە حوجرەو مزگەوت، کەچی دواتر لەباوکت هەڵگەرایتەوەوفیکرەی مارکسیەتت کردە پێشەنگی خۆت، ئاخۆ جەنابت بە ویستی خۆت نەچوویە مزگەوت و حوجرە ؟**

– من بە ئیختاری خۆم نەچوومەتە حوجرە ، باوکم مەلا بووە و منی خستۆتە بەر حوجرە و ویستوویەتی بمکاتە مەلا ، تەنانەت عەقڵیشم بەوە نەشکاوە کە موعارِەزەی بم ، بەڵام کاتێك کە کولیەی شەریعە دروست کرا ویستم لەگەڵ (مەلا شکور مستەفا) و (شێخ ڕەئوف) ی برای خەتیبی سلێمانی بچمە کولیەی شەریعە ، بەڵام باوکم نەیهێشت ، هەربۆیەشە بەهۆی خوێندنەوەی جەرائیدەکانی پارتی و شیوعی کە مەقالەی جوان بوون و، قسەکان دەچووە ناو دڵمانەوە ، بۆیە بیرمان کەوتە سەر سیاسەت ، تەنانەت محاکەمەی (فەهد)م لە بیارە لە جەریدەی نەهێنی خوێندەوە ، کە جەرائیدەکانی حکومەت بڵاوی نەکردەوە ، دەمەوێ ئەوەشت پێ بڵێم کە من کاتی خۆی غەیری سیاسەتێکی دینی ، ئەوا هەموو شتەکانی تر بەلامەوە ڕەفزبوو ، بەڵام ئێستا لایەنی سیاسیم گرتووە.

*** باشە جەنابت باسی سیاسەتت کرد ، لە دوا دیمانەت لەگەڵ ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ) گوتوتە ( لەسەردەمێکدا ئەگەر وازم لە سیاسەت بهێنابایە ، وامدەزانی دنیا دەوەستێ) باشە لەبەر چی ؟**

– نەخێر نەك من بەڵکو هەزار کەس واز لەسیاسەت بهێنێ ، ئەوە دنیا ناوەستێ ، دنیا لەسەر ئەم و ئەو نەوەستاوە ، فەقەت من لەم باوەڕەدام ئەگەر یەکێك بە ڕاستی چووە ناو سیاسەت ، ئەوە نابێ بەجێی بهێڵێ ، من بۆم ڕێککەوت کە بچمە ئەزهەر و لەوێ بخوێنم و تەنانەت ماجستێر و دکتۆراش وەربگرم ، بەڵام لەبەر خاتری

تێكۆشان نەچووم ، بۆیە من لەو قەناعەتەدام ئەگەر مرۆڤ كەوتـە نـاو سیاسەت ، نابیّ واز بهێنیّ و ، من ئێستاش نـاڵێم وازم لـە سیاسـەت هێناوە ، بەلاّم لەبەر ئـەوەی پـیرم و تاقـەتم نـەماوە ، بەقەڵـەم و بـە زمان بەشداری لە سیاسەت دەكەم .

*** لەم دواییانەدا وتارێكت بلأوكردەوە ، گوتت وشەی (سـەرەك) لـە وشەی (سەرۆك) تەواوترە ، لەبەرچی ؟**

– بەلامەوە هەردووكیان دروستكراون ، بەلاّم (سـەرەك) لـە كوردیـدا هەیە ، شەتڵی (توتن) لە ئاخیری گەلاّی سـەرەوەی پێـی دەگوترێـت (سەرەك) ، كە بەرزترین لوتكەی گەلأكانەو ( سەرەك ) پەیوەندی بـە ( سەر )ەوە هەیە ، هەربۆیەشە ( سەرۆك )م لە كوردیدا نە لە شیعرو نە لە پەندی پێشینان نەمبیستووە ، بۆیە ( سەرەك ) تەواوترە .

*** تۆ دژی نوێخوازی ناوەستیت ، بایەخی سەرەكیشت بـە شـیعری كلاسـیكی كـوردی ئـەدەیت ، ئـەم دوو لایەنـە چـۆن پێكـەوە ئەگونجێنی؟**

– دژی نوێخوازی نیمە ، فەقەت شیعر ، شیعر بـیّ ، دەبـیّ سـیفەتی شیعریەتی تێدابێت ، وە كۆن و نوێی نییە و ، ئەوەی ئێستا ئێوە بـە شیعری نوێی دادەنێن ، قەڵغانێكە بۆ ئینسانی تەمبەڵ و بیّ بـەهرە ، بـەلاّم بـە عمـوم ئێـستا شـیعرمان نییـە ، ئێمـە توراسـی شـیعرمان خستۆتە ژێر پێوە ، جاریّ بەر لەهەر چی شتێك شیعر بە مۆسـیقا لـە پەخشان جویّ دەبێتـەوە ، بـەلاّم بەشـی هـەرە زۆری ئـەوەی ئێـستا بەناوی شیعرەوە ئەوتریّ قسە ڕیزكردنی ڕووتە ، نە مۆسیقای تیایە و نە وێنەی جوان و نە خەیاڵی بەرز و بالاّ ، تەنانەت ( شێركۆ بێكەس ) كە شاعیرێكی زۆر باشە ، بەلاّم وازی لـە كـێش هێنـاوە ، كـێش واتـە مۆسـیقای تێـدابیّ ، كاتێـك كـە دەڵـێن " دەچـم بـۆ بـازاڕ " ئـەوە

مۆسیقای تێدا نییه ، بەلاّم ئەگەر وەکو کابرای گۆرانی بلّێی " من چووم بۆ بازاڕ ، کچێکم بینی " ئەوە مۆسیقای تێدایه .
وێنەی جوان و ئیقاعی تێدایه ، ئێمە ئێستا لە ئەزمەی شیعر داین ، بۆیه من دژی بەشی زۆری شیعرم ، بەلاّم هەشە زۆر باشە ، لەوانە (ئازاد دلّزار ، عەبدوللاّ پەشێو ، کەژالّ ئەحمەد ).

*** سەنگی کورد لە بەغدا چۆن دەبینی و ، سەرنەکەوتنی هاوپەیمانی کوردستانی لە بەغدا بۆچی دەگەڕێتەوە ؟**

– هەردوکیان ( پارتی و یەکێتی ) پێویستیان بە ئیعادەنەزەر هەیە ، لە هەلّبژاردنی کەسایەتیەکانی پەرلەمان مۆفەق نەبوون ، یەکێ لە ئەسبابەکانی فەشەل هێنانی کورد لە ئینتخابی ئەمسالّ کە ( ٢٥ ) کورسی کەمتر هێنا ، خراپ کارکردنی ڕێکخراوەکانی پارتی و یەکێتی بوو لە بەغدا ، نەیانتوانی علاقەتیان لەگەلّ کوردەکان بەتین بکەن ، تەنانەت شیعەێك زۆر چاکتر کاریگەری دەکاتە سەر کوردە فەیلییەکان ، بۆیه دەبێ گوێ لە موعاناتی خەلّك بگرن .
تەنانەت لە بەغدا ئێمە پێش دوو ڕۆژ بەرلە هەلّبژاردن زانیومانە مورەشحی هاوپەیمانی کوردستانی لە بەغدا کێیە ؟! هی وای تێدایە نەخوێندەوارە و هەشە کۆنە جاشە ، هەشە خزمی فلاّن و فیسارە ، ئەمانە بۆ پەڕلەمان پێویست نییە ، بەلّکو پەرلەمان پێویستی بە کەسانی زمانزان و بە توانا هەیە .

*** ئەگەر بتوانی ئەمانە بە ڕستەیەك پێناسە بکەیت ( مام جەلال ، کاك مەسعوود ، لینین و مارکس ) ؟**

– مام جەلال : زۆر دلّسۆزی برایەتی عەرەب و کوردە.

– کاك مەسعوود : سیاسییەکی دووربینە ، کەم دووە ، تاتەواو لەشتەکان ورد نەبێتەوە ، قسە ناکات.

– لینین و مارکس : دوو قائیدی زۆر گەورەن لە تاریخی ئینساندا ، مەشخەڵێکن بە دەست میللەتاندا و کەم یا زۆر ئیستیفادەیان لێ دەکەن.

*** هەرمیللەتێك شانازی بەسەرکردەیەك دەکات ، هیند بە غاندی ، کوبا بە کاسترۆ ، ئەرجەنتین بە گیڤارا ، ئاخۆ ئێمەی کورد لە ڕۆژگاری ئەمڕۆکەماندا شانازی بەکێ بکەین ؟**

– لە تەئریخی تازەی کورددا شەخسیەتێکی وەکو ( مەلا مستەفا ) نییە ، بەلامەوە ( مەلا مستەفا ) شەخسیەتێکی یەکەمە بۆ کورد ، چونکە ئینسانێك بووە تاحەدێك زۆر پڕ بە پێستی کۆمەڵگای کوردی بووە ، توانیویەتی هەموو چینەکانی میللەتی کورد لە سەعاتی میحنەتدا بەدەوری خۆیدا کۆبکاتەوە و ، زۆر بڕوای بە فەللاح بووە و ئاغاشی بەڕەڵلا نەکردووە و ، نەیهێشتووە ئاغا بەربێتە گیانی فەللاح ، شیعاری ئاشتی بۆ کوردستان هەبووە ، تەنانەت لەساڵی ١٩٦٢ کاتێك شیوعییەکان پەنایان بردە کوردستان ، ئەوا لەناو هەموو قادەکانی پارتیدا ، ( مەلا مستەفا ) لێیان هاتە پێشەوە و دالدەی دان و چەکی دانێ .

*** لە کۆتایدا زۆر سوپاست دەکەین ؟**

– منیش سوپاسی ئێوە و ڕۆژنامەکەتان دەکەم.

*** ئەم دیدارە لە ڕۆژنامەی (پرس) ،ژمارە (١٨)ی (٢٥)ی نیسانی٢٠٠٦ ، ل٦ بڵاوکراوەتەوە .**



# دیدارێك لەگەڵ ( شاهۆ )ی كوڕی ( گۆران )ی شاعیر

**شاهۆ گۆران، یەکێکە لەکورەکانی گۆرانی شاعیر، لەدایکبووی ساڵی (١٩٤٤)ی شاری (حەیفا)ی فەلەستینە، سەردەمانێکی زۆریشە لەشاری بەغدا دەژیێتو، ئێستاکەش بەرپرسی (دەزگای ئۆجەلانە) کە دەزگایەکی رۆشنبیریی زانستییەو، بەرێوەبەری ئەنجوومەنی کارگێری گۆڤاری (الشرق الاوسط الدیمقراطي)یەو یەکێکیشە لەکادیرەکانی پەکەکە. بۆ زیاتر ئاشنابوون لەنهێنییەکانی گۆرانی شاعیرو خانەوادەو جەنابیان ئەم دیدارەمان لەشاری بەغدا لەگەڵیا سازکرد:**

***سەرەتا حەز دەکەین لەخانەوادەی گۆرانی شاعیر دەست پێ بکەین، ئاخۆ ئێستا چەند منداڵی لەژیاندا ماون؟**

– حاڵەتی خێزانداری یەکەمی گۆرانی باوکم، کە(سەبری خانی) مارەکرد بەهۆی پەیوەندی خزمایەتی بوو، کە(هیوا)و (گوڵاڵە)ی لێ بوو، ئەم دووانە هەر بەمنداڵی مردن، پاشان (هۆگر)و (ئەژی) بوون. زەماوەندی دووەمی لەگەڵ دایکم بوو، بەناوی (سەبریە عەبدولکەریم باخەوان)ە، کەئافرەتێکی کوردە، باوکی خاوەنی زەوی‌و زارێکی فراوانە لەقەرەداغ، کەهەربە ناوەکەیەوە دیارە کە(عەبدولکەریم باخەوان) کورد بووە، بەڵام لەبەر ئەوەی دایکم لەشاری بەغدا ژیاوەو گەورە بووە، بۆیە لەنێو خەڵکدا وابڵاوبۆوە کەدایکم عەرەبە، بەڵام ئەوە پێچەوانەی ڕاستییەکانە.

دایکم خاوەنی سێ کوڕو دووکچ بوو، کوڕەکان بریتینە لە خوالێخۆشبووان (هەڵۆ)و (فەرهاد) لەگەڵ من کەناوم (شاهۆ)یە،

کچەکانیشی (هێرۆ)و (پـیرۆز) بـوون، ئەوانـەی کەلەژیانـدا مـاون (مـن وهــۆگرو هێــرۆو پــیرۆز)یــن، دەمــەوێ ئــەوەش بڵــێم کــە بــاوکم بەزەماوەندی دایکم زۆر دڵخۆش بوو ، ئـەوکات بەیەکـەوە سـەفەریان بـۆ (فەلەسـتین) کـردو زۆر هـۆگری یـەکتر بوونـە، بـەڵام دوای پـیلان گێڕانەکەو زیندانی کردنەکەی بۆیەکـەمجار، جیاوازییـەکی گـەلێك زۆر لەنێوانیانـدا سـەری هەڵـدا، کەلەئەنجامـدا بـووە هـۆی تـەڵاق ولێـك جیابوونەوەی هەردووکیان لەیەکتری.

*** ئەوەی بەلامانەوە سەیرە ئەوەیە، کە هیچ یـەك لەبنەماڵەکـەتان لەبواری شیعر نووسیندا رێچکەی باوکتان نەگرتووە؟ لەبەر چی؟**

–ئەگەر مەبەسـتت لەمـە داهێنـانی ئـەدەبی بەبەهرەیـەکی بـەرزبێ، کەئـەویش لەسـەر چـەند پلەیـەکی بەخـشینی جیاکارانـە دەوەسـتێ بەکامل بوونی جوانکاریو داهێنانکارییەکـەی، ئەمـەکارێکی مەحاڵـە نـەك تـەنیا بـۆ نـەوەکانی گـۆران، بـەڵکو بـۆ سـەرجەم ئـەدیبانو شـاعیرانیش ئەگـەر بێتـوو خـاوەنی ئـەو بـەهرە یـاخود ئـەو هێـزە پەنهانەو توانستە باڵادەستە نەبن، کەوابوو هۆنراوەسـازیو دارشـتنی پشت بە سروشت گەلو کاردانەوەو کاریگەریـەکانو ئامـاژە گەلـەکان دەبەســتێ لەگــەڵ هەڵوێــستی شــاعیرەکەبەرانبەر پەیوەندییــە گـشتییەکانو ژیـانی بـژێوی لـەکاتو شـوێنو سـەرجەم بارودۆخـە کۆمەڵایەتیو سیاسییەکانو پابەندبوونی بەبیرو باوەڕی پرەنسیپانەو بـیریو زانـستی، واتــە هــەزم کـردنو وەرگرتنــی واقیعـە بژێوەکـەو دووبــارە دروســت کردنــەوەی پێکهاتەکــەی بــە دوانێکــی ویــژدانی بەرێڕەوەکانی ڕەگەزە ئەدەبییەکان لەدوای هـەڵقوڵانی بـەمیکانیزمی خەیاڵی شیعری.

جا پەراوێزی داهێنانکاری لای گۆرانی بـاوکم لەسـەر بەشـداریکردنە

هاوشێوەکان یان هاودژەکـان دەوەسـتێو بەشـێوەیەك لەشـێوەکان توانستو زنجـیرەو یـەکێتی ئەنـدام بـۆ پـەیکـەری عەقیـدەی شـیعری تیایـدا نمـایش دەکـرێن لـەفۆرمو نـاوەڕۆكو مۆسـیقادا، هــەروەها تێبینی ئەوەش دەکەین، کەمۆسیقاکە لەگەڵ هەر دانەیەکی شیعری هەڵدەقولێ، کەمۆسیقایەکی خۆشو دڵرفێنە، ئەمەجگە لەهەماهـەنگ بـوونی قییەمـە هـزریو فەلـسەفیو ئەدەبییـەکان لـەنێو نـاوەڕۆکی جوانکاری شیعرەکانی، هەر خودی ئەمەشە رێی بەگۆڕاندا، کەکێشی هۆنراوەکانی لەسەر شێوازی کێشی بڕگەیی سـەروادار تـازە بکاتـەوە تاکو لەدوایدا چێژێکی شیعری بۆ خوێنەرو رەخنەگر پێکبهێنی، هـەر ئەوجیاکارییـەش بـوو، کـەبووە هـۆی بـەرەو پـێش چـوونی رێبـازە ئـەدەبییو شـیعرییەکان بـۆ پێویـستییەکانی خزمـەتکردنی ئامانجـە نیشتمانیو نەتەوایەتییەکان، هەروەك چۆن لەبارەی پڕەنسیبەکانی ئاڕاستەی قوتابخانەی ئەدەبیو شیعریی کوردی بەدووڕێگەی جیاواز دەڵـێن نوێکردنـەوەو ریـالیزمی. جـا شـتێکی سەرسـورهێنەر نییـە کەنەوەکانی گۆران ڕێگەی باوکیان نەگرنە بەر، بەڵکو بەڕای من سەیر ئەوەیە کەگۆران هەموو ئەوانـەی کەپێـشکەشی کـردوون لـەداهێنانو گوزارش و رێبازگەلی خەباتگێرانە، کەبەتەنیا ولەماوەیەکی زۆر کـورت ئەنجامی داون، کاتو حوکمدانەکان خۆیان تیایدا خزاندووە، بۆیەشـە شـیعرەکانی بەگوزارشـت کـردن لـەواقیعی بـژێوی لـەجیهانی بینـراوو هەست پێکراوی ئێمە دادەنرێت بە پەیوەندییە گشتییە هاوڕێکـەکانو ناهاوڕێکـەکان، جـا ئەگـەر ئـەم ڕوونکردنەوانـە بەشـێکی بـچووك بـن لەجیهانی گۆران، کەوا نوێنەرایەتی هێزی توانستو هێزی سووربوون دەکـات بـە روئیایـەکی هزریانـەی کـراوە لـەڕووی مرۆڤایەتییـەوە، هەروەها لەپێناوی مرۆڤەکاندا بێ، ئەوا چۆن کەسێك دەتوانـێ خـۆی

بخزێنێتــە نێــو ئــەو جیهانــە داهێنانکارییــەی، کەپڕیــەتی لــەئازارو ئەشکەنجە یاخود پڕیەتی لەبـەرخودان، وەکـو گـۆران ئاسـا کـەژیانی بریتــی بــوو لەبەنــدکردنو ئــاوارە بــوونو ڕاوە دونــانو برسـێتیو ئەشکەنجەدان. ئێمە وەکو کوڕانی گۆران پشکداری ئەدەبیمان هەیە، بەڵام ناگەینەئاستی داهێنانکاری باوکمـان، ئەمـە سـەرەڕای ئـەوەی کەئێمە لەگەڵ گۆرانی باوکمان ژیانمان هاوبەش بـووەو لەگـەڵ ئـەودا تووشی جۆرەهـا ناخۆشـی بووین،هـەر لەبرسـێتیو دەربـەدەربوونو ناخۆشــی ژیــانو تــەنگی بــژێوی ژیــان، (هــۆگرو ئــەژی) گرنگییــان بەهۆنراوە دەداو (هێرۆ)ش بەچیرۆکو منیش (شاهۆ)شتم دەنووســیو لەپاڵ ئەمەشدا بەشداری جۆراو جۆرم هەیـە لەگرنگیـدان بـەهۆنراوەو چـیرۆکو شـانۆو رەخنـەو وەرگێـڕانو گوتـار گەلـە سیاسـییەکان ، ئەمــەش شــوێنەواری زیـاتر بـوو لـەو قۆنـاغ بەندێتییــەی کەبەنـدە بەوەرچــەرخانو گۆڕانکــاری سیاســیو لەداهاتووشــدا ســەبارەت بەســەرجەم بەشـداریو پـشکداریەکانم کتێبێـك دەردەکـەم. ئـەوەی جێی باسە من(سی) ساڵ بەر لەئێستا پرسیارم لێکرا کەبۆچـی؟ مـن وەکـو بـاوکم شـاعیر نەبوومـە، وەڵامـی منـیش لـەو سـاتە وەختـەدا هێنانــەوەی بەهانەگــەلێك بــوو، بــەڵام گفتوگۆکارەکـەم دوا بـەدوای قــسەکانی مــن گــوتی: تــۆ لەبــەر ئــەوە نەبوویــە شــاعیر، چــونکە لەکوردســتان، نــەژیاوی، لەبـەر ئـەوەی مـن هـەر لەمنداڵییــەوە ژیـانم لەبەغدا بردۆتـە سـەر، سـەیرم کـرد بەهانەکـەی لۆجیکانەیـەو لـەدڵی خۆمـدا قەناعـەتو متمانەیـەکم بـەدی کـرد بـەوەی کەهەسـتم بـەو راستییانە کـرد ، کەپەیوەنـدییان بەکارلێکـەخودیو بابەتییەکانـەوە هەبوو، هـەروەها پەیوەنـدییان بـەو سـەرکوتکردنانەوە هـەبووە، کـە زۆربەی دانیشتوانی بەغدا یـاخود شـارە عەرەبییـەکان تییـادا دەژیـان

بەهۆی بەکارهێنانی توندو تیژی لەلایەن دەسەڵاتی ڕژێمی دکتاتۆری ڕووخاوەوە، هەروەها پەیوەندییان بەوەوە هەبووە کەگەڕانەوەم بۆ کوردستان بەدرێژایی ئەو هەموو ماوەیە شتێکی مەحاڵ بوو، سەرەڕای ئەوەی کەزۆرم حەز دەکرد بگەڕێمەوە ونیشتەجێ بم لەیەکێ لەشارە کوردییەکان، کەئەمەش خەونێکی گەورەو ئاواتێکی هەرە گەورەم بوو لەماوەی ڕابوردوودا هەوڵێکی زۆریشمدا، بەڵام بێ سوود بوو.

*** ئەوەی زۆر گەشە لەشیعرەکانی باوکتان ئەوەیە، کە باوکتان زۆر عەشقی ژن بووە؟ لەبەرچی؟**

– لەراستیدا ئەوەی لەجوانکارییەکانی شیعری گۆران بەدی دەکەین، بریتین لە شتەچەسپاوەکانی ناخی، کەلەئاوێنەی سروشتی کوردستان بەهەموو دیمەنە جوانو دڵڕفێنەکانی هەر لەچیاو دۆڵو ئاوەکانیدا ڕەنگی دەدایەوە، مرۆڤیش وەکو بوونەوەرێکی باڵا لەنێو ئەو بوونەوەرانەدایە، بۆیە شیعری گۆران ناوی بەوە دەرکردووە، کەهەستی ناسکی لەبەرانبەر ئافرەتدا تیایدا بەدیاردەکەوت و پلەو پایەو هێزی تەواوی پێدابوو، کەخۆی لەکەسێتی و توانستو مێینەییو کێشەی ئافرەتدا دەبینییەوە، کەئەوانە دەبوونە مایەی دروست بوونی هۆکاری سەرنج ڕاکێشانو هەڵچوونی شاعیرو شاعیرەکەشی بەرەسەنایەتی دەنەخشێ لە دەرخستنی وێنەی وەسفیی ناتەقلیدی ڕێکو پێکی ئافرەتی کوردو بڕواشم وانییە کەجیاوازیەکی ئەوتۆ لەنێوان کێشەکانی ئافرەتاندا هەبێ، جا چ ئەو ئافرەتە ئافرەتێکی تەواوو کامل بێ یاخود کچێکی تازە پێگەیشتووبێ، هەروەها بەبڕوای من، جوان بینایی من ئەندازیەك لە جوانی دەبینم هەتا ئەگەر ئافرەتەکە ناشیرینیش بێ، جوانییەك

لەناشـــیرینەکەی یـــاخود لەوێنـــە شـــێوێندراوەکەی بـــەجۆرێك لەجۆرەکانیو نابەر جەستەیە، بۆ نموونـە جـوانی وەکـو چـۆن پێـی ئاشـنابووین، کـەوا بـوو جـوانیو سـەرنج ڕاکێـشی ئـافرەت شـتێکی ئەندازییـە کـەخۆی لـەجیاوازی خـودی گۆشـەنیگاکاندا دەبینێتـەوە ئەگـەر شـیعرەکانی گـۆران بخوێنیتـەوە، نموونـە گـەلێك لەسەرسـام بوونو کاریگەری بوونی بەکچۆڵە جوانەکان بەدی دەکەیت، ئەوانـەی کـەوا لـەژیانی خۆیـدا چـاوی پێکەوتوونـە، ئەمـە جگـە لەچـامە شـــیعرییەکانی لەســـەرەتاکانی ئـــەو کۆمەڵەیـــەی کـــەناونراوبوون بە(بەهەشتی دڵ) کـەدیاریترینیان (بـۆ جـوانی سـەرەڕێ)و(بەسـتەی دڵدار) و(جوانی بێ ناو)ن. ئیلهامی شیعری ئەو چامانەی بریتی بوون لـەبینینی کـچێکی فەلەسـتینی کاتێـك کـە لەفەلەسـتین لـەرادیۆی (**BBC**) کاری دەکرد.

*** حەز دەکەین بێینە نێو دونیای سیاسەت، باشە بەڕێزتان لـەڕووی چـەپڕەوییو فیکـرەی مارکـسییەت، میراتگـری باوکتـان بوونـە؟! کەئەمەش پێچەوانەی میراتی شیعرییەکەیەتی، کەبەڕێزتان وەکو ئەو وانەبوون؟!**

– سەیر نییە ئەگەرئێمە پـەیڕەوی مانـا بـەرزەکانی ژیـانو خـەباتی گۆرانی باوکم و نەریتە ئایدۆلۆژییەکەی بکەین، کەهزری مارکسی بوو، کەبریتییـە لەکەلـەپەرو مێژوویـەکی هانـدەر بـۆ خـەباتو هـەڵاتنی سـپێدەی مرۆڤـەکان، ئێمـەش وەکـو گـەلێکی چەوسـێنراو تێزەکـانی هـــزری مارکـــسی بـــەهۆکارێکی بـــەرەنگار بوونـــەوەی ئیـــستعمارو کۆنەپەرسـتان دەژمێـرین، واتـە هۆکـارێکن بـۆ بەدەسـت هێنـانی ئامانجـە کۆمەڵایەتییـەکان بـۆ بـەدی هێنـانی ژیـانێکی مـەدەنیو دیموکراتیانـەی خـاڵی لەئیـستغلال کـردنو تـاڵان کـردنو نـامۆبوون

لەپەیوەندییە نارێکەکان یاخود ناشایستەکانو مرۆڤایەتیش بەگشتی بۆچـــوونو بـــیردۆزەی مارکـــسییان لەچـــەمکەکانی سۆشیالـــستی نەدۆرانـدووە، سـەرەڕای ئـەوەی کـەڕژێم و دەوڵەتـە ئیـشتراکییەکان نـەماونو لەناوچـوون، بـەلاّم جەدلیـەتی مارکـسی وسـەرمایەداری هێشتا یەکلانەبۆتەوەو ئەو مەسەلەیەش پەیوەندی بەیـەك نـەوەوە نییە، بەڵکو پەل دەهاوێژێ بۆ نەوە گـەلی دیکـەو بـارودۆخ وپێویـست گەلی دینامیکی نوێ، کەژیانی بژێوی دەریان دەدات.

*** لەبـەر چـی بنەماڵەکـەتان نەچـوونەتە نێـو ڕێـزی پـارتی یـاخود یـەکێتی، ئـاخۆ بـەڕای جەنابتانـەوە، دوارۆژی کـورد لـەنێو ئـەم دووحزبـەدا نـابینن؟ یـاخود بەپێـچەوانەوە پەکەکـە ڕزگارکـەری کوردستانی گەورەیە؟!**

– بـەڕای مـن پەیوەنـدی ئینتمـاکردن نوێنەرایـەتی ئـەو قەناعەتـە وەدەسـت هاتووانـە دەکـات، بەپرەنـسیپو ئایـدۆلۆژیاو بـاوەڕ بـوون پێـــیو کـــارکردن لـــەپێناوی بـــۆ وەدەســـت هێنـــانی ئامانجـــە کۆمەلاّیەتییەکان. گۆرانی باوکم شیوعی بوو، واتەئینتمای بـۆ حزبـی شـیوعی عێراقـی ئـەوکات هـەبوو و قەناعەتـەکانی مەبدەئیانـە بـوو بەوەی کەکاری شۆڕشگێڕیو هۆشیارکردنەوەی میللەت لـەدوو تـوێی پێکهێنانی بنکەیەکی جەماوەری ئامادەکراو بۆگۆڕانکـاری ئـەو هیـواو ئاواتانە بەدەست دێنێت کەمرۆڤ نرخو حەزەکانو ئامانجەکانی تیایدا دروســت دەکــات، کەبریتییــە لــەنرخێکی گەوهــەری هــەر خــەباتو تێکۆشانێکی کۆمەلاّیەتی، ئێمەش منداڵ ورۆڵەی ئەوینو سەرپشکین لەبەپەسەند زانینی ئەو بەرنامەیەی کەقەناعەتـەکانمان بەشـێوەیەك لەشێوەکان پێـی ڕازی دەبـێ، هـەر لـەژیانی باوکمـدا خـوالێی خـۆش بێ(ئەژی) لەساڵی (١٩٥٩) پەیوەندی بە(پارتی) کردو باوکیشم هیچ

ناڕەزاییەکی لەسەر ئەم کارە دەرنەبڕی، هەروەها (هۆگر)و(هەڵۆ)ش چەپڕەو بوونو(هێرۆ)ش چەپڕەوێکی چالاك بوو لەبواری مافەکانی مرۆڤ، هەریەکە لەئێمەی منداڵانی گۆران ژیانێکی تایبەت بەخۆمان هەبوو،هەروەها ئەوە لەسەر منیش جێ بەجێ دەبێتو لەگەڵ پەیڕەکردنی تایبەتمەندییەکانی ژیانو مەبدەئەکانم، لایەنگیری پارتی کرێکارانی کوردستانیم هەڵبژارد، ئەوە لەلایەنی پاڵنەرە دەروونیەکانەوە بوو نەك لەبەر چەسپاندنی هەڵوێستێکی دوژمنکارانە یاخود لەبەر کەمکردنەوەی ڕۆڵو خەباتی پارتیو یەکێتی بێ بەدرێژایی سەردەمەکانی ڕابووردوو، بەڵکو وەکو وتم پەیوەندی بەپاڵنەرە دەروونیەکانەوە هەبوو، کە لەگەڵ خواستە دەروونیەکانم دەگونجا لەهەڵبژاردنی ئەو بارەگرانە، وەکو ڕەوتو ئاراستەو بەرنامەو ڕێڕەو بەڕای منیش ئەوە هیچی تیادا نییە، بەتایبەتی ئەگەر هەموو هەولو تێکۆشانەکان برژێنە نێو یەك ڕێگاو یەك ئامانجەوە، بابۆچوونو ڕێکخستنەکانیش جیاوازبن.

لەتەمەنی لاویمدا زۆرم حەز دەکرد بچمە پاڵ ڕیزەکانی پێشمەرگە وشۆڕشی ڕزگار یخوازی کوردی ولەهەلێك دەگەڕام بۆ ڕۆیشتن، بەڵام قەدەرەکان وایانکرد کەئەم خواستە جێ بەجێ نەبێ، دوا بەدوای ئەمە چوومە خزمەتی سەربازی زۆرە ملێیەوەو زۆری پێ نەچوو بۆ نێو گاردی کۆماری گوازرامەوە، لەوکاتەدا پەیوەندیم لەهێلی سەربازی حزبی شیوعی عێراقی پتەوکرد، ئەمە لەسەر داواکاری خۆم بوو، لەساڵی (١٩٦٤) ەوە هەتاکاتی تەسریح بوونم لەساڵی (١٩٧٠)، پاشان پەیوەندیم پچڕاند، لەبەر ئەوەی هیچ دەست پێشخەرییەك بۆ پەیوەندی پێکردنم نەبوو، هەروەها بەهەمان شێوە منیش دەست پێشخەرنەبووم بۆ پەیوەندی کردن بەوان، لەبەر

ئەوەی ڕۆڵی ئەو بارەگرانە کۆتایی هات ولایەنگیریشم بۆ حزبی شیوعی ڕێی لەپتەوکردنی هاوڕێیەتی و پەیوەندییەکانم نەگرت لەگەڵ برایەکانم لەنێو پارتی لەشاری بەغدا، کاتێ کەداوای پاڵپشتیو یارمەتیم لێکردن بۆ تەقاندنەوەی وێستگەی پەخشکردنی (حریە)، کە کەوتبوە سەرڕێگای (سەلمان پاك)، کاری ئەو وێستگەیەش کە ناومان برد تەشویشی خستبووە سەر پەخشی شۆڕش، بەڵام ئەوان ئەم کردەوەیان ڕەتکردەوە بەبیانۆی ئەوەی، کە ئەمە دەبێتە هۆی لەسێدارەدانم، هەروەها لەدوای گۆڕانکارییە سیاسییەکانیش لەکاتی هاتنە ناوەوەی هێزە سەربازییە ئەمەریکییەکانو ڕووخانی ڕژێمی دەسەڵاتی دیکتاتۆر، بەشێوەیەکی بەردەوام دەچووەمە بارەگای (یەکێتی) کەکەوتبووە سەرشەقامی (فەلەستین) لەشاری بەغدا وئەو بارەگایەش بەرێکخراوی کوردە فەیلییەکان یاخود یانەی کوردە فەیلییەکان ناودەبراو بەرلەمەش بە(مونتەدای ژنان) ناودەبرا، بۆیە چەند وتارێکی سیاسیم نووسی بۆ ئەوەی لەرۆژنامەی (الاتحاد) بڵاوبکرێتەوە، بەڵام ڕووناکی ئەمو تارانەم بەدی نەکردو هۆیەکەشم نەزانیو، ئەوەشم بەیارمەتی (سەعدون فەیلی) دەناردو هەروەها چەند دروشمێکم نووسی لەبارەی یەکێتی نیشتمانیو بەهای لێبوردنو پێکەوەژیانو برایەتی نێوان کوردو عەرەبو، چوومە لای لێپرسراوی ڕاگەیاندن کە(نەوزاد ڕەفیق چالاك) بوو، بۆ گفتوگۆکردن لەگەڵیدا بەمەبەستی بڵاوکردنەوەیان لەرادیۆی (الحریە) لەبەغدا، کەئەمەش دیسانەکە بەتەوجیهی (سەعدون فەیلی) بوو، هەروەها هەر لەسەر داوای ئەو بەرێکەوتم بۆ ئامادەبوون لەکۆنگرەی شوێنەوارەکان، کە لە(شانۆی نیشتمانی) بەستراو، لەکاتی گفتوگۆکردن لەم کۆنگرەیەدا بەبێ بەڵگە هێزە نیشتمانییە

کوردییـەکان بـەدزینی شـوێنەوارو ئۆتۆمبێـلو توحفـە هونەرییـەکان تۆمەتبارکرد، لەوکاتەدا هەستام و بەرپەرچی ئەوتۆمەتە بـێ بنـەماو پووچــانەم لەســەر کــورد داوەو وتم: رێــڕەوی خەباتکارانــەو ئــەو قوربانیدانـەی بەشـەریە مەزنـەی کـورد لـەپێناوی دزینـی شـوێنەوارو ئۆتۆمبێــل نەبووە،بــەڵکو لــەپێناوی پڕەنــسیپو ئامانجگەلــە بەرزەکانــەوە بــووە، هــەروەها ئــەو هەڵوێــستەی مــام جــەلالم بــۆ باسکردن، کە لەوکاتەدا فـەرمانی کـرد، کـەوەڵامی پێداویستییەکانی نەخۆشـخانەی (یــەرمووك) بدرێتــەوە، هــەروەها هەڵوێـستی کـاك مەســعود بــارزانی کەفــەرمانی کــرد ســەرجەم شــتە دزراوەکــان کەهێنرابوونە نێو شاری هەولێر بگەڕێندرێتەوە شاری مووسڵو سـزای ئــەو هاوڵاتیانــەش بــدرێ، کەئــەوکارەیان کــردووە، لــەدوای کۆنگرەکەشـدا راپـۆرتێکم سـەبارەت بەوقـسانەی کەلـەو کۆنگرەیـە ئەنجامدرا بوون ئامادەکرد، پێشکەشی (سەعدون فەیلی)م کرد، لەبەر ئـەوەی ئـەو داوای لـەمن کردبـوو لەوکۆنگرەیـە ئامـادەبم، ئەمـەش بەڵگەیە لەسەر هاوچارەنووسی کەکوردەکان کۆدەکاتەوە، هەرچەندە ئاڕاستەو رێکخستنەکانیشیان جیـاوازبێو دواڕۆژیـش بـۆ گـشت کـورد دەبـێ، لەبـەر ئـەوە یـەکگرتووییو ئـەو مەبدەئـە مرۆڤایـەتیو ئـەو ئامانجــە بەرزانــەی کــە هەیانە،هەرچــەندە بــیرو بۆچــوونو رێکخستنەکانیشیان جیاوازبن.

*** باسی (ئەژی) برات کرد، وەکو دەزانین بەر لـەڕووخانی سـەددام، (ئەژی) بـرا گـەورەتان لـەنێو پـارتێکی کـوردی سـەربەحزبی بـەعس خەباتی دەکرد، هۆکارەکەی بۆچی دەگەڕێتەوە؟!**

– لەراستیدا (هۆگر) برا گەورەمە، بەڵام بەهۆی نەخۆشی دەروونیو خۆپەرســتیو رقو کینــەو پیــسی و مەرامــەکانی، ببوونــە کۆســپ

لەبەردەمیی، کەرۆڵێکی کارا لەبەرێوەبردنی کاروبارەکانی خانەوادەی گۆران بگێرێ. ئەژیش لەدوای هۆگر بەدووەمین کەس دێ، من ئەو پاڵنەرە راستەقینانە نازانم، کەوای لێ کردووە بەرژەوەندی و هەڵسوکەوت لەگەڵ حزبی بەعسدا بکاتو ببەستێت، بەڵام لەوانەشە لەبەر ئەو نائومێدیو بێ هیوایەوە بێت، کەتووشی هەمووان ببوو، یاخود بەهۆی پارێزگاریکردن بێ لەوەزیفەو وەرگرتنی پلەو پایە یاخود هەوڵێکی کەسی بێ بۆ تێگەیشتن لەمەرامەکانی بەعسو زانینی نهێنییەکان بۆ بەرژەوەندی بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردستان، من زیاتر بەلای ئەوانەوە دەچم، چونکە ئەقل رێ نادات کەبەبێ ئەوەی هۆگەلێکی دڵنیاکار هەبێ سەنگەری خۆی بگوازێنێتەوە، کەزۆر پێچەوانەی یەکتری. چونکە ئەو لەبەرەکانی جەنگداله(پێنجوین) لەسەرەتای حەفتاکان یەکێ بوو لەپێشمەرگە چالاکەکان، هەروەها میراتێکی خەباتگێڕی ناسراوی لای برادەرەکانو ناسیاوەکانی هەبوو، کەناکرێ ئەومیراتە لەبەرانبەر وەرگرتنی ئافەرینەکان یاخود گۆڕینی قەناعەت فڕێ بدات، وناشزانم کەپەیوەندی راستەوخۆی لەگەڵ بەعسدا هەبووبێ، بەڵکو لەرێی رێکخستنەکانی حزبەکەی (مەلا عەبدوڵڵا ئیسماعیل)و دوای ئەویش حزبی شۆڕشگێڕی کوردستانی کەهی (عەبدولستار تاهیر شەریف) بوو، ئەم دوو حزبە گاڵتەجارانەش لەوکاتەدا سەربەحزبی بەعسو دەسەڵاتی سەددام بوونە.

*** وەکو رۆشنبیرێکی دیارو بەرچاوی شاری بەغدا، سەنگی کورد لەرۆژگاری ئەمرۆکەدا لەم شارەدا چۆن دەبینی؟**

– هەبوونو سەنگی چینە کۆمەڵایەتییە کوردییەکان لەبەغدای کۆن، سەداو رەگی لەپایتەختی کاشییەکان(دور لیکالزو)ە ئێستا

بــه(عطرلــوف) نــاودەبرێ، لــەپاڵ ئەمەشــدا کــەکوردەکانی لــوڕ (فەیلییەکان) بوونیـان لەوێدا هـەبووەو هـەر لەسـەردەمی خەلافـەتی ئیسلامی لەوێدا نیشتەجێ بوونە، بەتایبەتی لەدەوڵەتی عەباسییەکان کە(ئەبو موسلمی خوراسانی) دایمەزراندبوو.

هــەروەها لەوســەردەمانەی دواییــدا لەلایــەن چــینە کۆمەڵایەتییــە رۆشــنبیرییەکانەوە نیــشتەجێ بوونــە کەلــەبواری دیراســەکردنو دانیشگاکانو مەڵبەندە رۆشنبیرییەکانی دیکە کاریان دەکرد، جگە لە پیشەی پیشەسازیو بازرگانی، بەڕای من ژمارەی کوردەکان لەبەغدا لەملیونێك تێپەڕدەکات ، سەرەڕای هەبوونی پەیوەندییە رۆشنبیرییە تەشکیلیەکان لەگەڵ کوردستانی دایك ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا زۆر پێویستمان بەوچاپانەی بزووتنەوەی رۆشنبیری و رووناکبیری هەیـە، کەبـەردەوام رۆڵـی تونـدوتۆڵ دەبـێ، لـەم رێیانـەوەش پێـشنیازی چەسپاندنی میکانیزم و تواناکان دەکەین لەگواستنەوەو وەرگرتنـی چاپو بڵاوکراوە بازرگانییە تازەکان لەشـاری سـلێمانیو هـەولێرەوەو گەیشتنیان بەدەستی خوێنەری دانیشتووی دانیشگاکانی بەغدا، ئـەو کــارەش پێویــستی بەمانــدووبوونو پــارەو پــوولێکی زۆر ناکــات بەئەندازەی ئەوەی ، کە کردنەوەی کەناڵێکی بڵاوکردنەوەیە لەشـاری بەغدا، هەروەها ئەوەش بەکارێکی پێویست دەزانم، کەڕاگەیانـدنێکی تایبەت بەکوردو زمانی کوردی و راگەیاندنێکی کوردی تایبەت بەگەلی عـەرەبی عێراقمـان هـەبێ،تاکو رۆشـنبیریو نـەریتی برایـەتی بـۆ بـرا عەرەبەکانمان پەخش بکات، تاکو فریووی ڕاگەیانـدنی دژە بەرانبـەر نەخۆن.

***حەز دەکەین دیسانەکە بگەڕێینەوە سەر گۆرانو، ئـاخۆ لـە دوای خۆی چەند کتێبو دەستنووسی بەجێ هێشتووە؟**

– کاتێ کەباوکم خۆی لەژیاندا مابوو، هەندێ لەناميلکەی شيعریو چيرۆکی وەرگێڕدراوی بەناوی (هەڵبژاردن)ەوە چاپ کران، لەگەڵ کتێبێك لەبارەی مافی چارەی خۆ نووسينو ئەمە جگە لەکارەکانی ديکەو پەخشانە نووسراوەکانی، لەدوای مردنيشی ديوانەشيعريەکەی چاپکرا، لەگەڵ بەدوا گەڕانی هەندێ چامەی شيعری ديکەی بزربوو، کەنەتواندرا وەدەست بخرێتەوە، چاپکرانی ديوانەکەشی لەسەر ئەرکی يەکێتی نووسەرانی کوردو لەکۆکردنەوەیو ئامادەکردنو لێدوانو پێشەکی(محەمەدی مەلا کەريم) بوو، کەناسراو بەوەی کەزۆر سەرکەوتووانە گرنگی بەلايەنەکانی ژيانو ئەدەبو شيعری گۆرانی داوە، بەڵام هەرچی پەخشانە نووسينو وەرگێردراوەکانە ، ئەوا لە(دەزگای ئاراس) لەهەولێر دەرچوو، کەلەئامادەکردنی خواليٚ خۆشبوو(ئوميٚدئاشنا) بوو، لەو باوەڕەشدام کەکتێبی ناوبراو هەموو پەخشانە نووسراوەکانی گۆرانی نەگرتۆتە خۆ، کەبەشی هەرە گەورەی لەلای (محەمەدی مەلا کەريم) دا بەدەست دەکەوێت.


*** لەدوماهيدا مامۆستا هيوای تەمەن درێژيت بۆ دەخوازين و زۆر سوپاسيشتان دەکەين کە هاريکاريتان کردين.**

– منيش زۆر سوپاسی ئێوەو گۆڤارەکەتان دەکەم.

*** ئەم ديدارە لە گۆڤاری پێشکەوتن ، ژمارە (١٤٣) ی جۆزەردانی ٢٠٠٦ ، ل٢٣–٢٧ بڵاوکراوەتەوە .**

ئەحمەد زەردەشت:

# ئەگەر بەعـسی بوومایـە لە ماجستێر وەردەگیرام



**ئەحمەد زەردەشت لەساڵی ١٩٥١ لەشاری سلێمانی لەدایکبووە، کۆلێژی کارگێڕی و ئابووری لەساڵی ١٩٨٧ تەواو کردووە، و لەساڵی ١٩٩٨ کۆلێژی هونەرە جوانەکانی تەواو کردووە، لەساڵی (١٩٧٤)ەوە لەبواری رۆژنامەگەری کاردەکاتو ئێستاش جێگری بەڕێوەبەری گشتی دەزگای رۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردییە لەبەغداو بەڕێوەبەری نووسینی گۆڤاری (گەرمیان)ە.**

***یەکەم کاری نووسینت بۆکەی دەگەڕێتەوە؟**

– لەساڵی ١٩٧٣ دەستم بەنووسین کرد، بەڵام لەساڵی ١٩٧٤ بەهۆی باوکمەوە کەبەعزیز رێنمایی دەکردم، یەکەم بابەتم بەناوی (هونەری وێنەکێشان) لەگۆڤاری بەیان بڵاوکردەوە.

*** لەهەولێر وا تۆمەتبارت دەکەن، کەمۆرکێکی بەعسیت پێوە دیارە، ئەویش بەهۆی ئەوەوە، کە سەردەمانێك نووسینی ستایشکارانەت لەسەر سەددام نووسیوە؟ ئاخۆ ئەمە بەویستی خۆت بووە یاخود لەژێر گوشار ئەم نووسینانەت نووسیوە؟**

– سەرەتا دەڵێم (رووبار بەدەمی سەگ پیس نابێ)، ئەگەر من بەعسی بوومایە، ئەوا لەماجستێر وەردەگیرام، چونکە لەهەر چوار ساڵی کولیە بەیەکەم دەرچووم، بەڵام لەبەر ئەوەی بەعسی نەبووم وەرنەگیرام، تەنانەت بەڕێوەبەری گشتی دەزگای ڕۆشنبیری کوردی ئەو کاتە پێی وتم بەس بۆبەعسی تەوقیع بکە وەرت دەگرین، بەڵام من وتم نەك بەماجستێر بەڵکو بمکەنە وەزیری ڕۆشنبیری قبووڵ ناکەم، ئەگەر من بەعسی بوومایە نەك ئەوسا بەڵکو ئێستاش

موقەدەرتر دەبووم، چونکە بەداخەوە ئەوانەی بەعسی بوون، ئەوا ئێستاکە لەڕیزی پێشەوەی ئیدارەی پارتیو یەکێتینە. بۆمێژووش ئەو ڕاستییە دووپات دەکەمەوە، کەلە ژمارە (١٤٠)ی گۆڤاری ڕەنگین لەبارەی ئەوەی کەکورد نوکتە لەسەر عەرەب دەکات، شتێکم لەلاپەڕە (٤) نووسی، کە لاپەڕەکە تایبەت بوو بەسیاسەتو، تیایدا لەژێر وێنەی (سەددام)و لەژێر دەستی نووسبووم (واچاکە هەر لێی بخوڕیو سەیری دەمو کاوێژی نەکەیت) بەهۆی ئەوەوە گۆڤارەکەیان کۆکردەوەو تووشی لێکۆڵینەوە هاتمو دواتر ئەم بابەتە لادراوەو هەندێ قسەی (خسرۆ جاف) یش لادراوە، سەر لەنوێ گۆڤارەکە دەرچووەو، من هەردوو چاپەکە، کۆنو نوێیەکەم هەیە.

*** بەڕای جەنابت کامە ژانر لەژانرەکانی رۆژنامەگەری (ریپۆرتاژ، چاوپێکەوتن، وتار، هتد) بەباشتر دادەنێیت؟**

– ئەمە مەسەلەیەکی نسبییە، هەریەکەو بەکاری خۆی، چونکە (وتار) دەورێکی دیاری کراوی خۆی هەیەو، ئامانجێکی تایبەتی هەیە، (چاوپێکەوتن)ئەوەیە مرۆڤێکە لەبوارێك لەبوارەکانی مەعریفی زانستی دەتەوێت بەکۆمەڵ و کۆمەڵگا بناسێنیت، (ریپۆرتاژ) شتێك لەسەر دیاردەیەك یان دەزگایەك بنووسی یاخود بروژێنی، واتە ناتوانی بڵێیت ئەمە لەئەویتر باشترە، چونکە جاری وا هەیە کاریکاتێرێك دەوری جەریدەیەکی تەواو دەبینێو دەیپێکێ.

*** ئاستی ئێستای ڕۆژنامەگەری کوردی لەبەغدا چۆن دەبینی؟**

– زۆر خراپ، چونکە تەنیا گۆڤاری (گەرمیان)و رۆژنامەی (رووناکی) دەردەچێت،گەرمیان گۆڤارێکی رۆشنبیری گشتییە،بایەخ بەدیراسات دەدات، لەگەڵ ئەوەشدا زۆر شروتی رۆژنامەگەری تێدا نابینرێت، (رووناکی) یش مایەی شانازی نییە، پڕە لەهەڵەی چاپو زمانەوانیو

دزینی بابەت لەم لاو لەولا، تەنانەت لەدەزگای رۆشنبیری کوردی لەبەغدا کادیری کوردمان نییە، بەو واتایەی کە کوردیزانی تەواوبن‌و، هاریکاریشمان لەگەڵ شارەکانی کەرکووك‌و هەولێرو سلێمانی زۆرکەمە.

*** ئەمانە بەڕستەیەك پێناسە بکە: (مەسعوود محەمەد، د.کەمال مەزهەر، مەلاجەمیل رۆژبەیانی)؟**

– **(مەسعوود محەمەد)**: چیایەکە لەبواری زمانەوانی کورددا.

**(د. کەمال مەزهەر)**: تاجی سەری هەموومانە لەبواری زانست‌و ئینسانیەتدا.

– **(مەلا جەمیل رۆژبەیانی)**: پایەکە لەکۆشکی گەلی کوردو، یەکێکە لەکەڵە پیاوەکانی بواری ئەدەب‌و زمان‌و مێژوو.

*** باسی ڕەحمەتی مەلا جەمیلمان کرد، حەز دەکەین بزانین ئاخۆ کاری تیرۆرکردنی دەکەوێتە ئەستۆی ئیسلامییەکان یاخود بەعسییەکان؟**

– مەسەلەی ئیستیخبارات لەپشتەوەی ئەم کارەوە بوون، چونکە نەیاندەویست پیاوێکی وەها دەربچێت‌و، ئیسلامییەکان ئەم کارەیان نەکردووە، چونکە مەلاجەمیل بەتەنیا لەماڵ بوو و دەرگای لەکەس نەدەکردەوە، تەنیا ئەگەر بیناسیبایەو لەکونێکەوە سەیری دەکرێ ئینجا لێدەگەڕا بچیە ژوورەوەو، ئەوانەی ئەم کارەیان ئەنجام دابوو، ئەوا موخابەرات بوون‌و کەسانێك بوون ئاشناو ناسیاوی خۆی بوون‌و، دوای ئەوەی سارد و شتیان لەگەڵ خواردبوو، ئینجا بەناشیرین شێوە شەهیدیان کرد.

*** چۆنت ڕوانییە فیستیڤاڵی ئەمساڵی بەدرخان؟**

– فیستیڤاڵی بەدرخان بوارێکە بۆ رۆژنامەنووسانی کورد، هەر هیچ

نەبێ یەکتری ببینن‌و یەکتری بناسن، بۆیە یادێکی پیرۆزە و یادی ئەو کەڵە پیاوانـە دەکەینـەوە، کەبناغـەی رۆژنامەگـەری کوردییـان دانـا، چونکە ئەوەی ئەوان کردوویان، ئەوا بناغە بوو بـۆ رۆژنامـەکانی ئـەم سەردەمە، تەنانەت هەر حەرفێکی ئەوکات بەقـەد سـارۆخێکی ئێـستا وایە، واتە گەر رۆژنامەی کوردستان نەبووایە،ئەوا هەڵبەتە ئێمـە لـەم ئاستەی ئێستادا نەدەبوین.

*** لەدوماهیدا زۆر سوپاست دەکەین.**

– منـیش سوپاسـتان دەکـەم، هیـوادارم گۆڤارەکـەتان زیـاتر پـێش بکەوێت.

* ئەم دیدارە لە گۆڤاری پێشکەوتن ،ژمارە (١٤٤) ،٢٠٠٦، ل٢٩–٣٠ بڵاوکراوەتەوە.